**چیرۆکی (زارا و شوان) لە نووسینی محەممەد قازیوەرگێڕانی بۆ کوردیحامیدڕەشیدی زەرزا**

www.peshmergekan.com

*2013-08-18*

*وەک دەزانن، خۆالێخۆشبوو محەممەد قازی کوردی ڕۆژهەڵات و لە دایکبووی شاری مەهابادو دانیشتووی تاران، لە ڕێگای پاچڤە کردنی زوانی دەرەکی بە فارسی، خزمەتێکی گەلێک زۆری بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئیرانیەکان کردوە،بە شیوەیەک،کە: لە لایان فارسەکان بە باوکی وەرگێڕی فارس ناو دێر کراوە. بەڵام ئەوەی لەم چێرۆکەدا سەرنج ڕاکیشە،ئەمەیە کە:نووسەرسنووری ئیخلاقی لە مەڕ نەمر سمایل ئاغای سمکۆ بەزاندوە. بابەتەکەشی بە ئەنقەست لە چێرۆکەکەدا جێکردۆتەوە، دەنا ئەو چێرۆکە چ پەیوەندی بەو بابەتەوەنەبووە!!.ئیدی لێکدانەوەکە بە قەزاوەتی خوێنەران دەسپێرین.ئەوەش (چێروکی زارا- شوان).وەرگێڕ.*

*بۆ پێشەکی کتێبی "زارا" یان ( ئەوینی شوان) چ شیکردنەوەو ئازەنتی بابەتێکم جوانترو خۆشکۆکتر لە وەی کە لە کتێبی بیرەوەرەی خۆم بە ناوی "بیرەوەری وەرگێڕێک" نەدۆزیەوە. دەجا بە ئیجازەی خوێنەرانی خۆشەویست هەر ئەم پێشەکییەی کە بە هۆکارو چلۆنایەتی چێرۆکی ئەم کتیبەی ئاماژە کردوە، لێرە دەیهێنمەوە:*

*لە کۆتایی خاکەلێوەی ساڵی ١٣١٨کە بەڵگە نامەی لیسانسم لە زانکۆی یاساکان لە"رشتەی قەزایی" وەرگرت، لە خەرمانانی ئەو ساڵی، لە گەڵ دوو هەزار کەس لە کۆتا پێهێنەرانی دیپلۆمە و لیسانسەی وڵات، بە فەرمانگەی "نیزام وەزیفە" ناساندرام. دیاری دا بوو کە بەو هەموو کۆتایی پێهێنەری دیپلۆمە ئاتاج نییە، لە بەر ئەمە قەرار ئەوها دانرا، لە نێوان واندا پینسەت کەس بە شێوەی پشک بۆ خزمەت لە زانکۆی ئەفسەری و کاملکردنی کادری ئەفسەر وەزیفە، بۆ خزمەت هەڵبژێرن، لە پاشماوەکە چاوپۆشی بکرێ. ئەمن خودا خودام بوو کە پشک ناوی من هەڵنەگرێ و لە خزمەت چاو پۆشیم لێبکرێ و ببخشرێم. چونکە جگە لە وەی چاو پۆشین کارتێکەریەکی زۆری لە چلۆنایەتی ماڵی من دەبوو، ئەگەر ئەو کەڕەت ڕزگارم بوایە لە دەورەی دووەم بۆخۆم دەکەوتمە خانەی چاو پۆشی و ئیدی پێویست نەبوو دوو ساڵ لە تەمەنم بە هیچ و خۆڕایی لە خزمەتی عەسکەری بی پوڵ و پاروە و دەسحەق لە دەست بدەم.*

*دوعاکەم قەبووڵ نەبوو، ناوم لە ڕێزی سەربازان نووسرا. دیاریدا سەر باز وەزیفەی حەوتی پیادەی زانکۆی ئەفسەریم، لەو سەر دەمدا دیپلۆمەو لیسانسە دەبوایە ساڵێک لە زانکۆ بە دەرجەی سەربازی سفر خزمەتیان کرد بوایە و حاملاندن و ڕاهێنایان لە یەکێک لە بەندەکانی چوار یانی: سوارە، پیادە، تۆپخانە و کارو باری ماڵی ببینن، پاشان لە ساڵی دووەمی خزمەت، دیپلۆمەکان بە پلەی ستوان سەومی و*

لیسانسە بە پلەی ستوان دووەمی دەگەین و ساڵێک دوایی خزمەت ئیدی پاشماوەی خزمەتیان لە یەکێک لە"واحدەکانی نیزامی" ناوەندی" یان شارستین بە کۆتایی بگەێنن.

رۆژی دووهەمی خزمەتم پینج شەممۆ بوو، کە لە لایەن زانکۆی ئەفسەری پێرستی کەلوو پەلوو ئاتاج پێیبووم، بۆ چوونە قازخانە گرتەوەو دامە دەستیان و لاقیان لە سەر قرساند کە هەتا ئێوارەی رۆژی هەینی کە بۆ زانکۆ دەگەرێمەوە، دەبێ ئەو کەلوو پەلەم کرێبێ‌و لە گەڵ خۆم بۆ زانکۆی بێنم.

ئەم پێرستە هەڵگری شتوومەکی کەسینی بریتی لە: مەلافەو حەولەو سابوون و گورەوی‌و میسواک‌و هەویری ددان‌و دفلۆک، پاوەرە، شتوومەکی ردین تراشین جووتێک سۆل‌و چەکمەی شێ‌و بۆیاخ‌و شتی تر بوو. بەو جۆرەی کە دۆستانی ئامناس باسیان لە قیمەت و چلۆنایەتی بازار دەکرد، کرینی ئەو شتوومەکە لە سەر یەک پەنجاه تومانی دەویست(بیری ئەو کات بەخیر کە ئیستا ئەوکەلووپەلە بە ١٠٠هەزاریش ناکرێ).

و بازێک لە لاوەکانی شارستێن بەو هۆیەو کەوتبوونە دڵەخورپە، چونکە پارەی ئەو شتوومەکەیان نەبوو، بەڵام ئەمن لەم بارەوە فکرم ئاسوودە بوو،چونکە لە ماوەی ئەو چواردە مانگە، خزمەت لە شالیاری دەرەوەی وڵات، و حەفەدە مانگ خزمەت لە شەریکەی"موتوردار" ئەوەندە پارەم لە لای مامم پاشەکەوت کرد بوو کە چەند بەرابەری ئەو پارەیە بوو.

وەبیرمە کە ئێوارەی پێنج شەمۆ کاتێک گەرامەوە ماڵ، مامم تازە لە خەو هەستا بوو. نازانم لە سەر چی قەڵس و تووڕە و نێوچاوان گرژ دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەمن نالە بار بوونی چاخەکەم بۆ پێگوتنی مەبەستەکەم لە بەر چاو نەگرت. پێرستی ئەو شتوومەکەی کە دەبوایە کرپیبوام لە پێشم دانا و گوتم دەبێ هەتا سبەی ئێوارە بیانکرم و لە گەڵ خۆیان بۆ کالێج بەرم و بە ئەفەسەری پەیوەندیداری نیشاندەم دەنا زیندانیم دەکەن و خوا دەزانی چیم بە سەر دێنن. مامم پەرسفی نەدایەوە خەریکی رۆژنامە خویندنەوە بوو. مەبەستەکەم دوو پات کردەوە و بە مکوڕ و سوور بوون لە سەری داوای پارەکەم کردەوە، هەتا ئێوارەی ئەو رۆژی بچم و بینانکرم. بە ناقایلی لێپڕوانیم و گوتی: هەنووکە پارەم نییە،کاتم مەگرە!

گوتم ئەمن ئەو هەموو سەر دەمە، لە شالیاری دەرەوەی وڵات و پاشان لە شەریکەی "موتۆڕدار" کارم کردوە و پارەکەم هەموو لە لای تۆ داناوە بەو هیوایە کە لە رۆژێکی ئەوهادا بتوانم لە پارەکەم کەلک وەرگرم و ئاتاجی خۆمی پێ چارەسەر کەم. بۆخۆشت هەمێشە هەر ئەوەت فەرمووە. ئێستا کە داوای پارەکەم بۆ شتوومەکی زانکۆ دەکەم، دەفەرمووی بویەتە، چلوومل!؟

بە تووڕە بوون، رۆژنامەکەی بۆ لام من تورهەڵداو قیژاندی:

حەرامزادەی سپڵە،ئەوە بەو قیچە پارەیە باخ بوویەتی؟... ئەمن زۆر پتر لەو پارانەم هەر سەرفی تۆیی جاشک کردوە، ئێستا بیشەرمی تۆ بە رادەیەک گەیووە کە ئەمن قەرزداری خوت بکەی؟ نان‌و نمەکی من بتگری! برۆ فندوور بەو لە بەر چاوم ون بە !!

بە دڵ ئێشاوی هەستام و لە هۆدە چوومە دەر. قەت چاوەروانی گەپچان(برخورد) و شێوازێکی ئەوهام لە مامم نەبوو. ئەمن لە کوێوو خاوەنقەرز لە کوێ! ئەمن لەو هەموو پارەیەی کە لە لای ویم پاشەکەوت کرد بوو، تەنیا پەنجاە تومانم لێدەویست کە بچم لەو موڵەتەکی کورتی ئێوارەی پێنج شەمۆ و سبەی هەینی، ئەو شتوومەکەی کە پێویستە بیکرم. وەبیری شانۆیەکی ئەوها کە بۆ خودی مامم لە سەردەمی قوتابی بوون لە مزگەوتی "شادرویش" لە گەڵ باوکی بۆی هاتبوو پێش، کەوتمەوە.

لە مال وەدەرکەوتمو بەرەو شەقام کەوتمە رێ. مرۆڤانی سەردەمی کەونارا، لەو جۆرە بەسەر هاتانەدا بەرەو ساراو چۆلگە، سەریان هەڵدەگرت و دەرۆیشتن، بەڵام ئەمن لە شەقام بە دوای دۆزینەوەی دەرمانی دەردی خۆم بووم. سەرەتا ئەمە لە فکرمدا گورا کە بۆ کردنەوەی ئەو گرێپۆچکەیە برۆمە لای دوو کەس لە دۆستانم و ئەو پارەیە لە وان قەرز کەم، بەڵام هەر چەند رەفیقانی من لاوی خوینگەرم و بە موحیبەت بوون، بەڵام دەمزانی کە  ئەو پارەیان نییە کە یارمەتی بە من بکەن. لە ناکاو شتێکم بە مێشکی داهات وەبیری بنکەی بەڵاقۆکی ئەفشاری لە پامتارکەوتم.

نوقمی ئەو هزرە بووم کە چلۆن سەری قسە لە گەڵ ئاغای ئەفشاری بکەمەوەو بە داتاشینی چ بینوو بەهانەیەک دەتوانم ئەو پوولە لە وی قەرز کەم. کە لە پڕ لە شەقامی "چراغی بەرق" لووتوو بزووت تووشی کابرایەکی کورد بووم و سەڵاوی کردو بە زوانی کوردی حاڵی پرسیم. راوەستامو بە زبانی کوردی دەستی بە خۆش و بێشی کرد. دیاری دا کە هاوشاری خۆم یانی دانیشتووی مەهابادە. یەکەمین پرسیاری ئەوە بوو شوکری خوای زوانی کوردیت لە بیر نەچۆتەوە. ئەمن کاتی ئەو خۆشی و بێشیەم نەبوو،ئەوە بوو ویستم کە خیرا مەبەستەکەی وەرگرم خواحافزی لێبکەم. بەڵام ئەو بەری نەدەدام، پسیاری کرد ئاخۆ ئەمن دەناسی؟ گوتم :نا، وتی: ناوی من مشیرییە و ئەمن ئەتۆ زۆر باش دەناسم. بێگومان دەزانی کە لە باشووری مەهابادوو لە خوارەوەی کێوی خزالی، مووچەیەک هەیە بەم نامە. رەحمەتی باوکت ئەو مۆچەیەی لە باوکم کرِی، بەڵام چوار سەت تومەن هەر لە لای ماوە، هەتا ئەمری خوای کرد. دەجا چونکە ئەتۆ ئەولادی وی، دەبی ئەتۆ ئەو پارەیە بدەیەوە، هەتا ئەمن بە حەقی خۆم بگەم و رووحی باوکی تۆش لە عذاب دا نەبێ، بە سانایی بۆ بهەشت بڕوات. بەڵگەی نامەی بە خەتی ویش لە لامە، کە پارەکەت داوە وێت دەدەمەوە.

لە کەش و هەوایەکی ئەوها لە فکر دابووم لە کوێ ئەو پەنجاە تومانە پەیداکەم قوت بوونەوەی ئەو کابرا مەسخەرەیەو چێرۆکی قەرزی باوکم لەو حاڵی پۆشەکاوی قەڵس و بێحوسەلە بۆ پێکەنییش دەبوو، کە زەردە پێکەنێکی تاڵم هاتە سەر لێوو گوتم: یەکەم ئەمن شتێکم لە ئیرسی باوکم وەچەنگ نەکەوتوە کە بە پێویست بزانم قەرزی وی بدەمەوە، دووەم ئەو مووچەیەی  کە جەنابت باسی لێدەکەی ئەمن بینیومە،

جیا لە بەردو مار شتێکی دیکەی نییە. سوەم: دەزانم چ بەهرەیەکی لە مۆچەی خزاڵی وەدەست نەهێناوە کە گیانی لە عازاب دابێ و شولەو زمەی تۆ بێ، دەجا زۆر بە هاسانی بۆ بهەشت دەڕوات،چوارم ئەگەر لە سەر قسەکەت هەر سووری کە دەبێ ئەو پارەیە بدەمەوە، ئێستا ئەمن قوتابیەکەی بیکارم و پارەیەکەم نییە کە بێدەم بە تۆ،وەرە لوتف بکەو پەنجاە تومانم بە قەرز بدەیێ، هەتا قەرزەکە ببێ بە چوار سەت و پەنجاە، هیوادارم کاتێک بووم بە ئەفسەرپارەم هاتە دەست، لە یەکەمین هەلوو مەرجی ڕەخساو پۆڵی جەنابت بدەمەوە و ئەو قەبزەی چوار سەت تومانی باوکیشم لە جەنابت وەرگرمەوە.

ئەو کەڕەت نۆرەی ویبوو کە وەقسە بێتو بە پەیڤینی من پێبکەنێ. پێوابوو ئەمن جەفەنگی لە گەڵ دەکەم وگوتی: ئەمن بە هۆی بار سووکی گیانی باوکت بوو کە گوتم ئەتۆ قەرزەکەی بدەوە، ئیدی خۆت دەزانی و خودای خۆت.

گوتم هەنووکە سوکباری گیانی خۆم لە ئی باوکم بە واجبتر دەزانم، هەر چەند بۆشم هەڵناسووڕێ، مەگین جەنابت پەنجاە تومانم بە قەرز بدەیی. قسەی دواییني هەڕەشە بوو ئەگەر سکاڵام بە دادگەری دا، دڵت نەئێشی. وادەم پێدا کە هیچ کات لەو بارەو دڵم نائێشێت. باشبوو بێچەقەو هەرا لێتر جودا بوینەوە، قەرار وابوو لە تالاری دادگری یەکتر ببینینەوە.

سەرەتای ڕۆژ ئاوا بوون بوو کە ئاغای ئەفشاریم لە سەر کورسی دەسەڵاتداری لە ناو دووکانی کتێب فرۆشیەکەی بینی. پاڵشای بێ تانج و تەخت بوو، وەک پاشای کتێبی"شانزە کوچلوو"هەتا حەوسەلەشی نەبوو. تەنیا مشکەکانی کتیبخانەکەی دادگایی دەکردو دەکوشت. بەبینیی من زۆر هەستی بە کەیفی سازی کرد، چونکە هەتا ئەو چاخ دوو وەرگێڕانم بۆ کرد بوو، ئەو هەر دووکی چاپ کرد بوو، لە فرۆشتنیان ڕازی بوو. یەکیان" سناریۆی ئەزدن کیشوت" کە بۆ فیلم هەڵگرتنەوە ئەنجامی گرتبوو، ئەویدیکە"کلودو ولگرد"کورتە چێرۆکێک لە "ویکتورهوگو" ئەم دووە مەشخ و هۆژانی من لە ئیشی وەرگێڕان بوون.

پرسیاری کرد وەرگێڕاوی تازەت بۆ هێناوم؟ گوتم :نا. کاری تازەم نەکردوە بەڵام گەڵالەیەکم هەیە کە بۆخۆم کورتە چێرۆکێک بنووسم، لە پێشدا خۆشحاڵ بوو پرسیاری کرد هەتا هەیڤەکی تر حازر دەبێ؟ گوتم پانزدە ڕۆژی دیکە تەسلیمت دەکەم. لە قسەکای بەردەوام بوو: ئاخۆ بۆ ژمارەی تر دەگاتێ، پیسیارم لێکرد مەسەلە چییە؟ گوتی مەگین خەبەرت نێیە؟ ئەوە دوو مانگە کە هەر مانگێ کورتە چێرۆکێکی شیست لاپەڕە، بریتی لە وەرگێڕان یان نووسین بڵاو دەکەینەوە. چێرۆکی تۆ ژمارە مانگی داهاتوو پڕ دەکاتەوە.

لە ڕادەی قیمەتم پرسیار کرد؟ گوتی چل تومانە، و پانزدە ڕۆژ دوایی بڵاو بوونەوەی پارەکەی دەدرێ. گوتم: ئەو چێرۆکەی کە ئەمن دەمەوێ بێنووسم ناوەکەی "زارا"یان( ئەوینی شوان)ە ئیلهامێکە لە مەسەلەکی ڕاست و سەرسوڕ هێنەرە کە لە کوردستانی ئیمە ڕویداوەو بە ڕاستی پەنجاە تومان دێنێ. قەبوولی کرد بەو مەرجە بۆ ژمارەی داهاتوو بگاتە دەست.

ئەو جار باسی گیروگرفتی خۆم و ئاتاج بوونم بە پارە بۆ شیکردەوە و داوام لێکرد پارەم لە پێشدا بداتێ، هەتا بتوانم شتوومەکی پێویست بۆ کالیجی ئەفسەری بکڕم. پۆلەکەی دامێ و ڕەسیدی بەرعودە بوونم دایەو وەدەر کەوتم. لە خۆشیان پێم وەهەردی نەدەکەوت.

بەیانی رۆژی هەینی دۆستی هاودڵی خۆم"تەقی غەفووری" ڕووحی بە بەهەشت شادبێ، هەڵگرتوو پێکەوە بۆ بازێر چووین. تەواوی ئەو کەلوو پەلەی نووسراوم کڕی و پێنچ شەش تومانیش زیدە بوو کە قەرار بوو وێگرا سەرفی کەین.

ئێوارەی هەینی چاخێک بە دەستی پڕ بۆ زانکۆ دەگەڕامەوە، دەپاڵخۆمدا هەستم بە سەرکەوتن و مەغرووری دەکرد. چونکە توانیبووم بێ ئاتاج بە مامم تەنیا بە یارمەتی"زارا" ئەوهەی پێویستم بوو سەرو بەری بکەم. وێرای ئەوەش بە وادەی خۆم وەفا کردو لە سەر ئەو هەموو تەنگەژەو هەڵلا و هەنگامەی بەردەوامی زانکۆی ئەفسەری،لە ماوەی پانزدە ڕۆژ دا چێرۆکی "زارا"م گەیاندە دەستی ئاغای ئەفشاری وکتیب لە سەرەتای ساڵی ۱۳۱۹ی هەتاوی چاپ کرا.

لەم ڕۆژانەدا کاتێک پاش تێپەڕ بوونی پەنجاه ساڵ بە سەر ئەو ڕێکەوتدا مدیری موحتەرەمی بڵاو کراوەی هیدایەت مەیلی لە چاپی دانەوەی سەر لە نوویی ئەم چێرۆکە، یان ئەو ڕووداوە ڕاستەی فەرمووە. بەڵام ئەمن لە وانم ویست ئیجازەم پێبدەن بە سەریدا بچمەوە و هەڵەکانی هەڵگرمەوەو پەڵەکانی پینە کەم. ئەو کارەشم لە ماوەی حەوتوەک ئەنجام داوەو پێویستیش بوو هەڵەکان هەڵگێڕێنەوەو شێووازی نوسینەکەش کە لە ماوەی پەنجاه ساڵ لە گەڵ ئەمرۆ تەوفیری هەیە، هەر وا ئازەنتی و لی زیدەکردنەکەشی بۆ جوانکاری چێروک دەسەر کردەوە. ئێستا بە لوتفی خودای هیمەتی "ئینتشاراتی هەیدایەت" کە کاری کامڵکردن و داهێنان و داهاوردن و بڵاو کراوی ئەفشاری پەنجاه ساڵ پێشترە، چێرۆکێکی ڕاستی و سەر سووڕ هێنەری زارا(یان ئەوینی شوان)لە دوایی پەنجاه ساڵ لە گۆڕی لە بیر چوونەوە دێتە دەرو بە بۆچوونی خوێنەرانێکی کەم، کە ئەو کات و چاخ ئەویان خویندبۆوە، نەسلی تازە کە بە هۆی دەست وێرانەگەیشتنیان سەرکەتوو بە خویندنەوەی نەبوونە، دەگات. هیوادارم وەبەر سێرەی ئەنگاوتنی هەست و ئیحساسی پاکیان، بە شتێکی پەسەند قەبوولی فەرمون و بەم خاڵە ئیمان بێنن: لە شوێنێکدا کە ئەوین حوکمڕانە، ئاوەز چ کارە نییە!...

بە هر کشور قدم زد مرکب عشق

امیر عقل فرمانی ندارد.

محمەد قاضی.

١-ڕۆژێکی گەرم لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی پۆشپەڕ بوو،ئەگەر سۆزەیەکی نەرم و هێدی و فێنک لە لای باشوور تێیێ هەڵینەکرد بوایە گەرمای هوا باشار نەکراو دەبوو. قادر، شوانە جوانچاکەکەی گوندی "حاجی ئاوا" میگەلە مەڕو بزنەکانی ئاوایی لە ئاربەشک و ڕەپەڵگاکان ڕادەیەک دووری کویستاندا گەڕاند بۆوە و لە ڕەخ خیزەڵانی "سیمنە رود"(تاتاهۆ)،نزیک ئاوایی ڕاگرتبوو، هەتا کوو کەتە پەزەو بزنەکان ئەگەر تێنوویان بێ ئاو بخۆنەوەو تێنویەتیان بشکێنن. ئەو جار ژنک و کێژۆڵانی دێ بۆ دۆشینی شیری پەزو بزنەکانیان بێن. نێزیکەی نیورۆ بوو قادر چرکە بە چرکە چاوەکانی لە ڕێگای پڕ لە گەوەو خوارە پێچی گوند بڕیبوو هەتا ببینی کەنگی سەرو کەلەی بیریەکان لە پشت مێشەڵانی قەراخ چەم وەدەر دەکەوێ.

گوندی حاجی ئاوا،لە دیهاتی کورد نشیی ناوچەی ئەختە چی مياندواو، ناقبەینی چرکە کاتژمێرێک بە پێی پیادە بوو، قادر، لە پشتەوەی مێشەلانەی چڕ و پڕ مێگەلە مەڕی مۆڵدا بوو،جگە لە چەند ماڵی کچکەی بە قوڕ دورست کراو کە دواین ماڵی گوندەکە بوو، شتێکی تر وەبەر چاو نەدەکەوت.

هەر سێ گەماڵی مێگەڵ بە هۆی تینی گەرما، زبانیان دەرکێشا بوو، هاهاین دەکردو لە سەر خیزڵانی چەم وەرکەوتبوون.

شوانی لاو،لە حاڵێکدا کە چاوی لە ڕێگای ئاوایی بڕیبوو لە ناو خەیاڵێکی تاڵوو دوروو درێژ دا نوقم ببوو. جارو بار لە ناو پەزەکان کە لە سەر خێزەلانی چەم درێژ ببوون کاویژیان دەکرد، پیاسەی دەکرد،و لە یەک یەکی وان خورد دەبۆوە هەتا ئەگەر ئاهۆیەکیان لێ بدۆزێتەوە بکەوێتە فکری چارەسەریان، جاری واشبوو بۆ لای سەگەکان دەهات، پێی لە سەر ئەستۆی هەر کامیان دەخشاند بەو شیوەیە دەیلاواندەوە. هەر سێ سەگی بە وەفاش بەو لاواندنەوە کەیف خۆش دەبوون‌و وەنەشە دەهاتن و ملی خۆیان بە بۆنەی سوپاس و پیزانین خوار دەکردەوە، کلکیان ڕادەوەشاند و لە ڕەنگ و ڕووی خەمگینی خێوی خۆیان بە تاساوی دەڕوانی.

گوتم قادر، لە ناو پیاسە و چاوەڕوانی هاتنی بێریەکان،لە ناو خەیاڵی تاڵوو دوورو درێژی خویدا لە فکر ڕۆچوو بوو. ئەو ئاکارو هزری زۆر تر سەبارەت بە چلۆنایەتی ژیانی کەسینی خۆی بوو، هەر چەند ژنێکی باش و بە وەفای بە ناوی خاوەر هەبوو، لەو ژنە خاوەنی دوو منداڵ بوو، بەڵام دڵی لە گرەوی ئەوینی کێژێکی جوان بە ناوی زارا، کچی یەکێک لە وەرزێرانی دی نابوو، لە سەر ئەوەشرا کە ژن و منداڵی هەبوو بەو هەموو تەنگەژەی ژیان بە هەبوونی ژنی دیکەش نەیدەتوانی ئەو فکرە خاوو ناوێنەچووە لە دڵی خۆی دەر باوێ و لەو ئەوینی ناوەخت دەست وەکێشێ. خاوەری بەستەزمانیش، یان لەو ئەوینی دوارۆژ تاڵی میردە بێوەفاکەی ئاگادار نەبوو، یان دەیزانی و نەیدەوێرا سەری هەڵداتەوە وەسەرە خۆی بێنێ و گازندە بکات، چونکە ژن لە کۆمەڵگای پاشکەوتووی کورد بە داخەوە، لە هیچ کام لە پلەکانی جەماوەریدا مافی خۆ نواندن و بەرگری و دیفاع لە خۆی نییە، و بۆ مێردەکەی وەکوو ملکێک وایە کە شەشدانگی لە ئیختیاری ویداو چۆنی پێخۆشبێ بە هەر شیوەیەک مەڕاق و مگێزی لێبێت هەڵیسووڕینێ.

لە حاڵێکدا کە قادر لە ناو دڵی خویدا نوقمی ئەو فکرە ناخۆشانە ئازار دەر بوو، بە ڕەواڵەت خۆی لە گەڵ ئاژاڵوو سەگەکانی دەخافلاند کتوو پڕ شەبەق و ورشەی جلوو بەرگی بێریەکان لە دواییین ڕێگای باریکی "حاجی ئاوا"چاوەکانی بە خۆوە حەپەساند و شوانی گەنج و جندی لە بەستێن وگێژاوی چاوەڕوان وەدەرکەوت. لە دوورەوە کراسەکانی سپی و زەردو قەنەوزو سوورو عابی وکەسکی ژن و کێژۆڵانی بێری ئاوایی کە بۆ لای میگەل دەهاتن، شێوەی تەونی کۆلکە زێرینەی بە خۆوە گرتبوو، کە دڵی کزو پڵمە ژیاکی شوانی ڕوون کردەوە.

لەو کات و سات، قادر کە لە خۆشی وەنزیک کەوتن و بینینی زارا ورووژاو ببوو، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ و فکری لێبکاتەوە کە ئیشیکی ناحەزوکرێت دەکات، مەڕەکی سپی کە گویچکە ڕەشەکانی ئەویان لە پەزەکای سپی دیکە جیاواز کرد بۆوە لە ناو میگەڵ هێنا دەرو لە ئامێزی گرت و یەک بە دوای یەکدا نێو چاوانی ساف و سپی وی دە ماچ گرت. دوایی مەڕەکەی بەرداو چاوەکانی بە ناو بێریەکاندا کە دەهاتن نزیک دەبوون سوڕاند و چرکەیەک دوایی، ئاخێکی ساردی لە ناخی دڵ هەڵکێشاو لە بن سێبەری دارە چنارێکی ڕەخ خێزڵانی بەستێن، بە چاوەڕوانی بیریەکان دانیشت.

چەند دەقیقەی نەکێشا کە دەنگی پێی بێریەکانی دێ، لە سەرەوەی سەری خۆی بیست و وەخۆ هاتەوە. لە جێی خۆ هەستا بەرەو پیریان چوو. ژن و کێژەکانی خۆشکۆکی بێری بە دونیایەک ڕاست و دورستی ئاسایی، مەڕ دۆشەکانیان لە سەر سەریان هێنایە خوار، سەڵاویان لە قادر کردو خۆش و بێشیان لە گەڵ کرد.

کێژێکی بێری بە ناوی مریم، کچی سۆفی حوسین،خوێن شیرین و وروژاو کە دونیایەک بەتفەری چڵکەفیکان و سەگایەتی لە بن سەرو ژیر قەڵافەتی سادەی خۆیدا شارد بۆوە بە زەردە خەنەکی مانادار بە قادری گوت:

هاکاک قادر،چ خەبەرە؟ بەینێکە بە خەمگین و عێجزو جاڕزو بێ حەوسەلەت دەبینم؟ مەگین خوا نەخواستە شتێک قەوماوە؟

کاک قادر،لە سەر بەردی پاڵێن(بەردە بێر) وەکوو وی کە گوێ لێنەببێت یان لە پرسیاری مریم حاڵی نەبێت، هەموو بیربڵاوی و ڕوانینی دەبەر گرتووی ئەو کیژی جوان و کراس سپی بەژن باریکی کز بوو، کە لە بن چاو لێی دەڕوانی، بەڵام لەو نێوە دا چاوی بە دوای مەڕەکای خۆشی دەگێڕا هەتا خەرێکی دۆشینی وان بێ ،وڵلامکی وەوی نەداوە.

مریم بۆ ئەوەی زۆرتر گەمە بە کاک قادر بکات و ئەوی وەقسە بێنێ، دیسان هەودای چڵکەفیکان وشەیتانی خۆی وەدەست گرت و گوتی: وا فکر دەکەم دیسان وەرزێرەکان حەقدەستی شوانیان نەداوە، یان خێزانت خاوەر لە گەڵت بە کێشە هاتووە،وا نییە؟

ڕەنگی خاور،ژنی قادر لە بیستنی ئەو قسە سوور هەڵگەڕا، بە دزی چاوی لە قادر کرد هەتا لە بیچم و چڕو چاوی وی، بۆچوون وگومانبردنێک سەبارەت بە مانای ئەم پەیڤینە بزانێت، بەڵام هیچی نەگوت. قادر لەم بارەوە کە خێزانی لە ناو بێریەکان بینی کەمێک خۆی خڕ کردەوە و پۆزی لێدا،بەڵام وردە وردە کاتێکی دەیبیی کە هەموو بێریەکان بە کاری مەڕدۆشین خافڵاون خۆی لەوکیژی بەژن باریک نزیک کردەوە،لە پێشت سەری ڕاوستاو مەحوی تەماشای چاوەکانی ڕەش‌و ڕوخساری جوان و بێگەردی بوو. کێژی جل و پۆشاک سپی دوایی چەند دەقیقە، سەری هەڵبڕی و زەردەخەنەیەکی شیرینی لە رووی قادر هاتە سەر دەمە خونچەکەی. دیسان سەری داخستەوەو خەریکی شیر دۆشین بوو.

قادر چاوێکی بە پارێزی دیکەی لە مێگەڵ و بێریەکان بڕی،کە کاتی بە لەبار زانی گوتی زارا: ئاخر نەتگوت باوکت لە بەرچی لە گەل پەیوەندی زەماوەندی ئێمە دژایەتی دەکات و رازی نییە.

زارا، ئەو فرشتەی سپی پۆش لە شەرم و خەجاڵەتی ڕوخساری وەک گوڵ سوور هەڵگەڕا .

زارا لە وەڵامداگوتی:قادر، گوێبگرە: باوکم  چ کاتێک لە گەڵ زەماوەندی من و تۆ موافیقەت دەرنابڕێ، چونکە جگە لە وەی کە تۆ هەژارو بەلەنگازی و چ سەروەت و ماڵ و سامانت  نییە، ژن و مناڵیشت هەیە، ئەو جار ئەمنی بە مەجیدخانی کوڕی خاوەن مڵکی دێ قەول داوە کە بە ویم بدات.تۆزی بوڵێڵی و حەسرەت دەردێکی سەر هەڵداوە لە خەمی ئەو پەیڤینە روخساری ورووژاوی قادری وەبنە خۆیدا بێ ئەوەی بیهەوێ گوتی:

زارا، ئەمن گویم بەو قسانە قەرزدار نییە ونابزوێ ،یان ئەتۆ دەبێ لە گەل من بێی و هەڵت گرم و بۆ شوێنێکی دوور بڕۆین و ژیانی تازەمان دەست پێبکەینەوە، یان ئەمن ئەو دەسگیرانە، بە زۆرەملی تۆ دەکوژم بە تەنیا هەڵدێم. لە بەر ئەمە باش فکر بکەوە ڕازی مەبە کە ئەمن دەست لە کارێکی ئەوها شێتانە بدەم.

زارا، کە یەکجار ناراحەت و پەریشان ببوو سیلە چاوێکی بە دەورو بەردا گێڕا و پاشان گوتی: کوڕە، ئەتۆ مەگین شێت بویە؟ چلۆن دەشێی کوڕی ئاغای بکوژی و بە ساخ وسەلامەتی بۆی دەرچی؟ ئەگەر بە خۆت رووحم ناکەی! هەر نەبێ بە مناڵاکانت ڕوحم بکە!  ژنی ئەوها باش و نەجیب و مێهرەبان و بە نامووس و ئابڕوو خاور،چ ئیرادو عەیبەکی هەیە. کە دەتهەوێ ئەمن بێنیێ!؟ وەرە پیاوی چاک بە، ئەو خەیاڵە خاوە لە سەری خۆت دەر باوێ و لە خۆڕا هۆکاری بەد بەختی و چارە ڕەشی و  ئاوارەیی بنەماڵێکی بەلەنگازو بێتاوان مەبە!!

قادر گوتی: زارا-ی ئازیزم، پێویست نییە ئەتۆ ئەمن نسحەت بکەی. ئەگەر ئەتۆ بە ڕاستی ئەو وادەی سێ مانگ پێشتر لە سەر کانی بە منت  دا، بە دڵنیایەوە لە سەری ماوی و پێداگری دەبێ لە گەڵم بێیێ، ئەگەر پەژیوانیش بۆیەتەوە زوو پێم بڵێ هەتا ئەمن لە خۆم حاڵی بم.

بیچم ڕوخساری زارا لەم قسە کەمێک تێکچوو،چاوێکی بە سەر سورمان لە شوان بڕی وگوتی: ئەمن لە سەر قەول و وادەی خۆم دایم و دەرهەم هەم و دەمێنمەوە. تەنیا لە خەمی چارە ڕەشی دوایی تۆو بنەماڵکەت دەکەم کە ئاخۆ چیان بە سەردەیت. چەند ڕۆژ لە مەوەبەر کاتێک باوکی پیرتم بینی کە لە گەڵ باوکی من سەبارەت بە خوازبینی من و تۆ پێکەوە قسەیان دەکرد باوکت لە سەر موکوربوونی شێتانەی تۆ لەمبارەو فرمێسکی هەڵدەڕشت، ئەمن بی ئەوە ئاگام لە ئاخافتن بی ئەسرینم لە چاو لوزەوی بەست و دەستم بە گریان کرد بە ڕادەیەک دڵم سوزیا کە لە تۆ چ وەشیرم هەتا ڕادەیەک لە وادەوپەیمانی لە گەڵ تۆ و بە تۆم دابوو پەژیوان بووم. بەڵام چیکەم چاخێک کە تۆ دەبینم و چاوم وە ڕەنگ و ڕووی ئاڵۆزو تێکچووی تۆ دەکەوێ ویژدان و ئینسانیت لە بیر دەبەمەوەو بیری چار ڕەشی بنەماڵەکەت و بەدختی خیزانت خاوەرو منداڵەکانی بێ تاوانت لە پەڕی دڵم ڕەش دەبنەوە. لە هەر حاڵدا مەسەلەی پەیوەندو خوازبیی من شتێک نییە کە ئەوها سووک و سانایی بێ ،و چارەی بۆ بدۆزرێتەوە .!!

قادر،چرکەیەک بۆ فکر کردنەوە بەم پەیفینە بێدەنگ بوو و دوایی گوتی:

زارا گیان، نەزانست و وەباڵبەزی کار لەمە دایە کە هەموو بە گشتی پێیان وایە وا فکر دەکەنەوە کاتێک ئەمن تۆم هێنا، خاوەر بەرهەڵلا دەکەم و ئەو بە تەواوی چارە ڕەش و ئاوارە و بێکەس دەبێ، لە حاڵێکدا ئەمن بە پێچەوانە فکر دەکەمەوە، هاتنی تۆ بۆ ماڵی ئێمە، دەبێتە ئاسوودەیی وی و ئەتۆ لە کارو باری ماڵ و حاملاندن و ڕاهێنان و پێگەیاندنی مناڵەکان بۆ وی یارەیدەریکی گەورە دەبێ.

زارا، بەم قسەیە بەرمزەیەکی گاڵتە جاڕی هاتە سەر لێوان و گوتی: کوڕی چاک،ئەتۆ لە بیر مەکە یەکێک لە مەرجەکانی باوکم لە قبوولی خوازبینی من، مەسەلەن وا دابنیین کە ڕەزایەت بدا. ئەمەیە کە ئەتۆ خێزانت تەڵاق بدەی، و ڕاستیەکەش لەمە دایە کە ئەمن و ئەو چەتوونە بتوانین پێکەوە لە ماڵێکدا بە شیوەی هەوێ وێکڕا بژین وپێکەوە هەڵکەین. دیارە ئەمن لە لایەک پێمخۆش نییە کە تۆ خێزانت تەڵاق بدەی لە گەڵ دوو مناڵی سەروپێچکە بەرهەڵاو ئاوارو چارە ڕەشیان بکەی، و لە لایەکەی دیکەش حازر نیم لە گەڵ وی لە ماڵێک دا ژیان تێپەڕ کەم. ئەو جار ئەو قسانەی من و تۆش ئێستاکە چ کەلک و فایدەیان نییە، چونکە هەتا باوکم ئەوها پیداگر لە سەر مارەیی ئێمە سوورە و هەتا بوونی مەجیدخان، ئەو پیاوەی کە باوکم هەڵیبژاردوە هەیە، کە وا بوو لەو نیوەدا گەیشتنی من و تۆ بە یەکتر کارێکی هەر گیز نەبووە.

قادر بێدەنگ بوو چی نەگوت،چونکە چەند کەس لە ژنان و کێژۆلانی بێری کارکانیان تەواو کرد بوو، وردە وردە بۆ لای وان دەهاتن، "قادر"و"زارا"ش ئاگاداریان ببوون. "خاوەر"یش کاری دۆشینی بزنەکانی تەواو کرد بوو چاوەڕوان بوو هەتا بکەونە ڕێ، ئەویش لە گەڵیان بڕوات.

زارا،دوایین مەڕی کە هەمان مەڕی سپی گوێچکە ڕەش بوو، زۆری خۆشدەویست گرتبوو و خەریک بوو دەیدۆشی. قادر بۆ ڕەخسانی بوارێکی لە بارو  هەڵرژتنی دەردی دڵ مەسەلەکەی گۆڕی و لە "زارا"ی پرسیار کرد:

ئەرێ ئەتۆ بۆ ئەو مەڕە سپیە لە دوایی هەموو مەڕەکان دەدۆشی؟ ئاخۆ لەم کارە دا سرێک هەیە؟زارا، نەرمە پێکەنینەکی هاتی وگوتی: نا،گیانە، سرێک نییە،تەنیا بەو هۆیەیە کە ئەم پەزە ئی منە.ئەگەر وەبیرت مابێ، بە تۆم گوتبوو کە ئەم مەڕە چاخێک بەرخۆڵەیەکی کچکە بوو باوکم ئەوی  بە من دابوو. ئەمن هێندەم خۆشدەویست ڕۆژانە لە باوشم دەکرد دەمبردە لەوەڕ،بە دەستی خۆم گیام بۆی هەڵدەقەند و لە زارم دەنا، ئەوهام دەستەمۆ کرد بوو،دەجا بەو شیوەیە بەخێوم کرد هەتا گەورە بوو،ئێستاش لە هەموو مەڕەکان زۆرتر شیر دەدات. ئەمن زۆرم خۆشدەوێ و بۆیە لە دوایی هەموو مەڕەکان دەیدۆشم هەتا نەخشی چروچاو و بێچمی وی زۆر تر لە زەینم دا بمێنێتەوە.

وەردە وردە کاتی ڕۆین نزیک دەبۆوە، چونکە هەموو بێریەکان مەڕی خۆیان دۆشیبوون. هەموو مەرِدۆشەکانی تەژی لە شیریان لە سەر تۆقی سەری دانا بوو، دەستێکیان بە لێوی مەرِدۆشەکان گرتبوو، چاوەڕوانی وەڕێکەوتنی "زارا"و "خاوەر" بوون، هەتا هەموو پێکەوە وەڕێکەون و بۆ دێ بگەڕینەوە. لەو کاتەدا خاوەر لە مێردەکەی نزیک بۆوەو بە وی گوت: ئەمشەو ئینشاڵڵا دەگەڕییەوە ماڵ،سێ شەوە بە دوای یەکدا هەر لە سارا نووستووی، نایەوە ماڵ؟ ئەمن ئەو شەو بە ئەنقەست نانم بۆ نەهێنای هەتا مەجبور نەبی شەو بێیەوە ماڵ. بۆ شەویش ئەگەر مگێزی شیوەکەی تایبەتت کردوە، بیژە هەتا بۆت دورست کەم... ئاخۆ زوو دەیەوە یان نا؟ئەگەر زوونایەوە بێژە هەتا مناڵەکان بە وەخت بنوێنم.

قادر وەکوو وەی بوو کە لە بیستنی پەیڤینی ژنەکەی حیجز ببێ، گرێی خستنە ناوچاوان وگوتی: لە خۆرا نانت بۆ نەهێناوم. ئەمن دەمەویست ئەم شۆکانەش لە سارا و لە ڕەخ مەڕەکانم بمێنمەوە. شەوکانی مانگە شەو دەشت وسارا،بە تایبەت لە ڕەخ چەم، یەکجار دڵڕەکێش و دڵبزوێنە. ئێستا کە نانت بۆ نەهێناوم ناچارم شەو بگەڕێمەوە ماڵ. ئیشتایی تایبەتیم نییە، هەرچی لیبینێی دەیخۆم. بپرسە بزانە مناڵەکان چ چێشتەکەیان پێخۆشە بۆیان لێنێ، بۆ من تەوفیر ناکات. زۆر باشە چارە نییە دێمەوە ماڵ.

خاوەر بەرێک قەڵس و دڵئێشاو بوو، بەڵام هیچی نەگوت. کەوتە ڕێ هەتا لە هاورێیان دوور نەکەوێتەوە. بێریەکان کە هەموو ئامادەی ڕۆین بوون، بەر لە وەی وەڕێکەون هاواریان کرد قادر مالئاوا!

قادردەستی بۆ ڕاوەشاندن و لە وڵامدا گوتی: لە ئامانی خودا دابن!

وبۆ ئاخرین کەڕەت چاوەکی تەژی وتیژی لە ئەوین و ئیلاقەو حەز، لە بەژن و باڵای باریک و شووش و زراوو تەکووزو ڕێکوو پێکی زارا کرد و سەر لە نوێ بۆ ژێر سێبەری شەنگە بێ دەم چەم ڕۆیی و لە وێ قەراری گرت.

بێریەکان لەو ڕێگایەی کە پێیدا هاتبوون هەر بە ویشدا بەرەو ئاوایی گەڕانەوە، و چاوەکانی ئارەزوومەن و ئاواتخوازی قادر، ئەوانی وەڕێخست.

دەنگی جەفەنگ و پێکەنینی ژنان و کێژانی بێری لە دوورەوە دەبیسترا، بەستەزمان خاوەر ئاگادار نەببوو کە مێردەکەی لە چەند هەنگاوی وی، چ وتووێژێکی شیرین و خۆشی لە گەڵ "زارا" هەبووە، و ئەگەر حاڵیش ببوایە، وە ڕووی خۆی نەدەهێنا،چونکە کارێکی لە دەست نەدەهات.

قادری شوان،جوانچاک وجندی ڕوخسارو، قەد بڵندا بە هێزو چوار شانە بە دوو چاوی گەورەو ڕەش لە ژێر برۆی پڕ پێشت و چڕ و پڕ و تێکەڵ کە وەکوو دوو شەو چرای هەڵبوو، دەتروسکانەوە و چاوی بێنەری بێ ئەوەی بیهەوێ بە لای خۆی ڕادەکێشان. نێوە چاوانێکی لووس و ساف و پانی هەبوو کە نیوەی وی پێچێکی ڕەشی کوردی، وەکوو هەورێک کە نیوە لە مانگ دابگری دادەپۆشێ. کەپۆی بەرزو ڕاستەکەی تەراز بە نیوە چاوانی هەڵاوەسرا بوو، لێوی سەرەوەی کەمێک ئەستوور ترلە لێوی خوارەوەی دەنواند،و لە سەرەوەی وی سمێڵێکی ڕەش و چڕو پڕ دایپۆشیبوو. دەمی گچکەو لە بارو ڕیککەتوو، چەنەگەی خڕو چاڵداکەفت، ددانەکانی سپی و بە ترووسکە، گۆناکانی سوورو دەرپەڕیو بوو. ڕەنگی چڕو چاوی بە هۆی هەتاوی بەردەوامی کێوو ساراو دەشت و چۆلەوار، کەمێک مەیلەو سوتاو ببوو جوانیەکی زۆرتری بە قەڵافەتی مێرانەی وی دابوو. بەژن وباڵای بە هێزو تێکسڕماوو دارژاوو تەکۆز،سەر جەمی ئێسکەکانی لەشی لە سەر تا خواروە گەورەو حجیم و زل و ئارەقچیناگ،ئەڵسووبنیشی ڕێککوتوو لە گەل بیچم و لەشی قورسی، چالاک و بە ویقارو ئاکار شیرین بوو.

ئەو ئێستا تەمەنی بیست ونۆ ساڵ بوو،هەشت ساڵ بەرێ، یانی چاخێک کە هێشتا بیست ویەک ساڵە بوو بە پێ چەقاندنی باوکی لە گەڵ خاوەر کیژی یەکێک لە دانیشتوانی نیمچە سامانداری "حاجیاوا" زەماوەندی کرد بوو. باوکی قادر کە هەموو ئەویان بە ناوی مەحموود شوان دەناسی، پیرە مێرێکی خۆش بەچک و بۆتڵاک بوو کە هەموو تەمەنی خۆی بە کاری شوانی ڕابوارد بوو، سەیر ئەمە بوو کە شوغلی باب و باپیرانیشی جگە لە شوانی چیتر نەبووە، ئەم مرۆفە بە ڕاستی بە پێشەی شوانیەتی خۆی ئیلاقەمەند بوو، هەتا دەتوانین بڵێین کە بە وی شانازی دەکرد. هەر چەند لە حەقدەستی شوانی خۆی بە درێژایی تەمەنی ئەوەندەی پاشەکەوت کرد بوو کە کوڕەکەی لە دوایی ویدا ئاتاجی بە کاری شوانی نەبێ و کارەکانی دیکە وەکوو زەراعەت و ئاژاڵداری، یان مەسەلەن مامەلەی سەرپێی بکات، بەڵام ئەو، ئەوپێشەیەی بە کاری بنەماڵەی و سوننەتی خۆی دەزانی، قادریشی بەو کارەی شوانی وادار کرد و لە وی ویست کە بە چ شیوەیەک، لە کاری شوانی دێرینەو کەو ناری باب و باپیرانی خۆی لانە داو بەو ڕێگایەدا بڕوات کە باب و باپیرانی خۆی پێیدا ڕۆیشتوون. ئەزقەزا قادر بۆخۆشی، خۆشی لە ڕەڤشتی کۆنی شوانی دەهات،وەک وەی بڵێی کە حەزو خۆشی لەم کارە لە پێشینیانی خۆی بە ئیرس بردوە.

مەحموودی شوان کەچی پەنجاو شەش یان حەوت ساڵ زێدەتر لە تەمەنی تیپەڕ نەببوو بەڵام ئەو هێندە تێکشکاو پیر و کەلەلا ببوو کە هەموو ئەویان لە سەروی حەفتا ساڵ دەهاتە بەر چاو. هۆکاری پیریی زوو ڕەسی، تێکشکانی زۆرتر ئەمە بوو کە ئەو دوو کەڕەت لە بەر دوو کارەساتێکی ئازاردەر خۆی ڕاگرتبوو، کارەساتێک کە بە حەقیقەت خەم و کول و دەردی وی کەمری شکاند بوو: یەک مرنی کوڕی مەزنی کە برای قادر بوو، و دیاری نەدا کە ئەو لاوە بە هۆی چ نەخۆشییەک کتوو پڕ مرد، ئەوی دیکە مەرگی دایکی قادر کە تووشی نەخۆشی کەوتوویی بوو، بە هۆی دەست وێرانەگەین بە دەرمان و دوکتور چڵۆنایەتی پاکووخاوینی لە دێهاتی کوردستان بەڵایەک بوو زور کەس تووشی هات و پێی لە ناو چوون. ڕۆژێک کە دایکی قادر مرد،قادر، لاوەکی پانزدە ساڵانە پتر نەبوو، لەو کات بە دواوە، ئەم لاوە لە لاواندنەوە و مێهرەبانیەکانی داکی بۆ هەمێشە بێ بەش کرا.

قادری تەمەن پانزەساڵانە لەوە بە دوا وەک شوانی ئاوایی میگەلە مەڕەکانی لە دەشت و تەپۆڵەکانی دەورو بەری سیمین رود بەرەهەڵلا دەکرد و کارەکەی لە ڕاستیدا هەر ئەو مەشخ و هۆژانی شوانی بوو. لە تەمەنی بیست ویەک ساڵیدا کە باوکی ژنی بۆ هێنا، ماڵێکی دیکەی لە ئاغای گوند ویست هەتا کوڕەکەی عادەت بە شێوەیەکی سەربەخۆیی بکات،و میگەلە مەرێکی جیاشی بۆ وی کار سانایی کرد، هەتا لە کارو پێشەشدا خاوەن بۆنجی خۆیی بێت و لە ژێر چاوە دێری باوکی بێتەدەر.

بابی خێزانی قادر مرۆڤێک بوو بە ناوی سەید عەولا کە لە وەرزێرانی نیمچە بە سامانی "حاجیاوە" دەهاتە حیساب، دە دوازدە ساڵ بوو کە لەو گوندەی تێپەڕ دەکرد. سەید حەولا سەرەتا بە هۆی نیمچە سامانێک کە هەیبوو،دوایی بەو بەڵگەو دەلیلی ئەمە کە سەید بوو، خۆی لە خەڵک ئومی زیدەترو مەزنتر دەزانی، حازر نەبوو کیژی خۆی بە کوڕی شوانێکی بەلەنگاز بدات، و زاوەیەکی ئەوهای لایەقی شان و پلەو پایەی کەسینی و معنەوی خۆی نەدەزانیێ، بەڵام لەو جێگایە کە باوکی قادر زۆر لاقی قرساند کە کوڕەکەی لە گەڵ بنەماڵەیەکی موحتەرم نیمچە سامانداو و تێرو پڕ خزمایەتی بکات و ژن بخوازێ، و بۆ سەر کەوتن لەم ڕێگایە، دەس بە داوینی ئاغای دی و زۆربەی ماقول و ڕدێن سپی گوندەکە بوو و بە مام ناونچی ئەوان توانی دڵی سەید عەولا نەرم کات و کچەکەی بۆ کوڕی خۆی"قادر" لێ بخوازێ.

ئێستا قادر چەند ساڵێک بوو کە لە بێخەوشبوون و بێکەمووکوڕی بوون دا بەخۆشی ئاسوودەیی و بێخەمی لە گەڵ خێزانی ئازیزو خۆشەویست و ڕووگەش‌و مێهرەبانی "خاوەر" ژیانی دەبردە سەر، بێئەوەی پچووکترین شپرزە بوون و لێکدابڕاوی لە هیمی ژیانی وان ڕوو بدات، و کارەکەشی کە هەر شوغڵی شوانی بوو بە دڵخۆشی و ئیلاقەو حەزێکی تەواو بە ڕێوەی دەبرد. لە ساڵی دووەمی ژیانی، خودا کوڕێکی ژێرکەڵانەی پێبەخشین کە ناوی مەنسووریان لە سەر دانابوو،دوو ساڵ دواتر بوون بە خاوەنی کیژێک بە ناوی شیرین، ئەو دوو منداڵە جوان و خوشکۆک و خوێن شیرین و ڕووح سووکە، وەکوو دوو کۆڵەکەی پۆلاین بناخەی ژیانی ئەو بنەماڵە هەژارو بەڵەنگازەو نەجیب و زەحمەتکیشەی موحکەم وپتەو کرد بوو.
خۆشبەختی گوزەران لە گەڵ خۆشی وئاسودەیی خاوەر، بە تایبەت دوایی ئەو دوومنداڵانە کە هۆکارو

پەیوەندی قایم بوونی خۆشەویستی وموحیبەت وهاو دڵی و یەکڕەنگی ئەوی بە مێردەکەی بە هێز ترو بە جەم تر دەکرد،بە ڕادەیەک هەستی پێدەکراو خوازراو دڵخواز بوو کە زۆربەی کێژوولانی دێ ناخازا ئەوانەی کە خۆیان جوانترو ئارەزوومنتر لە خاوەر دەزانیّ، تووشی پەخالەت و ئێرەیی و بەخیلی پێداهاتن وچاو چنۆکی دەبوون، هەتا بە ژیانی خاوەریان حەسرەت هەڵدەکێشاو بۆی بە ئاواتخواز بوون ولە بەرخودا دەپاڕانەوە کە مێردێکی ئەوها جونچاک و لێهاتوو وەکوو هاوسەری خاوەر بە نسیبیان بکات.

بەلام وەک دەزانین کە چ خۆشی و هاتە و بەختەوەری بۆ دایم لە جێی خۆی نامێنێتەوە بەردەوام نابیت، هەمێشە وێچوونی ئەم مەترسییە دەکرێ کە لە بناخەی وی شڵەژانیک ڕووبدات، دەجا بنچینەی خۆشبەختی و پایەکانی ژیانی خاوەریش لە سێرەی ئەو مەترسییە قەراری گرت و سەر ئەنجام ئاخ و حەسرەتی چاو چنۆکان و بەخیلان کاری خۆی کرد .... دەستپێکردن و سەر هەڵدان، ئەو کات لە بناخەی خۆشئیقباڵی ژیانی ئارام و هێوری خاوەر دیاریدا، کە ماڵە جۆتبەندەیەک لە گوندی "پیر وەلی بداغ" بۆ "حاجیاوا"کۆچی کرد و لە وێ نشتەچی بوو.

لە کوردستان بە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتووی ئوروپایی _دەورانی کۆیلەتی_کە وەرزێر بە شیوەی(غولام)پەیوەندیان بە زەوین بوو، خاوەن موڵک دەیتوانی ئەو زەویانەی کە لە سەری کاری وەرزێری دەکات، لێی وەرگرێتەو بداتە کەسێکی تر.

(مەسەلەکە بەم شیوەیە بوو: هەموو ساڵێک بەر لە جەژنی نەورۆز ئەو وەرزێرانەی کە بۆخۆیان خواز یاری کۆچ کردن لەو گوند بوون، یان خاوەن مڵک(ئاغا) پێێرا گەیاند بوون کە بچن لە شوێنیکی دیکە لە لای ئاغایەکی دیکە دامەزرین، دەبوایە بەر لە نەورۆز کۆچیان کرد بوایە، ئەمە هەتا ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئێران بەردەوام بوو. بەڵام بە دابەزینی (قانون اصلاحات ارضی) ئەو قانون هەڵوەشاوە ڕاگەیاندرا، جوتیار بوون بە خاوەنی نەسقی زەراعی و بە ناکۆ، ئەمما بە داخەوە رەشایی دێ، یان بڵێن قەرە لەو یاسایە کەلکی وەرنەگرت ودەست بە پۆشبوو، ئەوجار وەک تەرەکەمە بە شارەکان وەربوون و کرێکاری لێکەوتوەو. وەرگێڕ))

(لەسەر یەک لە ئاخرو ئۆخری رەشەمە،باشترین وەخت بۆ کۆچ و کۆچباری وەرزێرەکان لە گوندێک بۆ گوندێکی دیکە بوو. ئاغای تازە لە دییەکەی خۆی شوێنی حەوانەو بەرە جۆتی دەدایە کە بریتی لە زەوی ئاوی و دێمی و گیادرو قورخ و جێجۆخین بوو.وەرگیڕ))

بە پێویست دەزانم بەمە ئاماژە بکەم لە وەرزی بەهار،ڕێگاکانی باریک و سروشتی لە نێوان دێهاتی (محالی ئاختەچی) یەک لەوان"حاجیاوە، قارنجە وهتد ...،بە زەنا زەناو قەرە باڵغ دەبوو لە وێ ماڵەکانی کۆچەر لە سەر عارەبەکانیان دەدیتران کە وەکوو مێرولە، لە پشت سەری یەک لە هاتوو چۆدان لەم دێ بۆ ئەو دێ دەرۆن.پانزدە مانگ پێشتر لەو ڕۆژی کە قادر مێگەلە مەڕی لە ڕەخ "سیمینە ڕوود" مۆڵدا بوو، وەک بینیمان جاوەڕوان بوو هەتا بێرەیەکان گوند، بریتی لە ژن و کێژۆڵەکان بێن و پەزەکانی خۆیان

بدۆشن، ئەو ماڵە لە"پیروەلی"کۆچی کرد بوو بۆ"حاجیاوا"دەهات. ئەمە بوو کە ڕاتڵەکانی لە بناخەی زێواری پڕلە خۆشبەختی خاوەری مەزلووم و بێچارە وەیکهێنا.

حاجی مستەفا ئەو وەرزێری تازە هاتوو یەکێک لە جۆتیارانی خاوەن سامان و پۆڵدارو تێرو تەسەلی "پیروەلی باغ" بوو،وەچونکە نەیتوانی بوو خۆی لە گەڵ ئاغای گوند وەک دڵی دەیەویست ڕیکخات، بڕیاری بە کۆچ لە گوندی (پیر وەلی باغ) گرت و لە دوایی ڕێکەوتن لە گەڵ ئاغای حاجیاوا،ماڵی بۆ وێ گویزتەوە، هەتا لە وێ باشتر و بە دڵخوازی خۆی و بنەماڵەی لە ئارامی و ئاسودەیی ژێان تێپەڕ کەن. حاجی مستەفا دوو کوڕی گەورەی هەبوو کە هەر دووک خاوەن ژن و منداڵ بوون و لە گەل باوکیان دەشوغلین. کێژەکی هەفدە ساڵەشی هەبوو کە لە براکانی بچکۆتر بوو،لە جوانی و دڵفرینی هەوتای نەبوو لە هەر دنییەکەی دەژیا، یان بە هەر شوینێکی دا دەڕۆیی و تێدەپەڕی دەیان لاوو گەنجی ئاشق و یەخسیرو ئەڤیندارو دەردەداری چاوەکانی بە خومارو قەدوو باڵای شیرین و دەم بە پێکەنین و کەزیەکانی شەپۆلاوی خۆی دەکرد.

ناوی ئەو کێژە جوان و بێگەردە(زارا)بوو و لە تاریفی وی دەبێ هەر ئەم وتە پڕ بە پێیست و تەواو بەس بێ کە بڵێم نەک تەنیا لە سەرانسەری کوردستان، بەڵکوو لە سەرانسەری ئێران هەتا لە چوار قوڕنەی دونیا، کێژێکی ئەوها جوانچاک ودڵبەڕو خوێن شیرین، بە دەگمەن پەیدا دەبوو. گیانی ئەو شاعێرە جوان بێژە بە بحەشت شاد بێ کە تاکە شیێعرێکی لە جوانی و خۆشکۆکی دڵبەندو دڵبەستی دولبەری خۆی هۆنوەتەوە، هەر چەند کە دڵبەری وی بە پێی زارا-ش نەگەیوە،ئەمە تاکە شیعرەکەیە:(خوبی و دلبری و حسن حسابی دارد----بیحساب از چه سبب این همه زیبا شدەای؟)

تەنیا عەیبیک کە بتوانین، ئەوی وەک عەیب حیساب بۆ بکەینەوە، کە لە وجودو قەڵافەت و هەیکەلی ئەو کچە وەبەر چاو بکەوێ، ئەمە بوو کە بەڕیک کز بوو، دەنا هیچ کام لە مەلەکە هەڵبژیراوەکانی خاوەنی عیزەت و حورمەت و جوانی دونیا نەیدەتوانی داوا بکات کە چاوی بە گەورەیی و خوماری و مەستی چاوی وی هەیە. برۆکانی بارێک وەک مانگی یەک شەوە و ڕەشی وی، چ ڕازێنەرو خەمڵینۆکیک، نەیدەتوانی بە شێوەی داتاشراو دورستی بکات. نێوچاوانی لوس و لێک و سپی و بەرزی بە هیچ ئاوێنەیەک لە هەڵسەنگان نەدەهات،و زاری بچکۆلانە و زەریف ولیێوەکانی ناسک و تەنگ و سوورو ڕەنگینی وی، کە دەتگوت سروشت ڕەنگی کرد بوو لە چ گیانلەبەرێکی دیکە نەدەکرا ببینی. کەپۆی ڕاکێشرا و قەڵەمی وی بە چ شتێک ناکرێ تەشبی بکرێ، ئەوها جوان و لێهاتوو ڕیککەوتوو بوو، کە بینەری کتووپڕ تووشی سەر سوڕمان و حەیران و سەر گەردان و شێت و شەیداو گیژو وێژ و ماخۆلیا دەکرد. کۆڵمەکانی سووری ڕەنگ پەڕی گوڵی وەدەرکەوتووی قنج و دڵپەسەند، بەو ئاوە و ڕەنگەی سروشتی بێ شەباهەت بە گوڵی سووری کەمرەنگ نەبوو، چەنەگەکەی، وە شاکارەکانی سنحەتیێک کە بە بەردی مەڕ مەڕی سپی دورست کرابێ دەچوو. لە ناوە ڕاستی وی تەپیاگێکی جوان وەبەر چاو دەکەوت کە هەر ئەو(قوڵکی چەنە بوو) جوانێەکی زۆرو ناخازای بە روخساری مانگ وێنەی بخشیبوو، لە تاریف نەدەهات.

زارا،جگە لە عیزەت و حورمەت لە ڕادەبەدەر کە مرۆڤی لە خۆی بێخەوەرو خافڵ دەکردو جوانی و خوێن شیرینی روح سووکی و لە باری و خوینگەرمی لە ڕادە بەدەریشی هەبوو، کە هەر کەسێکی ڕاکێشی و ئاشق و موفتەلای دڵدادەو ئەڤینداری فریوخواردوی عیشوەو کریشمەی و شکلی خۆی دەکرد: بەڵێ ،زارا، بەڕاستی جوان و شیرن بوو،ئەو تەنازی و مێهربانی نەک تەنیا هیم و بنچینە و بناخەی خۆشبەختی قادری وێران کرد و تیکتەپاند بەڵکوو هۆکاری سەر هەڵدان و سەر لێشێواویی تیکقرمانی زۆر بنەماڵەی دیکەش بوو، کە شیکردنەوەی بەسەرداچوونەوەی ئەو هەمووە، لە باسی ئەو چیرۆکە دانییە.

دوو ڕۆژ دوایی هاتنی ئەو بنەماڵەی تازە بۆ "حاجیاوە" زارا، لە لایەن باوکی مەعموور کرا هەتا لە گەڵ ماڵی شاگردی کە هەیان بوو کەتە پەزو بزنەکانی خۆیان بۆ دەرەوەی ئاوایی بەرن و لەو شوێنەی کە ئاسایی و عادەتی کۆمەڵاتی بوو، مەڕی خەڵکیان لێ مۆڵدەدا، هەتا بێریەکان بۆ دۆشین بێن و بیاندۆشن و ئەوان تەسلیمی شوان بکات.

گۆیا حاجی مستەفا لە دوایی هاتنە حاجیاوە،قادری شوانکارەی دیبوو قەرەو مەدار وشەرت وبڕییەی پێویستی لە مەڕ پەزەکان لە گەڵ بڕیبووە،ئێستا تەنیا ئەو کارە مابوو کە پەزەکان بەرن و تەحویلی وی بکەن. مەعموورکردنی زارا بۆ بەڕیوەبردنی ئەو کارە لە حاڵێکدا حاجی دوو کوڕی گەنجی هەبوو، نابێ خوێنەری تووشی سەرسوڕمان بکات، چونکە چاوپۆشی لەمە کە لە دێهاتی کوردستان ژنەکان بە هیچ جۆرێک پێ بەند بە ڕوبەندو لچکە و چرشیو لە گەل پیاوان نین و پچکۆڵەترین پێشگریەک، لەم بارەوە لە ناو یاندا نییە، بەڵکوو زۆرترین لەم شێوەکارانە ژنەکان وکچۆڵەکانیان بە ڕێوەی دەبەن،هەتا لە زۆر بەستێن بینراوە کە تۆ چاندن و کاری زەویوزارو مێوە ڕنینەوە ولێکردنەوە لە باغات برنجکاری وەک چڵتۆکیش ژنەکان دەیکەن. کە وا بوو لێرە کە جاجی ژن، یان بڵێن دایکی زارا،خەرێکی ئیش و کارو باری ناوماڵەو چێشت لێدەنێ و جل و بەرگی خۆی و مێردی و منالەکانی و ئی ماڵی کادارەکەیان دەکات، ناچار تەحویلدانی پەزەکان بە شوانکارەو شێر دۆشین، دەبێ زارا ئەنجامی بدات.

وەک دەزانیین زارا،ئەمرۆ لە گەڵ کاردارەکەی مەڕو بزنەکانیانی هەتا شوێنێک لە دەرەوەی ئاوایی کە شوان لە وێ چاوەڕوانی بێریەکانی دەکرد، برد و ئەو شوانە جوانچاکەی کە دەبوایە مەڕەکانیان بەو تەسلیم کەن دۆزیەوە. قادر وەختێک لە دوورەوە چاوی بە زاراو کاردارەکەی کەوت بە پێی زۆری پەزەکانیان وای بۆچوو تەخمین لێداوە کە دەبی ئەو ماڵە حاجی مستەفا یانی: وەرزێری تازە هاتووبێت، کە تازە بۆ حاجیاوە هاتووە، هەر ئەوهەی ڕۆژی پێشتر قەرار مەداری بۆ ئاگالێبوون لە کەتە مەڕەکانی لە گەل وی دابوو. هەڵبەتە هەر ئەو قادرە هێندێک تاریفی جوانی زارا-ی گوییبیس ببوو،بەڵام ئێستا کە گەڵ خودی وی ڕوو بەڕوو دەبوو، هەستی پێکرد کە پەسنوێژ ومەتحکاران جوانی و زریفی ئەوها بە نازو کریشمەی ئەو دڵبەرە تەنازەیان، کە ئەڵحەق لێهاتوویی سەت بەرابەری هەبووە، یەک لە سەت نەگووتووە،(وەک دەڵێن بیستن کوا وەکوو بینینە) ماڵوێران قادر بە دڵێک نا، هەزار دڵ ئاشق ودڵبەند و بەندەواری جەماڵی ئەو کێژە بێگەردە و ڕوخسار هەیڤە بوو، دڵی ئەوها بە داوی ئەو بۆکە شووشە

نەخشیندراو گیرۆدە بوو کە بۆخۆشی نەیدەزانی و نەیدەتوانی و نەدەشیا فکر بکاتەوە، ئاخۆ چی بە سەرهاتووە.

پێشتر بە گوێبیسی تاریفی جوانی وی، چ گۆڕانکاریەک لە حاڵی ویدا سەری هەڵنەدابوو، حەقیش نەبوو کە سەر هەڵدات، چونکە مرۆڤێکی وەکوو وی کە ژنێکی دڵسۆزو مێهرەبان و مناڵی دەبێتاوانی بوو، کە ئاخرین پلەی ئەویینداری ئیلاقەیان بە باوکی خۆیان بوو،قادریش ئینسافان، ئەوانی بە گیان و دڵ خوشدەویست و لێهاتووش نەبوو کە لەم پیاهەڵدان و کرنۆش بۆ بردن و بە گەورەیی و جوانی لەو یادکردنانە، کەمێک گۆڕان لە گیانی پەیدا بێت و شانۆی ژیواری ئاوەژوو کاتەوە.

زاراو مەڕەکان و خۆی و غولامەکەی خۆیان گەیاندە شوانی جوانچاک وسەلاویان کرد. لێڕوانینی شوێنتیکەری زارا، چاخێ بە چاوەکانی تاساوی قادر کەوت، ئەوەی لە جێوە، هاجو و واج و عەپەسانی خۆی کرد،کە ئەو لاوەی ئەو هێندە ئاشق و ئەقیداری خۆی بینی، ئارەقەی شەرمی لە سەرەو چاوانی نیشت و سوور هەڵگەڕا. قادر وەکوو پاساریەک کە یەخسیری چنچرۆکی بازی راوکەر ببێت لە ناو دڵی خویدا حاڵی تیکچوو بوو، باڵوو پەڕی دەکوتا. لە حەوت هەشت ساڵ پێشتر کە بۆ یەکەمین کەڕەت خاوەری بینی بوو، هەتا ڕادەیەک تووشی ئەو پەریشانیەو ورووژاوی ڕووحی بوو،بەڵام نەک بەو شێوازو بە هێزو گڕو تین و سوتمانە، کە بە یەکچەلی دەست و پیی خۆی ون بکات. زارا دەیەویست فورسەت بەو گۆڕانکاری دەرونی وی نەدا، دەستی بە ئەژماری مەڕو بەزنەکانی کرد هەتا بە ئیستلاح ئەوان بە پییێ ئەژمار بە وی تەسلیم بکات، بەڵام کاری قادر لە ژمارەو ئەژمار دەر چوو بوو، لە جیاتی وەی چاوی لە مەڕەکان بێ کە حیسابەکەی لە دەست دەر نەچێ، تەنیا مەحووی جەماڵی جوانی زارا بوو.

زارا،کە لە حیساب بۆوە گوتی: باشە،کاکی شوان..... قادرکتوو پڕ وەخۆهاتەوە گوتی:
بەڵێ،خاتوون.حاڵیبووی چەند دانە بوو؟ شیست و حەوت سەر مەڕوو پەنجاە سەر بزن کە هەمووم بە دەستووری باوکم ئەوە تحویلی تۆ دا. حاڵیبووی؟

بەڵێ خاتوون، حاڵیبووم. بەڵام درۆی دەکرد هیچی تێنەگێبوو،هەر هۆشی لە لای وان نەبوو، کە بزانی چەند سەر مەڕو چەند سەر بزننی بە وی تەحویلداوە.

ئێستا کە بە ڕەواڵەت ئیشی گۆڕانکاری تەواو بوو، ئیدی چ شتیک بۆ زۆرتر مانەوەی زاراو غولامەکەی نەمابوو، زارا،وای دەنواند کە دەیەوێ بڕوات، وەکوو دواپین پەیڤین پرسیاری کرد: بەڕاستی کاک شوان ناوت چییە؟

ناوم قادر-ی نۆکەری ئێوە.

کاک قادر؟

بەڵێ خاتوون،

باشە، کاک قادر ئەتۆ دەبێ زۆرت ئاگا لەو مەڕو بزنانەی ئیمە بێت و تێبکۆشی چاوت زۆر لە سەریان بێ، تایبەت لە پاراستن و پارێزگاری و پاسەوانی ئەو مەڕە سپیە، کە گوێچکەکانی ڕەشن. ئەو مەڕە ئیمنە، باوکم داویە بە من. ئەمن یەکجار زۆرم خۆشدەوێ.ها حاڵیبووی؟

بەڵێ خاتوون، زۆر چاک حاڵیبووم. ئەم پەزە سپیە کە گوێچکەی ڕەشی هەیە،خاوەنەکەی ئەتۆی، ماڵی زارا خاتوونە! و ئەمنیش وەکوو تۆ حەز لەو پەزە دەکەم. ئەی بە چاوان!

خواحافیز کاکی شوان!

بەخودام ئەسپاردن، خاتوون!

زارا،دوایین سیلە چاوی لە قەڵافەتی بێاوانەی شوانی جوانچاک کرد، پاشان لە گەڵ خانەی غولام بۆگەڕانەوە کەوتنە ڕێ.

قادر هەتا ئەو چرکەیەی کە کیژی حاجی گەیوە دێ، چاوەکانی بێشوازی ڕێگای ئەویان کرد. کاتێک زارا، لە بەر چاو ون بوو ماڵوێران شوان ئاخێکی ساردو دوروو درێژی لە قوڵایی ناخی دەرونی هەڵکێشا،مەڕی سپی گوێچکە ڕەشی لە ئامێز گرت و چەند کەڕەت ناوچاوانی ماچ کرد. ماڵوێران قادر دەست و پێی خۆی ون کرد بوو.

ڕۆژ. یان هەیڤ، لە سەر ئەو هەموو گرشەو ورشەو ترووسکەو تێڕیژ کە هەیانە کە پەڵەیەک هەور لە ئاسمان بە سەریان بکشێ، ڕەنگیان کاڵدەبێتەوە وبولێڵ دەبن. بوونی زارا، وەکوو ئەو پەڵە هەورە بوو لە تەشقی ئاسمانی ژیوار لە ڕووی ڕۆژی ئیقباڵی خاوەرو مناڵەکای ئازیزی نیشت و ئەوانی ڕەنگ پەڕیوەو بوڵێڵ کرد. قادر ئیدی ئەو قادری بەرایێ نەبوو،ئەو هەموو گیان بەختکەری و موحیبەت کە سەبارەت بە خیزانی خاوەر و بە زارۆکەکانی ئازیزی مەنسوورو شیرین هەیبوو، زۆری لێفرێدراوو ئوفت کرد بوو. بەپێیی عادەت شوانکارەکانی کوردستان لە شەوانی خۆش ئاو هەوای هاوین کەمتر دەگەڕینەوە ماڵ،میگەلەکان لە دەشت و سارا،لە شوێنی لەبار مۆڵدەدەن و بۆخۆشیان لە هەوای ئازاد دەخەفن،و لە کاتێکدا کە بۆخۆیان لە خەودان پارێزگاری وان سەگەکانی دڕ وە ئەستۆی خۆیان دەگرن کە دایم و دەرهەم لە گەڵ مێگەلن.

قادر هەتا ئەو کات بە پێچەوانەی ئەو ڕەسم و داب چ شەوێک لە سارا نەدەنوست،بەڵکوو هەر شەو مێگەلی بۆ ماڵ دەهێناوە، بۆ خۆی لە ماڵەکەی لە ڕەخ ژنی مێهرەبانی ئیسراحەت دەکرد و لە بیستنی دەنگی دڵخۆشیدەرو لاوێنەرەوەی وان، هێزی نوێ دەکردەوە، هەتا سبەی دیسان بە دوایی میگەلەکەی بۆ چۆلوو سارا بچێت.

بەڵام ئێستا چەند شەوێک بوو کە ئیدی مێگەلی بۆ دێ نەدەبردەوە و بۆخۆشی نەدەچۆوە ماڵ، بەڵکوو لە سارا دەماوە،و ئیلاقەو حەزێکی سەیری پەیدا کرد بوو کە مێگەلەکەی لە قەراخ"سیمینەرود" مۆڵ بدا و

بۆخۆشی هەر لە وێ، لە هەوای ئازاد بخەوێ. هیچ شتێک نەیدەتوانێ باشتر لە نارە نارو سرودی لک و پۆپی چنارەکان بێ، کە بەهۆی سۆزەی بەیانی بەڕاوەشان و بەملا ئەولادادەهاتن و خۆشتر لە شورە شوڕی هێدی و ڕۆینی ئاوی چەم، خەو بۆ چاوی وێ بێنێت، وئەم بەهرانەی سروشتی بە تایبەت کاتێک زۆر بۆ وی لەزیز دەبوون، کە لەگەڵ بۆچوون وخەیاڵی "زارا" تێکەڵ دەبوون و ئەوەی هەتا بەتڵێک لە شەو دەچوو بە خۆیەوە دەخافڵاند.

قادر ئیدی دوایی ئەو ڕێکەوتە، باوکیشی کەمتر دەبینی و بۆلای کەمتر دەچوو،شوانی لاو بۆخۆشی هەستی پێکرد بوو کە گۆڕانکاریەکی قوڵ وزۆر لە ژیانی ویدا ڕویداوە وشیوە فکر کردنەوەو لێکدانەوەشی لە ژیان یەکجارەکی بەراوەژوو بووە. زۆر جارتێکۆشا هەتا ئەو دەنگی ئاسمانی ودڵراکیشی زارا-ی کە ئەوڕۆژی دوایی تەحویلدانی پەزەکانی بە وی گوتبوو:( خواحافیز،شوان!)لە بیر بەرێتەوە لە سۆنگەی ژن و مناڵەکانی ساوای ئیدی بەوڕوخساری فرشتە و دڵبەرو بەو ئاکارو ئەتواری زریف وخانوومانی پڕ لە شەوق و شادمانی وی فکر نەکاتەوە، بەڵام بە داخەوە هەزار پەکوو کە ئیدی کار لە کار تێپەڕیبوو تیری ئەڤینداری چاوەکانی دڵبەر، دڵی قادری قەڵشاند بوو.

قادر لەو ڕۆژ بەدوا، چاوپۆشی لە کاتەکانی ئاسایی کە زارا،لە گەڵ کارداری ماڵەکەیان بۆ دۆشینی مەڕەکانی بۆ شوێنی پێشووی مێگەڵ دەهات و لە وێ بە دەگمەن چاویان پێکدەکەوت،چەندجاری دیکەش لە شوێنەکانی جۆرجۆر ئەوی بینی،وهەتا جارێک پێکەوە قسەشیان کرد. ئەم پەیڤینانەی سەرەتایی و ئاسایی سەبارەت بەو شتانەی ناگرنگ و بێتام و بێنرخ بوو،بەڵام وردە وردە بە دەر بڕینی ئەڤین و ئیلاقە پێکتری کێشا و نهینی هەر دوو کە ئاشقی یەکتر ببوون لە پەردە کەوتە دەر.

زاراش هەستی پێدەکرد کە لە ماوەی چەند بینین ئاشقی قادر بووە و موحیبەتی ئەو شوانە جوانچاک و خۆش بیچم پۆتراک لە قوڵایی دلی جێگر بووە. هەر کات کە لە قادر دوور دەبۆوە بەزەیی و مێهربانی مرۆڤایەتی ناو دڵ و دەرونی سەبارەت بەژنی قادرو زارۆکەکانی شوان سەری هەڵدەداو دەکەوتە ئەم فکرە کە لە ئاشق بوونە دەبێ ژیانی وانی لە بەر چاو بگرێت،بەڵام کە چاوی بە چاوەکانی کار تێکەرو هەست بزوین و گیرای ئەو لاوە دەکەوت، سەر جەمی ئەو فکرانەی لە بیر دەکردوو ڕیسەکەی لیدەبۆوە خوری و لە بەر خودا دەپاڕاوە بە ئارەزوی خۆی بگەینێ و بەڵکوو ڕۆژێک بتوانی بە ئازادی بی لەمپەرو پەرژین و پاردە، خۆی دەباوشی پیاوانەی ئەو گەنجە دا ببینێت.

جحیلەکانی تریش لە گوندی" حاجیاواو" هەبوون کە ئاشق و کۆشتەی "زارا" ببوون، بەڵام هیچکامیان نەیاندەتوانی هەودای ئۆگری و خۆپیوەگرتن و موحیبەت وخۆشەویستی کە پەیوەنداری دڵی ئەو کیژە لە گەڵ قادر بوو لێکتر بپسێنن.

لەبەر ئەمە قادر بابەتێکی لە پێش نەبوو کە دڵەخورپەی ڕەقیبی مەترسیدار لە سەر ڕیگای بێت،و تەنیا ترسێکی کە هەیبوو مەجیدخانی کوڕی ئاغای دێ بوو. ئەو ئاغازادەیە لەو ڕۆژیوە کە حاجی

مستەفا بۆ گوندی باوکی وی کۆچی کرد بوو،ئەو کچکەی بینی بوو بە توندی ئاشقی ئەو کیژە ببوو،وهەتا دوو جار لە گەڵ حاجی بۆ خوازبینی خۆی لە گەڵ حاجی قسەی کرد بوو خیرو مەسڵەحەتی وی لەو زەماوەندەدا بە گوێ هەڵێنا بوو. حاجی مستەفا سەرەتا بە بێنووبەهانەی ئەمە کەکیژی وەرزێر لەیاقەت و لێهاتووی شان و مقامی ئاغای نییە، لەوانەیە ئەو جیاوازیەی دەرجەو مەرتەبە هۆکاری ئەوەی لێبکەوێتەور کەدوارۆژی کیژەکەی خۆشی نەبینێت لەقەبولکردنی خوازبینی مەجیدخان سەرپێچی دەکردو جوابی رەدی دەدایەوە،بەڵام لە ئاکامدا ئەوداواو داواکاری بە دوایکدای کوڕی ئەربابی و قەول و بەڵینیەکانی کە بۆ دایم بوو ن و موحکەم بوونی ئەو خوازبینییە باسی لیوە دەکرا، دڵی حاجی نەرم کرد و ڕەزامەندی دەربڕی کە کیژەکەی بە مەجیدخان بدات. لەنێوان ئەو وەختانە قادریش ڕۆژێک برپاریکی مجدی بۆ مارە کردەنی "زارا"گرت،و لە دوای سەردمێکی دوورودرێژ بێخەبەر بوون لە باوکی بۆ لای چوو و گرییی بوخچەی مەسەلەکەی بۆ کردەوە. باوکی دەستی بە نسیحەتی وی کرد و سەر کۆنەی کرد کە بە بوونی ژن و دوو منداڵی ساوا باشترە لەم خەیاڵە خاوە دست هەڵگرێ و لە فکری دوا ڕۆژی مناڵەکانی بێت. بەڵام قادر نەچوو ژێرباری قسەکانی و لە ئاکامدا باوکی ناچار کرد بۆ خوازبینی کیژەکە بچێتە لای حاجی مستەفا.ئەو هەتا بۆ وەڕاست گەڕانی بڕیاری خۆی بە باوکی گوت کە ئەگەر پێویست بێ حازرە خاوەری خیزانیش تەڵاق بدات و لەمە بەدوا ژیان لە گەل زارا،تێپەڕ کات.

باوکی قادر بە دونیایەک خەم و دەرد و کول و نائومیدی بە دوای حاجی داچوو سەری قسەی لە گەڵ کردەوە وادەکەشی بۆ شیکردەوە، بەڵام حاجی نەک تەنیا لە خوازبینی ناوێنەچوو نالێهاتوو و نالەباری وی قەڵس و تووره دەر هەڵبوو بوو، بەڵکوو ڕەپ و راست و بێ گیلمەگیلم پیێ گوت جگە لەوە کە قادر ژن و مناڵی هەیە،ئەو جار وادەی مارە کردنی کیژەکەی بە مەجیدخان کوڕی ئاغای دێ داوە، دەجا ئیمکانی نییە و بە ڕاشکاوی بە گویی باوکی قادری چرپاند کە ئیدی جاریکی دیکە بەو مەبەستە بۆ لای نەێتەوە پەیڤینێکی لەو بارەوە لە گەڵ وی نەکات.

قادر بۆ ماوەیەکی لێپالێپ لە خەم و کول ددانی بە جەرگیداداگرت و دەس بەداوینی سەبر بوو هەتا فورسەتێ بۆ ڕەخساوا بۆ بەرێوە بەردنی نەخشەی خۆی. بە چاوەروانی ئەو هەلە دڵی خۆی بە ژوانی ڕۆژانە، کە لە گەڵ زارای هەبوو رازی و قانع کرد، لەو نێوەدا،لە گەڵ ئەو فرشتەی جوانی و دەمگەرم و خوین شیرن قەراری داناکە جگە لە وی، بە کەسێکی تر میرد نەکات و بە چاوەڕوان بمێنێتەوە هەتا بۆ خۆی ڕیکووپێک کردنی کارەکان بەو شیوەی کە دلی گراوی دەیهەوێت.

ڕۆژ دەهاتن تێدەپەڕین، قادرو دردی ئەڤینداری و بێدەرەتانی خۆی بە دەنگی بلوێری بووژماو دڵپڕخوێن و کزو داماو لە گەڵ کەهکەشان دەکردو نهینی دڵی کۆڵە کوتراو ئاشقی و حەز لێکردوویی خۆی بە دوو چاوی پڕ لە لووزەو بەستووی ئەسرین، شەوانە بە ئەستیرەکان دەگوت.

سەر ئەنجام ئەو ڕۆژە دابەزی کە دەنگۆی بە بۆک چوونی زارا لە داهاتوەکی نزیکدا لە گەڵ کوڕی ئاغا، کەوتە سەر زارو زمانی سەر جەمی خەڵکی ئاوایی،وایلێهاتبوو هەموو ئەو خەبەریان پێکتر دەگوت. قادر

کە بە توندی کەوتبوو ئەو دڵەخورپە چاوەڕوانی وەدەست هێنانی فورسەتێکی لەبارو چرکەکی وادەبوو هەتا ئەو کارەی کە دەبوایە بیکات جلی کردەوەی لە بەر کات،بەڵام دەستی قەزاو قەدر پێشبڕەی لێبڕیەوە و بۆخۆی دەستی ڕەت کردنەوەی لە سینگی دوژمنی نامەحرم دا و ڕووداویک رویدا کە شوانی ئاڵۆز خەیاڵ لە مەترسی ئەو دوژمنە مەزنەو مەترسی نەجات دا .

مەسەلەیەک کە پەیوەندی بە بڕتاو هەڵێنگدان و هجووم و راپەڕینی سمایل ئاغای سمکۆ سەرۆکی عەشیرەی شکاک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و پاریزگای ڕۆژ ئاوا(ورمێ) کە دەیەویست لە بەرانبەر رضاخان و سەرۆکی سوپا،تۆانای خۆی بەچاو داداتەوە وخۆی بنوێنێ، دەوڵەت لە ناو دەوڵەت دا پێکبێنێ.

لە ساڵی ۱۳۰۱ی هەتاوی خەبەری خۆ بە دەستەوەدانی شاری مەهاباد(ساوەجابلاغ)ی موکری بە دەستی سمایل ئاغاو هێرشی سوارەکانی وی بۆ دێهات و دەورو پشتی شار ،دەنگی دابۆوە. خەڵک دەستە دەستە ئاوایەکانیان چۆل دەکرد و بۆ لای ویشکای ڕاستەی زەرینەڕود (جەغەتوو) کۆچیان دەکرد. سمایل ئاغا (سمکۆ) هەر چەند داوای دەکرد کە کوردەو تەنیا لە ڕێگای خێرو مەسڵەحەتی کورد پەیکارو پەرەچەنگ دەکات و ئەگەر کوردەکان جواب جەنگیان لە گەڵ نەکردبوایە نەیدەکوشتن و ماڵی تاڵان نەدەکردن ،بەڵام لە کاتی سوور بوون لە سەر خۆ ڕاگری لە بەرامبەر ویدا ،بە چ کەسێک بریتی لە کوردو تورک و یان فارس بەزەیی نەدەهاتێ و هەموو دەکوشتن.

چێرۆکێکی دڵڕەکێش و بە تام و خۆێ لە وی دەگێرنەوە کە ئەمن لێرە شی دەکەمەوە: دەڵێن چاخێک هێزی دەوڵەتی لە بەرامبەر ویدا لە سابلاخ خۆ راگری بۆ نەکراو خۆی بە دەستەوە دا،سمایل ئاغا دەستووی دا کە چ کەس لە دانیشتوانی شار نەکوژن،تەنیا شارەکە تاڵان کەن. کاتێک خەبەریان بە ویدا کە گرویێکی زۆر لە تورک و فارس لە ناو شارن بەڵام لە ترسی کوشتن جل و بەرگی کوردیان پۆشیوە و خۆیان بە وێنەی کورد دەر هێناوە، هەتا نەناسرێن. سمایل ئاغا کە دەیزانی دەربڕینی وشەی (پڵاو) لە ناو کوردان بۆ ناکورد بریتی لە تورک و فارس تەوفیرێکی هەس پێکراوی هەیە و لە کاتی دەربڕینی وشەی (پڵاو) لە شێوەی دەربڕین مەحلوم دەبیت کە ئاخۆ کوردە یان ناکورد. دەستووری دا هەتا هەموو دانیشتوانی شار بریتی لە گەورو گچکە لە قەراخ چەم رێز کەن و لە سەرەتای سەف را، لە یەک یەکی ئەوان بخوازن کە بڵێن (پڵاو)و لە شیوەی دەربڕینی ئەو وشە ئاخۆ کابرا کوردە یان کورد نییە،ئەگەر کورد بوو ئازاد دەکرا، ئەگەر کورد نەبوو دەستووری دەدا بیکوژن .

دەستەیەک کە لە دێهاتی باشوور هەڵاتبوون و بۆ لای باکووری ڕۆژهەلات دەرۆیشتن لەو دیهاتانەی کە بە دەستی شکاکەکان تاڵان کرابوون، چێرۆکی پڕ مەترسیدار دەگێڕنەوە. کارەساتی قەڵاچۆو تالان و ئاگر تیبەردان ئەو قەومەی هێرش هێنەر لە هەموو شوێن نوغل و نەباتی کۆڕی دانشتن بوو. ئەو لێمشت و سێڵاوی وێرانگەر لە سوارو پیادە، بە ڕەو دیهات پەرەی گرت و بە فەرمانی سمایل ئاغا گووندەکانی دژکارانیان قەڵاچۆ دەکرد و ئاگر تیبەردەدا، بەڵام دیهاتی دۆستانیان تەنیا تاڵان دەکرد. بەرگریکەرانی

زیخ و جوامێرو، بەخۆراگری سەر سورهێنەر بەگیان بەخت کردنێکی زۆر، کە لە خۆیان نیشان دا دوژمنیان وادار کرد لە تالآن چاوپۆشی بکات بۆ لای "سمین رود" پاشەکشە بکات.

حاجیاو دیهاتی باکووری وێ، بەشیک لە دژکانی گەلی کورد بوون. ئاغاکانی ناوچەی(ئەختەچی) بڕیاران گرتبوو لە بەرابەر لەشکری سمایل ئاغا خۆڕاگری بکەن و لە گەڵ خەڵکی گوند، کە چەکداری دوڵەتی ڕەزاشا بوون، لە گەڵ چەکدارانی نەمژی سمایل ئاغای شکاک، بەشەڕ بێن.

زوربەی ئاوایەکانی قەراخ سیمینە رود، کە دەیانزانی شکاکەکان وەدواین دەکەون و بە هۆکاری دژکاربوون لە گەڵ سمکۆ، بەزەیان پیناکەن، ژن و مناڵ و مێگەلە مەڕەکانیانی حاجی ئابادیان بە ویشکایی" زەرین رود" کە دوور لە دەس وێراگەینی دوژمن بوو، کۆچ پێداو بۆخۆیان لە گەڵ چکداران هەڵبژیراو، بۆ چاوەڕوانی شکاکان سەنگەریان گرت. ژن و منداڵ و مێگەلەکانی حاجی ئاواو چەند گوندی دیکە لە نزیک "زڕینەرود" بەر لە وی لە چەم بپرنەوە و بۆ شوێیی ئەمینی ئەولا وەگوێزن، لە لایەن شکاکەکان بە یەخسیر گیران. ڕۆژی دوایی،بەرگەریکەرانی زەرنگی ناوچەی(ئەختەچی) بی ئەوەی ئاگایان لە نزیک بوونی دوژمن بێت، لە ناکاو خۆیان لە مەترسی بینی،کاتێک بە مەترسی حەسیان بێئەوەی دەست و پیی خۆیان وەن کەن لە درێژایی پێسورو(ڕشتە) زنجیرە کێوەکی باریک لە ڕووبەروو هاورێکی بوونی "سیمین ڕود" بوون،بۆ لای باشوور درێژ دەبۆوە، پاشەکشەیان کرد و مەجبوور بوون لەو قەراغ و بیجاغ نزیکایی(نویژی شیوان) دوژمن بخەنە بەر دەستڕێژ.

هێشتا نیوساعەت بۆ ڕۆژ ئاوا مابوو و هەوا تا ڕادەیەک ڕوناک بوو، کە دەنگی تەقەی تفەنگی شەڕکەرای دلێر، گویچکەی ئاسمای کڕ دەکرد. ناڵە ناڵەی دلازاری بریندارران دڵی کەهکەشانیشی وەبەزە دەخست. دیفاح کەران نەبەز بە خۆڕاگریەکی سەێر کە لە خۆیان نیشاندا، دوژمنیان مەجبوور کرد لە سەرجەمی تالآنەکانی خۆی، چاوپۆشی بکات و بۆ لای سیمین رود بگەرێتەوە.

قادریش لە سەفی واندا بوو بە تایبەت چونکە دەیزانی زارا-ش لەگەڵ مەڕە سپیەکەی بەشێک لە تالآنە، گیانی لە سەر لەپی دەستی دانابوو، بە شەهامەتەوە شان بە شانی بەرگری کەرانی بەغیرەت دەجەنگێ

. شکاکەکان لە دوایی هێندیک کوژراو، بەرەو باشوور تێکشان. خەڵک وردە وردە بۆ ماڵی خۆیان گەڕاەونە، قادریش بە دوای کاری شوانی خۆیدا چوو، بەڵام دەنگۆیەکی زۆر لە دێ دا بڵاو ببۆوە، دەیانگوت مەخیدخان بێ سەرو شوێنە. چونکە لە ئولکەی شەڕی ئەو رۆژی لە "نوێژی عیشا" لە داوینی چیا ڕوو بەڕوی سیمنینەرود، لە ڕۆژ ئاوای حاجیاوە، قەراری گرتبوو،و قادر ناخازا دوو ڕۆژ دوایی شەڕەکە، میگەلی خۆی لە وێ مۆڵدا، هەتا بێریەکان بۆ مەڕ دۆشین بۆ ئەو شوێن بێن.

ئەو رۆژی قادر لە زارا- ی ویستبوو کە لە هەموو بێریەکان زووتر خۆی بگەێینێتە ئەو شوێن. زارا، بیست دەقیقە پێشتر لە بێریەکان خۆی گەیاندە جێژوان،قادر کاتێک ئەوی بینی پیشوازی لێکردو،لێی پرسیار کرد:

زارا،دەتهەوێ شتێکی سەیرت پێنیشان بدەم؟

زارا،بە سەر سورمانەوە چاوێکی لە قادر کردو گوتی چ شتێک؟

قادر دیسان گوتی: ئاخۆ ئەتۆ دەزانی، کە دوو شەو پێشتر ئەلێرۆکە، شەڕێکی گەورە ڕوویداو ژمارەیەک خەڵک کوژران؟

زارا گوتی: بەڵێ،دەزانم،قادر،بەلام ئەتۆ دەتویست شتێک بەمن نیشان بدەی.

زۆر چاکە،وەرە با نیشانت بدەم.

ئەمەی گوتوو زارا-ی بە مات و سەر سورماینەوە بە دوای خویدا برد.

چەند گاشە بەردی مەزن لە پێش وان دەبینرا. لە پشت بەردەکان دادڕاوەکی تەقریبان قوڵ لە نزیکەی کێو وەبەر چاو دەکەوت. لەو ڕازە بەردانەش تێپەڕین و گەیشتنە لێواری دادڕاوەکە. قادر وەپێش کەوتبوو زارا،ش لە پشتەوە بە دوای ویدا دەڕۆیی.

قادر لە پڕا گەڕاوەو گوتی: زارا!

ها!

چاو لێرەکە.

زارا لێیخوردبۆوە. لە ناو ئەو کەندالی قۆڵ سە جنازە کەوتبوون. بۆگەنیویان لە ناو ئەو قولکە کەپۆی مرۆڤی دەگرت،لەو کاتدا چەند قاژو خەرتەڵ لە سەریان دەسووڕان، یەکێک لەو سێیانە بەرەوپشت کەوتبوو، زاری هاوەلا بوو، سەری بەروئاسمانبوو،قەل ودالاش و خەرتەڵ چاوەکانیان دەرێنابوون. زارا، ئەحمەد دیهقانی ناسیەوە، دووەکەی دیکە بەر دەم کەوتبوو، کەپۆیان لە هەرد هەڵچەقیبوو. زارا، لە ئی ئەوڵی نزیک بۆوە بە سەری پەنجەی پێ، سەری وی وەرگێڕا، زۆری خوێن لە زاری هاتبوو. ئەم کوژراوە، مرادی نۆکەری ئاغا بوو،زارا، ئەوی دەناسی.

دوایی زارا،لە دووەمی نزیک بۆوە، ئەویشی دیسان بە نووکی سۆلی سەری بۆلای خۆی وەرسوڕاند. نێو چاوانی بە زبرەی گوڵلە کون ببوو. ئەگەر سەری کوژراو مووی بوایە، مووەکانی دەکەوتنە سەر چرو چاوی، لەوانە بوو زارا نەیناسیبواوە،بەلام کوژراو سەری بێ موو بوو، زارا دەستووجێ ئەوی ناسی: ئەمە مەجیدخان کوڕی ئاغای گوند بوو. زارا بە هەموو هێزی دڵ وەکوو هەموو کێژەکای کورد لە سیفەتی زاتی ویدابوو، چەند هەنگاو کشایەوە دوایی و خۆی لە ئامێزی قادر هاویشت. قادر چاوی تێبڕی وپرسی:

ها،چ بووە،؟ ئەمانەت ناسین؟

بەڵی،قادر ناسیم. ئەوەشم ناسی. کە وا بوو ئەو فەقیرەش کوژراوە!

بۆ فەقیر؟ مەگین خەمی بۆ دەخۆی؟

نا،خەمی بۆناخۆم، بەڵام دڵم بەحاڵی دەسوژێ.

دڵت نەسووتێ. مەگین نازانی کە ئەو دوژمنی من بوو ئێستا خەیاڵی هەر دووکمان ڕاحەت بوو.

زارا،کەمێک ڕاوەستا،پاشان وەکوو وەی بە پێچەوانەی مەیل و داخوازی وی قسە بکات گوتی:

ئەمن ئاسودە نەبوومە. چونکە ئەگەر لەمپەری تۆ لە سەر ڕێگا هەڵگیراوە، بەڵام پەرژژین و لەمپەری من هێشتا هەر لە جێی خۆیەتی.

لەمپەری تۆ؟ لەمەری تۆ! کە،کێ بێت؟

خاوەر.

ئەی بابا! ئەوە کەی لەمپەرە،گرنگ نییە. ئەو ئەگەر بێهەوێ بەرهەڵست بێ، لەناوی بردنی لە ئاو خواردنەوە سانایی ترە.

زارا،زەردە پێکەنینێکی بەدفەڕانەی هێنا سەر لێوو، لە چاوەکانی ڕەشی قادری ڕوانی. قادریش چاوەکانی لە چاوی ڕەشی زارا، بری،هەتا سەردەمێک هەر دوو مەحوی تەماشایی یەکتر بوون.

دوو هێزی کارەبای ڕەزامەند، بە پێچەوانەی یاسای سروشتی لە جیاتی ئەمە یەکتربرەتێنن، بۆ لای یەک ڕاکێشراببوون. تەرمی مەجیدخان لە پشت سەری ئەو دوو ئەڤینداره، لە خوێنی خویدا گەوزیبوو.

لە دوورەوە بێریەکان بۆ لای مێگەڵ دەهاتن. و قادر چاخێک ئەوانی بینی لە گەڵ زارا بۆ لای مێگەڵ چوو. دوو ئاشقی ئەڤیندار جارێکی تر پیرۆز باییان لێکتر کرد. بێریەکان نزیک دەبوون و خاوەریش لە ناو ئەوان بوو. خاوەر لە دوورەوە زارا-ی لە گەڵ قادر ناسیبۆوە، بەڵام ئەوانی تر هەتا نەگەینە شوێنەکە، نەیانناسیبۆوە. خاوەر کە گەییە وێ، بێئەوە وەڕووی خۆی بێنێت، بە دۆشینی بزنەکان خەریک بوو،و بە قسەی کێژەکانیش کە لە گەڵ قادرو زارا، جەفنگیان دەکرد گوێچکەی هەڵنەدەخست. لە چاوە جوانەکانی چەند دڵۆپە فرمێسک بە ڕوخساری خەماویدا هاتە خوار،جگە لە زارا،کەس ئاگاداری ئەو فرمێسکانەی نەبوو.....

(٤)

ئیشی قادر،ئەو شوانی بە حەدەب و بە حەیاو دڵۆڤان و خەمخۆر،وەردە وردە بە سەر شێتی دەکێشاو ڕۆژ بە ڕۆژ گوڕانکاری لە شیوە ئاکاری و کردەوەی و چۆنیەتی هەڵسو بنیشی لە گەل خەڵک پەیدا دەبوو، کە

هەموانی تووشی سەر سوڕمان کرد بوو. کابرا ڕەقشت و میجازیێکی ئەوها توندوو باشار نەکراوو بەدەر لە تاقەتی بە خۆوە گرتبوو، کە ئیدی نەدەکرا لە گەڵی ئامپیاڵە ببێ. خاوەری فەقیرو بێ بڕست، زێدەتر لە هەموان لەو گۆڕانکاری وی دەردو ڕەنجی دەکێشا. بە حەقیقەت هێندەی نەمابوو کە ئیشی ئەو ژنە چارەڕەشەش، کە ناچار بوو لە گەڵ ئەو شیتە ژیان تیپەڕکات و قسە قووت داتەوەو کەڵپەو سەگایەتی وی هەڵگا، بەرەو شێتی بەرێ.

لە حاڵێکدا کە دەهات حەوسەلە بە کاری شوانیش لە دەست بدات، شوانکاریەکی وەک(بەردەست)بۆ خۆی دامەزراند بوو، کە زوربەی ڕۆژەکان میگەلە مەڕەکەی بە وی دەسپارد و بۆ خۆی لە ماڵ دەماوە، هەتا بە ئیستلاح و چان بدا. بەڵام ئەو مانەوە لە ماڵ کە هیچ وچان نەبوو، بۆ ژنە بێکەس و بێدەر و مناڵەکانی بێتاوانی بێدەرەتانی، چۆرتم و تاڵاوی رشبوو، کە دەکرا ئەوی وەک عەزابی جەهەنم لە بۆ وان لە حیساب بێنین. رێوو شوێن و کردەوەی بە ڕادەیەک توندو تۆسن و توورە ببوو، کە بە بچکۆڵەترین بێنوو بەهانە لە خاوەری دەدا و لە هۆدەی دەهاویشتە دەر،و منداڵەکانی بە نزمترین دەنگ کە لە دەمیان هاتبوایە دەر، دادەگرتە بەر جێنوو قسەی سووک و بێڕیزی بە خەسوی و خەزوری کرد.

کاتێک کە دەنووست لە ناکاو وەکوو خەونێکی مەترسیداری بینیبێت، یان کامووس گرتبێ، لە ناو نوین دەردەپەڕی و هاواری دەکرد و دەیقیژاندو دەکەوتە گیانی ژن ومناڵەکان، ئەوەی بە دەمی دا دەهات نەیدەگێراوە. مەنسوور کوڕە شەش ساڵەکەی قادر باشتر لە داک و خوشکی لە بەرامبەری ئەو ناخۆشخوڵقییە، خۆڕاگر بوو، هەر کە دەیبینی ئەوە دیسان باوکی کەفی هاتۆتە سەر زارو داری بە بەردی دادەداو، بەردی بەداری، لە ماڵ وەدەر دەکەوت و لە گەڵ مناڵەکانی هاو تەمەنی خۆی لە کۆڵان وکۆچە خەریکی گەمە دەبوو. بەڵام شیرن بە پێچەوانەی کەترەخەمی و بەهاسانگرو سەهەندەیی براکەی بوو،و دڵی نەدەهات و چاوی بەرەدایی نەدەدا، لە بەرامبەر سێلاو لێمشتی بە خوڕینی قەڵس و دەرهەڵبوون و بێتەبیاتی باوکی لاتەریک ودوره پەرێز تەماشاچی بە تاڵکردنی کول وکۆی باوەکی لە داکی بێت. لەو جۆرە وەختانە کە دەیدی کە باوکی دەرهەڵبووەو، ئەوە داکی مەزلوومی گرتۆتە بەر پڵاری قسەی سووک و جنیو و لێیدەدا، خویداویشتە نێوانیان، داوین یان شاقەڵی کەوای باوکی دەگرت و دەکێشا بە پاڕانەوە داوی لێدەکرد لە لێدانی دەست ڕاگرێت، ئەو زارۆکەی گچکەو ڕەزیلە و بیتاقەت، زۆرکەڕەت لە کاتی پێشگیری لە زوڵم و زۆری باوکی وەبن دەست و پییان دەکەوت و شەق و مستی نسیب دەبوو،دەستی بەگریان دەکرد لە عەینی حاڵێشدا لە دایکی دەپرسی: دایە گیان باوکم بۆچی لە تۆ دەدات؟

وچونکە لەوپرسیاری زارۆک فرمێسک لە چاوەکانی دایکی دا کۆزیلەی دەبەست شیرن بە خەیاڵی خۆی دڵی دەدایەوەو دەیگوت:

داکە گیان،مەگری،ئەمن لە باوکم دەدەم! خاوەر لەو خەمخۆرو نازکێشیە کیژەکەی خۆشویستی ئەو هێندە خەفەت دا دەگرت و دڵی دەسوژیا بێئەوەی بیهەوێ ئەوی لە ئامێز دەگرت،فرمێسکەکانی بەشخوراوانەو زوڵملیکراوانەی خۆی لە گەڵ ئەسرینەکای وی تێکەڵ دەکردو بەکیژەکەی دەگوت:

*نا،شیرین گیان،نا. لەو جۆرە کاتە ئەتۆ لە باوکت نزیکەی مەکە،ئەو شێت بووە، لە تۆش دەدا. شیرن بێئەوە مانای "شێت" بزانێ چییە، چەند پات دەکردەوە دەیگوت: شێت بووە شێت!*

*ئاکارو ڕەفتار و کردەوەی قادر نەک تەنیا لە گەڵ خێزان و منداڵەکانی، بەڵکوو سەبارەت بە خەڵکی دیکەش زۆرو کەم ئەوەی هەڵسووبنیشی باشیان لە گەڵ هەبوو گۆڕابوو، و هەر کەس کە دوو قسەی لە گەڵ کرد بوایە بۆ مەبەست پرسیارەکی لێکرد بوایە، کابرا زنجیری دەپساندو زۆر بە بێئەدەبانە وەڵامی دەداوە. هەتا دەڵێن ڕۆژێک لە کۆڵانیکی دێ تووشی حاجی مستەفای باوکی زارا، دەبێت و جگە لە بێحورمەتی هەتا بە ڕاشکاوی هەڕەشەی لێکرد بوو، ئەگەر کیژەکەی نەداتێ بە حیسابی دەگات و دەیکوژێت.*

*دەڵێن حاجی سەرەتا لە هەڕەشەی بێتامی وی کە بۆنی شێتانەی لێدەهات ترسی ڕێنیشتبوو.بەڵام دوایی پێی پێکەنیبوو بە دوای ئیشی خۆیدا چوو بوو.*

*بێئوقرەیی و پەشێواو پۆشەکاوی بێئارامی و تێکچوونی حاڵی قادر، بە پلەو دەرەجەیەک گەیبوو کە ئیدی تاب و برست و تاقەت و خۆراگری ئەو هەموو خودە خودەو نامرادی نەبوو، بڕیاری دا بە شیوەی قەدیم کە لە کوردستان بۆتە عادەت و نەریت، گراوی خۆی هەڵگرێ و لەو ناوچەیە بۆ ناوچەیەکی دیکە بڕوات کە بتوانیت لە وێ پێکەوە بە ئاسودەیی ژیان بەرنە سەر. ئەو ڕێگاو ڕەسم و نەریت و عادەتی کەونارا، تەنیا دەرمان و عیلاج و مەڵحەمی ئەو دڵی نەخۆش و بێمارو ماندوو وەڕزو بێتاقەت و برینداره، کە تا ئێستا بۆ لاوان و کیژان کورد لە باو باپیرو ڕەچەڵەیان بە ئیرس بۆ ماوەتەوە.*

*گەنجێک ئەڤینداروو دڵدۆڕاوی کێژەکی دەبێ و بە دڵوو گیان و روح و هەست و نیست و ئیمان وباوەر هەتا هەموو وجودی خۆشدەوێت. کێژێکی جوان و لە بەر دڵان و خۆشکۆکیش ئاشقی ئەو کورە جونچاکەیە، بە تەوای ئەندامی لەشی ئەوی دەپەرستی لە خوای دەخوازێ کە ڕۆژێک بتوانێ مێرد بەو کوڕە بێگەردە بکەت وپێکەوە بنەماڵەیەکی پێکبێنن و خانەوادەیەکی لە سەر بناخەی و هیمی ئەو ئەوین وئەڤینداری وموحیبەت و هەستی خۆشەویستی و سروشتی دابمەزرێنن،بەڵام دیاری نادا بە چ کۆسپێک، ئاخۆ بە هۆی نەبوونی ماڵی دونیا و سامان، یان بە هۆکاری دیکە باوک و دایک و براکانی بەو ئەوڤینداریە ڕازی نین و حازر نین بۆ پێگەین ئەو دوو لاوە مل دانیوێنن و ڕەزامەندی بدەن، و لە ئاکامدا بۆ هەر دووک لا، یانی: ئاشقەق و ماشقە ئەوەی وەک دەسکەوت دەمێنیتەوە، ئاخ و دردو خەم و کول هەڵرژتن و فرمێسک باراندن و هەڵوەراندن و کۆڵەواری و دەردە دارییە. هەر دووک لە هەر دوو ئاسمان ناڵە سکالا دەکەن، هەر دووک، لە هەموو خۆشی دونیا بێ نسیب دەبن، هەر دووک دڵ کاول و وێرانەماڵ و پەشیوە وبێتاقەت بیمیجازو لە نەشە کەوتوو، بۆ چارەنووسی خۆیان لە عنەت دەنێرین ، وشەوێک ئەگەر شانس بینینی یەکتریان لە پەناو پەسیوەکی جێ ژوان، بۆ وەدەست کەوێ و بلوێ، چەند چرکەیەک لە رەخ و قەراخ یەکتر دوو سێ قسەی ئەڤینداری و خۆشەویستی لە خوێ وەردەن، بەڵام ئەو لەزەتەی چرکەی زوو تیپەڕیوو تێکەل بە خەم و دەردو حەسەڕەتی دەردی بێمرادی، دەردی وان دەرمان ناکات و شڵتەو مەڵحەمیک لە سەر دلێ*

*بریندارو بەژان و پڕ لە ئێش وئۆف و پەشیوو تاڵچیژی وان دانانێت. بەناچاری وبێدەرەتانی بڕیار دەگرن پێکەوە ڕاکەن وبڕۆن بەلکۆو ئاسۆی بەخت و ئیقبالیان بۆ بێتە ژوان،بەڵام دەبێ ئەمەیان لە بەر چاو بی کە کەسوو کاریان بە شوینیان نەزانن،دووەم بوارێکی لە بار بۆ پێهێنانی کارو پیشە بۆ دابین کردنی ژیان بنچینەی بنەماڵە بدۆزنەوە و بتوانین زەماوەند بکەن. چاوپۆشی لەمە کە ئەگەر داک و باوکی ناڕازی و ڕق ئەستووری کێژەکە، ئاگاداری شوێنی دانێشتیان بن، ئیدی کاریک لە دەستی ئەو دوو لاوە نایە، چونکە ئەو جار کە بیئاگاداری داک و باوکیان زەماندیان کردوە، خۆیان لە بەرامبەر کارێکی ئەنجامدراو قەرار داوە. لەو جۆرە شێوازە دا خۆ بەختکری و سەر لە پێناو نانی کچەکان لە کوڕەکان زیدەترە،وا دابنێین کە لە دوایی زەماوند، بۆ ماڵ گڕانەوە، دیسان ئەوندەی کە کیژ لە لای باوک و داک و خزم و کەس و کاری دەکەوێتە بەر پلاری توانج و سەرکۆنە و بێحورمەتی، کوڕ وا نییە. کیژیکی ئەوها ئیدی ڕووی بینینی باوک و دایکی نییە، هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی وی بە چاوی سووکی لێدەڕوان وهەڵسوبنیشی لەگەڵ دەکەن و ئەوی بە بنەمای سەر شۆڕی دەزانن و لە قبوڵکردنی لە ماڵێخۆیانڕوو وەردەگێڕن. باوک ئیدی ئەوی بە کێژی خۆی حیساب ناکات و برا ئەوی بە خۆشکی خۆیان نازانن، خزم و کەس وکارو ئەقرەباش هەر بمجۆرە، لە سەر یەک جگە لە مێردەکەی هیچ کام لە کەس و کاری ویش بە چاوی ڕیزو ئیحترام لە کیژی ئەوها ناڕوانن و رووی مهێربانی پێ نیشان نادەن.*

*((ئەویش ئەو چارە نووسە لە لێکدا نەسیبی کیژوکوڕی "ڕەدووکەوتوو" هەڵگیراو)) دەبێ، کە ساخ و سەلامەت و بێدەرد سەر وکێشە لەگوندی خۆی ڕەدوو کەوتوبیت و لە شوێنێکی ئەمین و بێترس مارە کرابێ، دوایی ماوەیەکی دوورودرێژ بۆ گوندی شوێنی دانیشتن گڕابێتەوەو یان هەر لە وێ زەماوندی کردبیت و مابێتەوە.*

*(( بەڵام شێوازی ئەوهاش دێتە پیش کە کاتێک کوڕ،کیژ هەڵدەگرێ و بۆی دەردەچن،لەوانەیە، باوکی داکی کێژەکە بڕیارگربن بە دوایاندابچن و مەسەلەکە بکەوێتە چوار چیوەی مەترسیکی بێ قەرەبۆ. لەو هەلوو مەرجەدا ئەو کێژو کوڕە، دەبێ خۆیان لە ماڵی ئاغایەکی بە دەسەڵات، هاویشتوایە کە کەڵ لە بەری وزەی لێنەهاتبوایە، ئەوان قودڕەتیان بەسەر نەشکابوایە، یان ماڵی شیخ و مشایخ و مەلایەک ئەو هەی لە لایەن ئاغا ڕێزوحورمەتی هەبوو، جار وەبوو ئاغای گوندەکە ئەو سەر شۆڕییەی بە ئی خۆی لە قەڵەم دەدا، ئیدی بۆ خۆی لێ دەخەفتا کە بیانگرێ وغولامەکانی وەدوادەخست، بەڵام لە هەر حاڵدا ئەگەر داکۆکیکەرەکایان زل بوایە ئەوە ئاسودە بوون دەنا وەهەبوو بیانگرن و کێژەکە لە کوڕەکە بستێنەوە بە زۆرە مل بە یکی دیکەی بدەن، ئەوجۆرە چاخە ئاستەمانەدا ئەوکوڕو کێژە دەبوایە خۆیان وەشاردبوایە بەکورتی و کوردی دەبوایە شانسیان هەبوایە کە لە بۆسە نەکەوتبوان وبۆ یەکتر ببوان، بەلام واشدەبوو کە خۆشەویستی یەک لایانە دەبوو، یانی هەر کوڕەکە کێژەکەی خۆشدەویست،کچەکە ئاگادار ئەوینی کوڕەکە نەبوو کە کار دەکەوتە گێچەڵی بەزۆر ڕاکێشان!! یانی: ئەوکات چەند لاوی نەمژی عەپەلۆر ڕێکدەکەوتن و زورملی و بە زۆری زۆر داری کێژەکەیان لە دەرەوەی دێ خرۆچۆم دەکردو دەگرت وکوڕە تیی دەرسا، و ئەمە هەر چەند قەباعەت بوو بەڵام غولام و وەرزیری ئاغای عەپەلۆر زۆر جار ئەو*

کارەشیان دەکرد، بە داخەوە مەلاش بە قسەی ئاغا کیژەکەی لێ مارە دەکرد. زۆر جار لە ژن ڕاکێشانی ئەوها بە زۆرە ملی کزی کیژەکەیان لە بنەورا دەڕیناوە. وەرگێڕ))

قادریش بڕیارەی هەڵگرتنی لە دڵدا گووراو بوو، دامرکانی دڵی دەردەدار و بریندارو نەپشکۆتووی خۆی دەهات بە لاسا کردنەوەی ئەو ڕێی و ڕەسموو دابە ونەریتە، دەستەو داوین کات.، یانی زارا هەڵبگرێ و پێکەوە سەریان بۆ شوێنێکی دیکە هەڵگرن، هەتا بتوانن دوور از چاوی نەیارو دوژمن زەماوەند بکەن. بەم مەبەستە،شەویک کە زارا-ی لە ڕەخ کانی بینی، گەلاڵەی خۆی لە گەڵ وێ هێناگۆڕ و باسی لێوە کرد و پێشنیاری ڕەدوکەوتن و هەڵگرتنی بۆ شیکردەوە و گوتی ئیدی چاوەڕوانی کەلکی نییە،وەرە ڕەگەڵم کەوە، هەتا بەو سەرگەردانییەی پڕ لە خەم و حەسرەت دوایی بێنین. زارا سەرەتا ترسی ڕێنیشت، بەڵام پاشان وردە وەردە حازر بوو کە ڕەدووی بکەوێت.

قادرگوتی: زارا-ی خۆشەویست، هەتا کەنگێ ئێمە دەبێ لە یەکتر بە داخ و کوڵ وحەسرەت بنۆڕین لە سێبەری خۆمان و لە خشپەی پێێ خۆمان خۆف بکەین وبرەوینەوە!

زارا،بە بێچمێکی بۆژماو (دلتنەگ وگەریا)دڵ پڕ لە خوین وپۆشاکاو گوتی: قادر گیان،مەبەستەکەت بەباشی حاڵیبووم، چێت گەرەکە بێژە؟

دەمهەوێ بڵێم کە ئێمە هەتا ئەو وەختەی کە لەو گوندێین،هەتا تۆ باکێکی وەک حاجی مستەفات هەیە، وئەمن هەتا لە قەراخ ژن و منداڵەکانی خۆمم، هیچ کات پێگ ناگەین و ناتوانین بە ئارەزوی دڵی خۆمان ناگەین و دەستمان وە زەماوەندە راناگات. لەبەر ئەمە پێشنیارت پێدکەم وەرە هەتا ئەم شەو پێکەوە بۆ(قارنجە) بچین. ئەلێرەرا بۆ وێ ڕێگای دوو ساعەت زۆرتر نییە،و خالّم ماڵی لەو گوندەیە. دەچین و چەند ڕۆژێک لە وێ دەمێنێنەوە. دوایی ،ئەگەر ویستمان لەوی بمێنینەوە،ئەمن ئیشێک دەدۆزمەوە،و ئەگەر نەشمان ویست، دوایی ئەوەی کە پێکەوە زەماوەندمان کرد بۆ ماڵ دەگەڕینەوە و هەموویان لە بەرامبەر کارێکی ئەنجامدراو ڕادەگرین.

زارا،گوتی: ئەیەڕۆ!! ئەمن نەشێم ئیشیەکی ئەوها بکەم.

قادرپسیاری لێکرد؛ بۆ؟

بۆیە ئەگەر براکانم بمگرن دەمکوژن،و باوکیشم لە بەر سەر شۆڕی و بڵاری سەر کۆنەی خەڵک دەق دەکات و دەمرێ. قادر گوتی: ئەتۆ لە هەڵە دای. دڵنیابە کە نە براکانت ورەی ئەو کارەیان هەیە کە بە خواری چاو لە تۆ کەن و نە باوکت لە خەم و خەفەت کارێکی وا دەکات کە بمرێ. خۆ ئەتۆ کارێکی خەراپ ناکەی، ئەتۆ مێرد بە من دەکەی کە دڵت ویستوویەتی.

زارا،کەمێک لە فکر ڕۆچوو پاشان پرسی: یانی دەڵێی ئێمە کەنگێ بڕۆین؟ هەر ئەم شەو.

زارا گوتی: ئەمشەو بۆ من بووز ناخوات و ناگونجێ. ئەمن دەبێ هێندیک لە سەری فکر بکەمەوە. ئەتۆ ئەوە بڕیاری خۆت گرتووە، بەڵام ئەمن هێشتا لەو بارەوە بڕیارم نەگرتووە.

قادر گوتی: بڕیارگرتن کارێکی نییە. هەر ئێستا بڕیارەکەت بگرە. مەگێن نەتبیستووە کە گوتوویانە: ئیشێ ئەو ڕۆ بۆ سبەی مەهێڵەوە! زارا گوتی نا ئێستا نابێت. مەسەلەیەکی گرنگ و پێوستی بەچارە نووسی ژیانی ئێمە هەیە، کەوا بوو نابێ ئەوی ئەوها بێ تێڕوانین و بێبار بگرین. ئەمن ئەو شەو لە ماڵ دەبم لەم بارەوە بەشێوەیەکی مجد فکر دەکەمەوە. ئەتۆش لە ماوەی ئەو دوو سێ ڕۆژە چارە نووسی ژنوو مناڵەکانت یەکلاو دیاری بکە. ئەو چاخ، یانی: دوایی سێ شەوی دیکە ئەلێرۆکە یەکتری دەبێنینەوە و هەر لێرە را وەڕێدەکەوین.

زارا ئەمەی گوت و پاشان گۆزەکەی هاویشتە سەر شان و بەرەو ماڵ وەڕیکەوت. قادریش بە دڵێکی کولاوە، بەڵام تەژی لە خۆشحاڵی هیواو ئومیدەواری بۆ ماڵ گەڕاوە، هەتا وەکوو زارا، بە وی گوتبوو بۆ ژن و مناڵەکانیشی فکرک بکاتەوەو چارە نووسیان ڕووکاتەوە.

حاجی مستەفاش لەو ڕۆژەوە کە مەجیدخانی کوڕی ئاغای لە شەڕ لە گەڵ شکاکەکان یانی : چەکدارانی "سمایل ئاغای سمکو" کوژرابوو، قادریش چەند جار بەربینگی پێگرتبوو، بێحورمەتی پێکرد بوو، بڕیاری گرت کە لەگوندی "حاجیاوە) کۆچ کات و بۆ گوندەکی دیکە کە چەند لەو ناوچە دوور نەبوو، یانێ: بۆ(قەڵای رەسوو سیت) بڕوات. فکری دەکرد کە ئیدی بوونی لە حاجیاوە مەسڵەحەت نییە، چونکە بە کوژران و لە ناو چوونی مەجیدخانی زاوای، کەسێکی ئەوهای نە لە مەڕ شان وپلەو پایە هەمکووفی خۆی پێشک دەهات ونە بۆ داکۆکی لێکردن لە مافی وی لە بەرامبەر ئاغای گوندو ئەوانی تر. جگە لەوانەش ئاغای(قەڵای ڕەسووڵ سیت) قەولوو قەرای زۆر باش و رێکوو پێکوو ژێهاتی سەبارەت بە یارمەتی لە هەر بارەوە بە وی دابوو. لە وەرزی پاییزیش زیدە لە پانزدە ڕۆژ تێنەپەڕیبوو لە بەر ئەمە باشترین وەختی ساڵ بۆ کۆچ کرد بوو

(( کاتی بارکردن بۆ وەرزیر، کات سەرەتای بەهار بوو، نەک پاییز.وەرگێر)

حاجی چ لەمپەرێکی لێرە نەدەدی کە لە ماوەی دوو ڕۆژ دا لە"حاجیاو" بار بکات بۆ شوێنی تازەی بگوێزێتەوە.

زارا،هیچ جۆرە خەبەرێکی لەو بڕیارەی تازەی باوکی نەبوو، کاتێک لە وی ئاگادار بوو، ئیدی کار لە کار تێپەڕیبوو، ئەو نەیدەتوانی چ دژ کردەوەیەک لە خۆی نیشان بدات. باویش بوو کە گەورەی ماڵ لەو بڕیاری کە دەیگرت ئەگەر درکانی وی بە پیویست نەزاننی بوایە، ئەندامانی بنەماڵەکەی ئاگادار نەدەکرد و بڕیسکەی مەسەلەکەی بۆ نەدەکردنەوە. حاجیش بە ڕیزگرتن لەو سونەتەی کۆن، شتێکی لەو بارەو بە زارا نەگوتبوو، تەنیا خیزانی ئاگاداری مەسەلەکە کرد بوو.

حاجی سبەی ئەو شەوی کە زارا لە ڕەخ کانی باسەکەی لە گەڵ قادر بڕیبۆوەو قەول و قەراری بۆ سێ شەوی دیکە دانابوو، خۆو بنەماڵەی حازر بۆ ماڵگوزتنەوە کرد بوو. لە ماوەی چوار کاتژمێر هەموو کەلووپەل و شرۆشاڵاتی ماڵەکەی خۆی بە پشتی ئەستر لە گەڵ ماڵوو منداڵەکانی وەرێخست.

زارا لەو بڕیارەی بە پەلەو لەزی باوکی و لە بڕێوەبردی ئەوها دەست و جی وا خافڵگێر ببوو کە هەتا نەیتوانی بۆ خودا حافزی بچێتە لای قادر،و هەر چەندیش تیکۆشا و حەولوو دەولیدا بە بێنوو بەهانەیەک خۆی بگەێنێتە قادر و لەو هەلوو مەرجەی کە بۆی هاتۆتە پێش، ئەوی ئاگادار کات، بۆی بۆزی نەخوارد. سەرەتا بە خەیاڵیداهات کە "خانەی" بۆ لای قادر بنێرێ، بەڵام دوایی فکری لێکردەوە ئەو کارە زبر لە حیسییەت و ئابڕوی دەدات و لەوانەیە دوارۆژیکی باشی لێنەکەوێتەوە، چونکە ئاگداربوونی "خانە" بە ئەوینی ئەوو قادر لە بارنییە و بەڵکوو کرێتیشە. دوومی ئەگەر قادریش لە مال نەبێت، لەوانەیە خاوەر بۆنی قەزیەکە بکات وخەرێکی حەولوو تەقەلای خۆی بێت، کە چەتی لە کارەکە باوێژی و بۆچلتری بکات.بەو شیکردنەوە،بەلام دڵی لە دەریا داو،تەواوی ئەو هەموو ناخۆشخۆیی لە بەرابەر ئاشق و ئەڤینداری خۆی بێ خودا حافزی بە هیچ ئەژمارد،خانەی کارداری بە نهێنی بۆ لای قادر نارد.

خانە،دوایی نیو ساعت گەڕاوە بە "زارا"ی گوت: کە قادر لە ماڵ نەبوو، چوو بوو سارا، لەو نیوەش دا بە زار-ی متمانە دا کە خاوەری خێزانی قادر، ئەوی نەناسیوە،دەجا نازانێ کە ئەو قاسید و راسپاردە زارا-بۆ قادر-ە.

زارا ویستی (خانە) بۆ دەرەوەی گوند بنێرێ هەتا بچێ و قادر لە هەر شوێنێک لە دەورویشی دێ بێت، میگەلە مەڕەکەی وی بێدۆزێتەوەو لەو ئەم خەبەرە ئاگاداری بکات،بەڵام ئاخر لە کام شوێن کام چیاو گەڵی و تەپۆڵک و شیوو دۆڵ و بەرپاڵ و ونیزارو چەخت و هەڵەمووت و زەنوێر و سەر ئاوو لێواری چەم و کانی و کانیاو شوێن و، لە کام قولیچکی چیا، ئاخۆ میگەلەکای قادر مۆڵدراوە.

بۆخانەی خزمەتکار کە هەر جرکەیەک ئیمکانی هەبوو، حاجی کار پێبێ و گاسی کات وەدوای کارێکی پێوێستی بخات، ناردنی بۆ دەرەوی گوند بۆزی نەدەخوارد وپێکهێنەری دەردە سەر بوو. زارا، کە لەو ڕێگایەش نائومید دەبوو، بەمەجبووری لە باوکی داواکرد کە لە ناردنی وی لە گەڵ کاروانی ماڵەکەیان چاوپۆشی بکات،ئەوەی بۆ ئاخرین کەڕەت لە"حاجیاوە" بهێڵێتەوە سبەی لە گەل خۆی بیبات،بەڵام حاجی ئەو داوایەی بە دەرهەڵبوونێکی توند ڕەت کردەوە، ئەگەر چی ئەو مەبەستی کێژەکەی بۆ گێڕانەوە لە دێ بۆ شی نەکردەوە وە ڕووی نەهێنایەوە، بەڵام دەیزانی بە چ هۆکارێک دەیەوێ ڕۆژێک زێدە لە (حاجیاو) بمێنێتەوە.

زارا،بە نابەدڵی و مەجبووری لە گەڵ کاروان وەرێکەوت،لە حاڵێکدا کە فرمێسکەکانی لە ناوچاوی کۆزیلەی بەستبوو، بە پانایی ڕوخساری و کۆڵمەیدا بە لووزەو دەهاتە خوار. بە هەڵکێشانی هەزاران ئاخ

و ئۆف و کولوو دەرد، لێوارەکانی زەنوێری سیمینە رودی و لەوەرگەکانی بژوێنی شیناوردی دەرەوەی گوندی کە یادگاری بەجێماوی ڕۆژەکانی خۆش و قەت لە بیر نەچوو ئەویینداری وی لەگەل شوانی جوانچاک بوو، لە نەزەر تێدەپیراند، ئەوانی یەک بەدوای یەکدا بەجێدەهێشت. داکی زارا، ئاگاداری فرمێسک هەڵوەرێنی خەم و کول وخەمگینیی و دڵتەتنگی و نائارامی کیژەکەی بوو، و بەو فکرو لێکدانەوە ئەم دڵتنەگییە تەنیا ئی دووری لە گوندی حاجیاوەیە، و کچۆڵە پیبخۆش نییە لەو دێیە بۆ دێیەکی دیکە بڕوات، زۆر جار دڵیدەداەوو، دەیلاواندەوەو سوێندی بۆ دەخوارد، کە گوندی "رەسول سیت" زۆر لە وێ خۆشترو بە زەنوێرو شیناوردو خۆش ئاوو هەواتر لە حاجیاوایە. بێگومان زارا زۆرتر خۆشی لێدێت و پییخۆشتر دەبێت. دەجاکە وابوو هۆکارێک نییە کە بۆ گوندی حاجیاوە بگرێت. زارا فرمیسکەکانی دەسترپیەوە و تەنیا وەڵامێک کە بە قسەکای دایکی دەیگوت: دەیەوێ پێشی گریانی بگرێ. زارا لە تەوای ژیای خویدا وەک ئەو چرکە دڵتەنگ و نەفس سوارو بێن تەنگ وخەمناک و دڵ پڕ لە خوێن و پۆشکاوەو نەبوو، چ چرکەیەکی ئەوها ناڵەبارو خەماوی و چە ڕۆژێکی ئەوها تاڵی بۆ نەهاتبووپێش، ئەوها تاڵ کە ئاشقە لە ماشقەی خۆی ئەوها بیخەبەر لە خۆی لە چۆلوو سارا بە تەنیا بهێڵیتەوەو بۆخۆی بێ خواحافزی ئەوی بەجێبهێڵیت وبڕوات.

کچۆڵەی ئاشق و دڵدۆرراو بێ ئاراوو قاراو وشێت شەیدا، هەتا بانگی عیشا بۆ چوونی شوێنی تازە لە ڕۆین دابوو، و هەتارۆژ ئاوابوو هەزار جار زۆرتر لە جادەی حاجیاوەو دەشت و ساراو کێوەکانی دەورویشتی وی ڕوانی، هەتا بەڵکوو بە پێی شانس چاوی وەمێگەلە مەڕەکانی قادر، یان بە خودی وی بکەوێ،بەڵام ئەو خەیاڵە بۆی جلی کردەوە لە بەر نەکرد و ئاسکی ئەو هێوایەی بۆ دەستەمۆو نەبوو. کاتێک کە شەو بە سەر دەستاندا هات گەینە(قەلای ڕەوسووسیت) هەر چەند باخەکانی یەکجار دڵڕاکێش و خۆش ئاوهەوا بوون و دەیانجار جوانتر لە گوندی حاجیاوە، بەڵام لە بەر چاوی زارا، لە زیندانێک وێوەتر نەبوو.

کاتی واردبوون بۆ ماڵی نوێ، دڵی زارا بە ڕادەیەک گیرابوو،و لە دوووره پەرێزی ویەکتەنی لەو ماڵە نامۆو بێ دیوناس، ئەوەندە پلمە ژیاک(دڵپەڕ) وەک گوڵی ژاکاوی لێهاتبوو و بە تاقی تەنیا چوو ناو هۆدەکە، دەستی بە گریان کرد. چونکە ئەو شەوی باوکی لە گەڵ مناڵەکانی تر لە وێ مابوونەوە، ئیدی بێ مننەت لەوە،کەس لە پسیارانی بگرن. هەتا سبحەینە بە بیرەوری و خەیاڵی قادر فرمیسکی ڕشت و لە پشتی پەنجەرە لە ئەستێرەکانی ئاسمان کە دەدروشانەوە و چاوی بڕیبوو دەگریا.

نزیکانی ڕۆژ ئاوای ئەو ڕۆژێ کە زارا لە گەڵ کاروانی کۆچباری بنەماڵەکەی بۆ گوندی تازە، یانی(قلای ڕەسووسیت) دەستی بەرۆیشتن کرد، قادر مێگەڵە مەرەکەی لە لەوەرگای دواێنی چیا بۆ لێوارەکانی "سیمینەرود" نزیک کێو بەرو خوارو دادەگێڕا خوار، و چاوەڕوان بوو هەتا بە پێی عادەت بێریەکان بۆ شیر دۆشین بێن و پەزەکان بدۆشن. بە تایبەت ئەو چاوەڕوانە زۆرتر بە هۆی زارا بوو کە ئەویش هەموو جارێک بۆ شێر دۆشین دەهات دڵی شوانی چوانچاکی بە بینینی ڕووی جوان وخوشکۆکی خۆی و ئاخافتن،

چەند چرکە تێپەڕ دەکرد وەک گوڵ دەپشکوواند. ئەو ڕۆژی قادر بە چاوەکی تایبەت و ناخارا، لە مەڕەکانی دەڕوانی، دەتگوت لە گەڵ تاک تاکی وان بە زوانی بێزوانی خودا حافیزی دەکرد، چونکە دەیزانی کە بە پێی ئەو قەولوو قەراری کە لە سەر لێواری کانی دایاننابوو، دوو شەوی دیکە پێکەوە لەو دێیە بۆی دەردەچن، و وێدەچی بۆ هەتا هەتایە، ئەو ئاژاڵە بەستەزوانانە نەبینێتەوە کە هەتا ئێستا لە ژێر سێبەری داکۆکی وی و سەگەکانی بوونە، بە ئەمانی خانەو بە ئەمانی خودا بسپێرێ. لە وانەیە کە ئیدی ئەوان هیچ کاک نەگەڕێنەوە.

قادر بە چاوەڕوان لە هاتنی بێریەکان ئاوایی، بلوێری خۆی لە بن قەفی پشتبیند هێنادەر،لە بن سێبەری داریکی شەنگە بێ دانیشت، بە هەستێکی بە سۆزی دڵی ئاگراوی هەوایەکی تایبەتی فولکلوری کوردی و خەماوی و دڵسوتێنەری(حەیران) کە زیدە لە هەر گۆڕانیکی تر لە دڵی خەماوەی شوان کار تێکەر بوو لەلیوەکانی جوان، دەست پێکرد.((حەیران، یەکێک لە گۆڕانیەکانی یەکجار فولکلورو رەسەن و خەماوی میللەتی کوردە، کە بە سازی تایبەت بە بلوێر باشتر لێدەرێ و لەرەکانی دڵبەکوڵی وی، وەبیر هێنەری باشیلی و غەواریی ئەراکیلی گراوی و نیشاندەری ئەڤینێکی ئاگرین و جێگر دڵی گۆڕانی بیژە. ئەم ئاوازە مرۆڤ نوقمی خەم و دەردێکی زۆر و تایبەت دەکات و ڕۆدەچووینێ، و ئەگەر گۆرانی بێژ ئاشق بیت وەگریانی دەخات.

قادر هێشتا هەر خەرێکی بلوێر ژەنین بوو، کە ڕێزوسەفی ژن و کێژانی بێری لە دوور وەدەرکەوت. ئەو هەر وا لە بلوێری دەتوراند ، هەتابێری گەینە جێ و یەک یەک بە دوای مەرکانیان کەوتنە سوران، ئاو کات قادر لە جێی خۆی هەستا و بەرەو پێریان چوو، هەڵبەتە زۆرتر بەو هیوایە کە زارا لە ناو ئەواندا ببینێ! بەڵام سەیر ئەمە بوو هەر چەند لێیان ورد بۆوە لە زارا، سەرو سوراخێک وەبەر چاو نەهات. پەشێواو ئاڵۆزو سەر لێشێواو، نەهاتنی وی لە بێریەکان پرسیار کرد، هەتا بێئەوەی چ بایەخ بۆ حزوەری خاوەری لە ناو ئەو کۆمەڵە دا بنێت. لە کیژەکانی پرسی ئەدی زارا لە کوێیە؟ ئەو بۆ نەهاتووە؟

مریم ئەو کیژۆڵە شەیتانە، کە هەر وا گەمەی بە قادر دەکرد بە پێکەنین لە وڵامدا دەستی وەپێشخست و بەروو هەڵماڵاویەکی چاوەڕوان نەکراو، گوتی:

قادر کوڕی چاک خەجاڵەت ناکێشی! مەگین نابینی کە خێزانت خاوەر لێریە؟

تۆ چ کارت بە زارا هەیە؟ زارا ڕۆیی،شوکری خوای کە ڕۆیی،چونکە خۆت و خێزان و منداڵەکانت لە دەستی وی ئاسودە بوون. ئەو دوو ڕۆژانە جاجی بەدوای ئاژاڵەکانی دا دێ لە تۆیان وەردەگرێتەوەو دەیانباتەوە.

کار تێکەری دەرد هێنەری ئەو خەبەرە تاڵە، زۆر بە هێزتر لە زەبرێ لێدانی خوترەو تێلا لە کاژێلە سەری قادر بوو. شوانی جوانچاک لەو پەیڤینانە سەرەگێژەی گرت کە نزیک بوو وەهەرد بکەوێ. بە چەتوونی جڵەوی لە دەست دەرنەچوو خۆی راگرت بە پۆشەکاوی پرسیاری کردەوە:

چلۆن... ئەوە چ دەڵێی؟ ... زارا ڕۆیی؟ بۆ کوێ ڕۆیی؟ بۆ چی بە منی نەگوت؟ تۆ گیانی دایکت بە ڕاستی وا دەڵێیت، یان گەمە دەکەی؟

بەڕاستی شێوا بوو، گۆڕانکاری بە سەر جەستەو چرو چاوایدا هاتبوو کە نەیدەزانی چ بکات و چ بڵێت. هەر پرسیار بوو کە بە دوای یەکدا لە دەمی دەردەپەڕی، ئەگەر پێکەنینەکانی مریم پێشی قسەکانی نەگرتبوایە، لە وانە بوو لەپرسیار بەردەوام بوایە.

مریم جارێکی دیکە دەستی بە پێکەنین کرد، و لە ئاکامدا بە شیوەیەکی تەوس و قومار پێکردن و گاڵتە جاڕ وتی: -جەفەنگی چی؟ چ جەفەنگێکم لە گەڵ تۆ هەیە؟ ئەمن دەڵێم زارا ڕۆیی، ڕاستیەکەت پێدەڵێم، بەڵێ، زارا لە گەڵ بنەماڵەکەی لەو دێیە رۆیشت و شوکری خوای کە ڕۆیشت و ئەتۆ ئاسوودە بووی. ئیدی چیدی پرسیاری بێ بێتام و بێجێ مەکە، کە حەوسەلەی پەرسف دانەوەم نییە.

قادر لە حاڵێکدا کە بێگومان لە ناو دڵی خویدا دەگریا و خوینی دڵی دەخواردەوە سەری داخست و ئیدی بێدەنگ بوو. هەژارو ماڵوێران و لیقوماو، دوایی ڕۆیشتیی بیرییان، پاشی نیورۆ مێگەلە مەڕەکەی بە هاواڵشوان ئەسپاردو بە لەزو تاڵۆکە وەکوو شێتێکی زنجیر پساندوو، بە سەر شێواوی بەرەو دێ شۆڕ بۆوە، هەتا لەم و لە وی هەر کەسێک کە بە خەیاڵی خۆی دەیتوانێ شتێکی لەو مەسەلە هەڵکڕانبێت، پرسیار بکات، تا ڕاستییەکە وەدەست بێنێت. هەر چەند دەیزانی کە ئەگەر قسەی مریم راست بێ، و حاجی مستەفا لە حاجیاوا،کۆچی کرد بێ و ڕوێبێت بۆ خۆی راستەوخۆ بۆ وەرگرتنەوەی پەزەکانی بۆ لای دێت، لە بەر ئەمە لە ڕێگای وی دیاری دەدا کە مەسەلەکە لە چ قەراریکە،بەڵام قادر کەسێک نەبوو کە ئەوها بەسەبرو خۆ ڕاگر بێ و بە چاوەڕوان بمێنێتەوە، هەتاحاجی بۆخۆی بێتە لای. ئەمە بوو کە دەست و جێ لە ناو ئاوایی بە تاڵۆکە کەوتە پسیارو، هەمووکەسی وەسەر سورمان خستبوو باسەکەی لە م و لەو دەپرسی.

کاتێک کە لە چەند کەس، ئاگاداری کۆچی ماڵی حاجی بوو و بە تێکڕایی پەیڤینی مریمیان پشت راست دەکردەوە، بیست، بۆی وەڕاست گەڕا کە بنەماڵەی حاجی بۆ(قەلای ڕەسوسیت) کۆچی کردوە، قادری بەلەنگازو بێپەروباڵوو بێدالّدە، تۆۆشی شێوانێکی ئەوها چەتوون و ئاستەم وپریشانحاڵی بوو، کە نەیدەزانی چ بکات وخۆڵی کوێ وەسەری کات. هەنووکە، چلۆنایەتیەکەی پڕ لە ئاخگەو تووشی قەێرانێکی ناجۆر ببوو، لە راستیدا خۆی لە سەر دووڕێیانی ژێوار دەدبینی، و نەیدەزانێ بە کام ڕیگادابڕوات. ڕیگای یەکەم، ئەمە بوو کە زارا لە بیر خۆی باتەوەو ڕۆژانی ئەویندداری و دڵدان بە بای فەرامۆشی بسپیرێ،وکوو مرۆڤێکی خاوەن ئاوەز بۆ ماڵ بگەڕێتەوەو لەگەڵ خیزانی نەجیب و بە وەفا و بستەزمان و مناڵە کچکەکانی دوا ڕۆژی ژیانی لە خۆشی و ئارمی و ئاسوودەیی، بە کارو پێشەی ڕۆژانەی خۆی تێپەڕ کات. بەڵام ڕێگای دوەم ئەمە بوو کە بە دوادا چوونی گەلێک چەتوون و سەخت و پڕدەست ئەندازەو کەندو کلۆ و ناتەراز بوو کە دەبوایە لە گەڵی هەڵکردبوایە و بە شوغلی وپێشەی شوانی خۆی هەر نەبێ لە "حاجیاوە"ی دەست هەڵگرتبوا و بەژیانی هاو سەرو مندالەکانی یەکجارکی پشت کردبواویەو ڕێگای

گوندی "قەڵای ڕەسو سیت" وەپێش گرتبواو کتێبی ئیشق و ئاشقی وئەوین ئەویندارى لە گەڵ زارا کە تازە لە نیوی رێ دایە، بە دواپین بگەێنێت.

ئێستا لە گوندی(قلای ڕەسوسیت) چی بە سەر دێ، ئاخۆ لە وێ سەرکەوتوو بە بینینی زارا دەبێت، یان نا،ئاخۆ زارا-ی بە خەیالی قادر بێوەفا کە بێئاگاداری لە وی لە دێ، باریان کردوە هەتا لە وی خواحافیزیش نەکردوە، چونکە ئەگەر لە سەر قوڵ و بەڵێنی خۆی مابوایە،ڕەدووی دەکەوتوو پێکەوە دەچوونە شونێکی دیکە؟پەرسفێکی ئەریتی بەو هەموو پرسیارانە، ئێشیکی چەتوون بوو، جگە لە وەی ڕاوێژو گەنگەشەو مشاورە پەریشانی و دڵەتەپەی قادری مەزلووم زێدە بکا ڕەنگدانەوەیەکی دیکەی نەبوو. قادر لە رپی گەڕانەوە بۆ ماڵ، هەڵبژاردنی یەکێک لەو دووانەی بە چورتی مێشکی لێکدەداوە و بە توندی تووشی هزرو فکری پێچەوانە ببوو، هەتا لە ئاکامدا کاتێک گەیەوە دەرگای ماڵ، لە دوو دڵی ڕزگاری هاتبووە، چونکە بڕیاری خۆی گرتبوو: بەڵێ ئەو رێگای دووەمی هەڵبژارد بوو. کارێکی ئەوها و بڕیارێکی ئەوها و بۆچوونێکی ئەوها، لە ئەڤینداریکی دڵدۆڕاو کە هەر لە ڕۆژی بەڕایە بینینی زارا، بە هەزار دڵ و دین شێت و شەیدای وی ببوو، ئاوەزی لە ڕێگای وی دۆراندبوو چرکەیەک بێ وی قەرارو عەجمینی نەبوو و لە ئەوین و ئاشقی سەبارەت بەوکیژە هەتاکەمووکەیەک بێ مەیلی سەری هەڵنەدابوو، جێگای سەر سورمان نبوو، سەیر و عەجایبی نەدەنواند. بەڵێ،ئەو بڕیاری قادر بۆ ڕۆین بەرێگای دووەم وپێشت لە خێزان و دوو زارۆکی خۆی و بنەماڵەکەی ئەوها کوتوپڕو ومجدبوو، کە هەر ئێواری ئەو ڕۆژی بۆ ماڵ گەڕایەوە، هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەرکی ژن و منالەکانی دیاری کات، سبەی ڕۆژی دواییش،لە دوای ڕوون کردنەوەی حیساب لە گەڵ خەڵکی دێ بە دوای چارە نووسی دا بڕوات. سەر دەمێک لە کوچەو کۆڵانی گوند خولووسوڕیدا،ڕاوەستاو هەتا کوو هەوا وبان تاریک بوو،ئەو جار بۆ ماڵی خۆی چۆوە، خیزانی بینی کە لە قولینچکێکی هۆدە هەڵکورماوەو منالەکانیش لە ڕەخ وی خەویان وێکەوتووە.

قادر لە کاتی قەدم نان لە ماڵ، پەریشان و بێزارو ڕەنگ و ڕووی تێکچوو بوو، کە خاوەر وای لە دڵی خۆیدا لێکداوە چارە ڕەشیەکی لە ناکاو چاوەڕوان نەکراو لێی لە بۆسە دایە، ببەڵام هیچی نەگوت و وەڕوی خۆی نەهێنا، کە ئەوهای هەست پێکردوە. شوان بە روخسارێکی گرژو تاڵ و قەڵافەتێکی تێک ڕەماو گرژوو مۆن، سیلە چاوێکی لەو دوو منالی بی تاوان کە لە قەراخ دایکیان نوستبوون کرد، پاشان وەکوو ئەوەی کە بڕیاری یەکجارەکی گرتبێت، ڕووی بۆ لای خێزای وەرگێڕاو بە وی گوت: خاوەر،ئەمشەو دەمەوێ چەند قسەت لە گەڵ بکەم. ئاخۆ حازری گوێچکە لە قسەکانم هەڵخەی؟

خاوەر کە لەو وتەیە بە تەوای داخۆپاوو ڕاچڵەکا بوو، قاپی ئاوی کە لە دەست دابوو وەختبوو لە دەسی بکەوێ لە قوژبنێک داناو بێئەوەی بیهەوێ گوتی: حازرنەبم چ دەتوانم بکەم. بلێ بزانم.

قادر بەرێک ڕاوەستا،ئاوی زاری قووت داوە، ئەو جار بە زونێکی زۆر سەبرو ئارام بەڵام بە مجد گوتی: خاوەر،لە پێشدا لە تۆ دەخوازم ئەوهەی بە تۆی دەڵێم، لە من دڵت نەئیشێ و ئەوەی لە من وەردەگری، بە

لێکدانەوەیەکی بە ڕاستی و بە شیوەی ڕوداوێکی قەزاو قەدەر و چارە نووس و  باشار نەکردوو بێدەرمان لێیێ بنۆڕی.

چلۆنیەت و دۆخی ڕووحی من، بە ڕادەیەک پەژیوانهینەر وئاڵۆزو خەفەتبارە کە ئەگەر ئەتۆ لە جێی من بوای، و بە دەردی من گرفتار بوای، لە پێشدا ئەمنت دەبخشی .ئەمن بە خەجاڵاتی و سەر شۆڕی هەر ئێستا بە تۆ ڕادەگەێنم کە ئیدی ناتوانم لە گەڵ تۆ ژیان بکەم،دیسان زۆر بە داخەوە ناچارم کە لێکتر جیابێینەوە. فکر دەکەم بۆخۆشت هەستت پێکردبێت، کە سەر دەمێکە، دڵ و رووح و جەستەی وگیانی من ئیدی ئی تۆ نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە یەکی دیکە پەیدا کردوە، لەوەی واوەش ناچار پەیوەندی بە وی دەبێت. بەد بەختی لەو دواییانە،ئەمن سەبارەت بە تۆو بە مناڵەکانت کە مناڵی خودی منیشن، زۆر بە زۆرەملی و تورەیی بێ ڕووی و هەتا بە شیوەیەکی وەحشیانە ڕەفتارم کردوە، ئاکاریکی کە بۆخۆم دەمی پێدادێنم بە چ جۆرێک لێهاتوو شیاوی مێرد، یان باوکێک نەبووە. بە هەرحاڵ بە ڕاشکاوی دەمی پێدادێنم کە هەموو تاوانەکان ئی منن، و ئەتۆ شایستەی ئەو جۆرە رەفتاری کرێت و ناحەزو بێئەدەبانە لە لایەن من نەبووی، بەڵام چبکەم ئەمن ئاقڵم لە دەست داوە، بۆیە هیوادارم کە ئەمن ببخشی و جاوپۆشی لە تاوانەکانم بکەی،هەڵبەتە نەک بەهۆی ئەوە کە مێردی تۆ بۆمە و ئێستاش هەم و سەر دمیکی پێکەوە ژیانمان کردوە،بەڵکوو بە هۆی مناڵەکانی خۆشەویستمان، مەنسوری مەحبووب و شیرینی نازەنین، کە تەنیا میوەی بە نرخی بەروو بووی ژیانی هاوبەشی ئیمە دوو کەس و، تەنیا پەیوەندی خۆشەویستی و موحکەمن، کە دیسانیش رابیتەی قلبی من و تۆ،هەر چەند نەک  بە شیوازی پێشوو،ڕادەگرن. خوای مەزن لە مرۆواوە چارەنووسێکی دیکەی بۆمن دیاری کردوە کە ئەمن ناچارم دەبێ وەدوای چارەنووسی خۆم کەوم: هەر چەند بەڵێنی وپەیمانی من لە گەڵ تۆ، ئەمە بوو کە هەتا کۆتایی تەمەن شەریکی ژیانی یەک بین وهەر گیز لێک جیا نەبینەوە، بەڵام زۆر بە داخەوە ئێستا بە لەمپەریک تووش بوومە کە مەجبوورم دەبێ بەو رێگایدا بڕۆم و ئەتۆ ڕێگات بۆ ئەو بەستینی نییە. بە گوتەیەکی دیکە،ئەتۆ دەبی لە من جیا بییەوە و تەنیا ڕێگای چارەنووسی خۆت بگریە بەر،هەر وەک ئەمن بە رێگای چارەنووسی خۆم دا دەڕۆم. هەنووکە بەمن بێژە بابزانم کە شێوەی کردەوەی تۆ لە بەرابنەر ئەم پێشنیارەی من، چ دەبێت؟ئاخۆ حازری مناڵەکانی من کە مندالّی تۆشن، لە گەڵ خۆت بەری لەوان پاریزگاری  بکەی؟ یان ئەمن ناچار دەبم کە ئەوان بە کەسێکی تر بپێرم و فکریکیان بۆ بکەمەوە؟

لە فاسیلەی تەوای ئەو قسانە کە قادر دەیگوت،خاوەری مەزلووم و پەریشان و بێکەس و بێدەر وەک تاوانبارێکی مەحکووم، کە گوێچکە لە خوێندنەوەی حوکمی ئیعدامی خۆی هەڵخات، بۆ پەیڤینی وی گوێچکەی هەڵخستبوو و لە ناوەوە خۆی دەخوارد،بەڵام کپ و بێدەنگ بوو، بە هیچ شیوەیەک نەدەچوو ناو قسەکانی وی  هەتارەخنەشی نەدەگرت. کاتێک کە قادر لە قسانی بۆوە، خاوەر چەند دڵۆپە فرمێسکی کە بە ڕوخساری دا لووزەوەی بەستبوو هاتەخوار، ئەستریەوە وئاخێکی ساردوو دوورو درێژی لە قوڵایی دەرونی هەڵکێشا وگوتی:

قادر بە حەقیقەت ئەتۆ سەر دەمێکە کە هەم هێزی تێگەین و حاڵیبوون و هەست و ئیحساست لە دەست داوە و هەم ڕووحم و بزەیی و ئینساف و پیاوەتی و جوامێری،و سەبارەت بە من و مناڵەکانی بی تاوانت ئاکارو کردەوەیەکت وەپێش گرتووە کە بە هیچ شێوە لێهاتوو شیاوی مرۆڤێکی شەرافەتمەندوو بە وێژدان نەبووە نییە و لە ئینسانێکی خاوەن ئاوەز و خاوەنی تێگەین و شعور بە هۆگان دوور دەنوێنێت. ئەمن لە سەرەتا زۆرم ئەتۆ خۆشدەویست و هەر بە هۆکاری ئەو ئەوینە لە ڕادە بەدەرە بوو، کە ماڵی تەژی لە نیعمەت و هەرزانی و ئاسوودەی باوک و داک و براکانم بەجێهێشت و بۆ ژیان لە گەڵ تۆ لە هۆدەیەکی گچکەی وێنە کاولە ئاش و هەژارانە هەڵمکردو سازام، سەرەتا لە بەر ئەمە لە تۆ چ وەشێرم،ڕاکێشی سادەیی و پیاوەتی و میهرەبانی حەزو موحیبەتی تۆ بووم،دوایی کە داری زوماوەندی ئیمە مێوەی هێنا،میوەی شیرین و بە تام وەک ئەو دوو مناڵە نازنین و ئازیزانە کە خودا نسیبی ئیمەی کرد، چرای هیوا بە گەشەو ورشەتر بوو. ئیستا کە تۆ داوای عفوو بخشیشی و چاو پۆشی لە من دەکەی، ئەمن لە لای خۆمەوە هەمووئاکارو کردەوەکانی ناحەز کە لە گەڵ من وەپێشت گرتبوو، پێت دەبخشم. بە هۆکاری ئەم دڵەی کە ئەمن هەر لە جبلەی ئینسانێکی بوغز لە زگ و بە غەرەزو ڕقاوی لە بنەوبڕ تۆڵە وەرگر نەبوومەو نیم و نامهەوێ لە ژیانی هیچ گیان لەبەرێک، دل ئێشانیکم هەبێت.

(چە نیکوفرموودە شاعرکە:

جفاکشیم و ملامت بریم و خۆش باشیم----کە در طریقت ما کافری است رنجیدن.

بەلام ناتوانم کردوەی ڕقاوی و نالەبارو تووڕەو تۆسنی نەگونجاو بیقاعیدەی تۆ، سەبارەت بە مناڵەکانت عافووکەم ، ئەو چاو پۆشییە دەبێت، دەڵی پاک وخاوینی بی تاوانی وان ئیجازە بدات، بەڵام چونکە دڵی وان لە پاک وخاێنی وەک ئاوێنە بێگەردە و کدورەت و دڵ تارمایی بۆ لای خۆی ڕێگا نادا و چ شۆلکەریک نەشێ ڕووی وی بوڵێڵ کات، لە بەر ئەمە بە بۆچوونی من لە لای وانیش عافو کراوی،کە وابوو ئیدی مەسەلەیەک لە گورێدا نییە، ئەمن و مناڵەکانم چ کارێکمان بەتۆ نییە. بڕۆ بە دوای ئیشی خۆت دا!! بڕۆ بە خوای گەورەت دەسپێرم و ڕێگای چارەنووسی نوێت بدە بەر،ئەمن لە قوڵایی دڵ لە بەر خوای دەست و دوعا ڕادەوستم کە تۆو شەرێکی دوا ڕۆژی ژێوارت، خۆشبەخت بن و دوا ڕۆژیکی بەخیرتان هەبێت! بەڵام قادر،ئەتۆ ئەمەش بزانە کە ژیانت لە گەل ژنێکی دیکەش لەم ماڵە،لەمپەری نەبوو، ئەتۆ بە پێچەوانەی لێکدانەوەی گشتی کە فکردەکەن نەتدەتوانی ژنی تازەت لەو ماڵە هیبی،بە باشی دەتتوانی ئەوی بێنیە ئێرە و لە گەڵ ئێمەی شەریک و بەشداری ژیان بکەی، هەر ئەوەندە نەزەرو بۆچوونی منت ویستبوایە،ئەمن ئیجازەم دەدا ئەگەر ئەو دڵی ویستبوای بێتە ئێرەو لە گەڵ ئیمە بێت ئیدی هیچکاممان پەڕیوەو غەوارەو و ئاوارە نەبین. ئەمن بەهیچ جۆرێک لەمە دڵ ئێش نەدەبووم،چونکە سەر دەمێکە کە ئیدی کاریکمان پێکتر نییە،وئەگەر دل و ڕووح و ژیانی تۆ پەیوەندی بە یەکی ترە، دڵ و گیان و رووحی ئەمنیش پەیوەندی بە مناڵەکانی ئازیزو بێ تاوانم پەیوەندیان هەیە، ئەمن هەر ئەوەندە لە قولینچیک لەو ماڵە لەگەل ئەو دوو مناڵە دابم، کارم بە ژیانی تۆ هاوسەرت نەبوو، حازر بووم بە بێ لایەنی لە خۆشی و شادی هەتا ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنم بگوزەرێنم. باشە ئیدی کە ئێستا دەتهەوێ ئەم هێلانەی خۆش بەختی وێران بکەی، وەدوای دڵی خۆت چارە نووسی تازەت بکەوی، بڕۆ! خودات لە گەڵ! ئەمن

مەلێک نیم کە بێ هێلانە بمێمەوە، نەتوانم بە بێچوەکانم رابگەم. ئەمن هەر چەند ژێیکی مەزلووم و بی دەست و پێش بم دەتوانم ئەو دوو مندالە ئازیزانم بە خیوەکەم و مەزن کەم. لە تۆش چ شتێکم ناوێ و چ ئاتاجیم بەتۆ نییە! ئەتۆ ئەگەر شتێکت هەیە بۆخۆتی ڕاگرە بۆتۆ واجبترە، چونکە مرۆڤێکی فەقیرو بەڵەنگازی. ئەمن هەر سبەی منالەکانم هەڵدەگرم، لە تۆ خواحافیزی دەکەم بۆ مالی باوکم دەگەڕیمەوە. ئێستا برۆ بنوو کە مێشکت ماندووەو ئاتاجیت بە پشوودان و ئاسوودەیی هەیە.

خواحافیز هەتا سبەی.

قادر لە ژێر ڕێژنە بارانی توانج و لۆمەو سەرکۆنە و دلسۆزی تاقەتی خۆ ڕاگری نەهێنا. لە شەرم و (خەجالەت) چاو پێهەڵنەهاتن سەری لە بەر خۆی ناو وکوو تاوانبارێک کە حوکمی ئیدانەکەی بۆ وەخوێنن، بۆ دوایین جار چاوەکی لێپاو لیپ لە شەرمەزاری و تەریقەوە بوونی لە خێزانی کردو بە شێوەیەکی مەزلوومانە گوتی: خاوەر ئیدی بەسە. ئەمن ئەو هێندە بەدبەخت و تێکشکاوم ئیدی ناتوانم تابی خۆڕاگری پەیڤینی توندو ئاگراوی تۆ بێنم، دیسان داوات لێدەکەم ئەمن ببخشەو عافوم کە.

خاوەر گوتی: ئەمن بخشیومی و هیوادارم خوداش بتبخشێ برۆ براژێ هەتا سبحەینە پشووبدە.

ئەمەی گوتوو چاوێکی دلازاری لە سەرا پیی لەرزۆکی قادر کرد. پاشان هەستاو لە ڕەخ نوێنی مندالەکانی نازەنینی کە لە باوشی یەکدا دوور لە خەم وکدورەتی دونیا خەویان ویکەوتبوو،ڕاکشا.

قادریش خۆی لە قولێنچێکی مال هاویشت وەکوو منالێکی باوک مردوو سەری لە ناو دەستەکانی ون کرد، دەستی بەگریان کرد.

قادر بەیانی کەمێک درەنگ لە خەو رابوو، چونکە بێکەیفی و بێهێمنایەتی تاقەت بڕ ودلتەزین و هزری ئالۆزو تێکەلاو و پەریشانی، هەتا بەتلێک لە شەوی ڕابردوو نەیهیشتبوو خەو وەچاوانی بکەوێت. بەیانیش بەو هیوایە هەستاوە کە بۆ ئاخرین کەڕەت، لە خێزانی مالئاوایی بخوازێ و منالەکانی لە باوەش بگرێ و ماچیان کات،بەلام بۆ هەرلایەک چاوی گێڕا، کەسی نەبینی و دوایی هەستی پێکرد کە نوێنی وان خالییەو زارۆکەکانی لە وێ نین، خیزانی منالەکانی هەلگرتووە بێ خواخافیزی ڕۆیوە. شوانی بەستە زوان و بەلەنگازو لیقەوماو، خۆی بە تەنیا و سەلت و ڕەبن بینی و وەبیری قسەکانی دوێشەوی خاوەر کەوتەوە، لەو گۆشەی تەنیایی و بێهێمنایەتی ئەوها دلی گیرا کە فرمێسک بە پانایی ڕوخساری دا هاتە خوار. حالووچارەنووسی کەسێکی هەبوو کە لە سەر ترۆپ و قیتەکەی چیایەکی بەرزو بلند کەوتبێتە ناو قولایی گەلیەکی هەزار بە هەزار و، هەست بە ئێشێکی یکجار زۆری هەموو ئەندامی لەشی بکاو بە ئێشی کوتراو بریندراری لەشی خۆی بزانێت . تەماشەگەی زارۆکەکانی بێ تاوانی و خێزانی مەزلوومی دەهاتە بەر چاوو، جوانی بیگەردی جەمالی فرشتەیی زارا بەو هەموو خۆشکۆکی لە ڕادە بەدەرو سەر سام هێنەر لە لایەکی دیکە. شوانی فەقیر و مالوێران پاشی گریان و بێتاقەتی و ئاخ هەلێشانێکی زۆر هۆشی هاتەوە بەرخۆ، ئاخۆ لەوەزع و حالەدا دەبی چ بکات و چ بڕیار بگرێ؟. ،ئەوئیدی پردی پشت سەری خۆی ڕووخاند بوو، لەمە بەدوا نەڕیگای گەڕانەوەی هەبوو، نە ڕووی گەڕانەوە! ئەو ئیدی ئەوی نەدەبوا کرد بوای، کرد بووی. دوێنی ئەگەر هێشتا دوودل بوو لە سەر دوو ڕێگای چارەنووس ئاخۆ،کامیان هەلبژێرێ، کە ئەو ڕێگەی وەپێش بگری و برۆات، ئەو شک و گومانەشی نەمابوو، چونکە ڕێگای ژیان کردن لە گەل زارای هەلبژارد بوو: لە بەر ئەمە ئیدی گریان و قوڕ وەسەر کردن و شینگیڕان

لە دوای ئەم هەڵەیە، فایدەیەکی نەبوو، بۆ خۆی ئەو مەسەلەی تێگەییبوو کە باشترە هەستیتەوەو بە دوای چارەنووسی خۆی کەوێ.

چارەنووسیش دیاردی دابوو وئیدی ئیشێکی جیا لەمە نەبوو کە درەنگ یان زوو بەدوای ئەو رێگا بکەویت، سەرەتا وای بە مەسڵەحەت زانی کە بچێتە ماڵی خزووری و تەکلیفی ژنەکەی لە وێ لە گەڵ باوکوو داکی خاوەر یەکلابکات،بەڵام زۆر زۆوو لەو خەیاڵە پەژیوان بۆوە، چونکە پێشگری حەسڵی خێزانی بوو کە بەرهەڵای کردبوو و رۆیبوو، ئێستا کە بۆ تەڵاقدان بە دوای ویدا بچێ، لەوانە بوو لەگەڵ قەڵس و تووڕە بوونی خزووری و خەسووی و ژن براکانی ڕووبەڕوو بێتەوە لەراستی دا بەلاقی خۆی بەرەو بۆسە دەڕۆیی. لەبەر ئەمە ئەو کاری بۆ چاخێکی تر و لە بارتر ڕاگرتوو، لە فکری رویشتن بۆ گوندی(قەڵای رەسووسیت) یانی ئەو شوێنەی کە زارا چوو بوو،کەوت.

لەو بوارەی کە بۆ خۆی دیزانی لە چەمی دا و پەڕیەوە. و لەو کاتدا کە لە ئاو دەپەڕیەوە دەنگێکی لە پشتەوەی خۆی بیست، لە پشت خۆی ڕوانێ هەتا بزانی کێیە بە دوای ویدا لە چەمی داوە. بە سەر سورمانیەوە بینیی کە(بەراز)ی سەگی میگەلەکەیانە، کە بە دوای وەیە. هەر چەند حەولیداو چەغەی لێکرد کە سەگەکە بگەڕێنیتەوە، لە هاتنی پێشبگرێ نەیتوانی، و هەر چەند هەنگاو دەڕویی دەبینی، ئەوە دیسان بەدوایدا دێت. ناچار دەستی لە حەولوو تەقەلا هەڵگرت و وازی لێهێنا تەسلیم بوو با لە گەڵی بێت.

نێزیکەی نوێژی نێوڕۆ بوو کە خۆی گەیاند بوو باخەکانی دەرەوی گوندی(قەڵای ڕەسووسیت). شوانی ئەو گوندیش وەکوو وی میگەلەکەی لە وێ مۆڵدابوو چاوەڕوانی بێریانی دەکرد، کە بێن مەڕەکان بدۆشن.

قادر بە بینینی ئەو ڕەوانگە، بێئەوی بیهەوێ وەبیری ئەو ڕۆژانە کەوتەوە کە بۆخۆی شایەدی شیرینترین بیرەوەرەیەکانی ڕۆژانی عومری بوو. لە بینینی میگەلەی ئاوەدانی تروسکەی شادمانی و حەز لێکەری و هێڤین لە چاوانی دروشاوەو، دڵی لێپالێپ و تەژی لە هیواو ئومیدەواری بوو، چونکە دەیزانی کە ئیستا کاتی هاتنی بیریانە، بێگومان زاراشیان لە گەڵ دەبێت. ئەو هێندە شێت و شیدای بینینی ماشقەی خۆی بوو فکری نەکرد کە حاجی مستەفا هێشتا مەڕەکانی خۆی لە وی تەحویل وەرنەگرتۆتەوە، هەتا بۆ ئەو دێیەی کە لێێ جێگرونشتەجێ بووە بێنێت، و لێرە چ مەڕی حاجی لێنییە کە زارا بۆ دۆشینیان لە گەڵ بێرەکان بێت.

خوڵاسە قادر بەر لە هەر شتێک بە مەسڵەحەتی زانی کە لە گەڵ شوانی گوند، یانی لە گەل هاوکارەکەی بناخەی دۆستی داڕیژێ یانی: بە پشتیوانی دۆستایەتی وی بتوانێ ئەگەر زارا بێت قسەی لە گەڵ بکات. شوانە، لە ژێر پۆلە دارەکانی سنجوو کە لە قەراخ چەم بە ڕیز ڕوابوون دانیشت بوو، چاوی لە قادر دەکرد. ئەویش لە دیتنی ئەو میوانە تازەیە بەو سەگەی کە لە گەلی بوو، فکری بۆچوو کە دەبێ شوان بێت و بۆ کاری شوانی ڕێگای لێرە کەوتبێت.

قادر لەوی نزیک بۆوەو سەلامی کرد. شوانی نەناس لە بەری هەستا،وڵامی سەلامی قادری داوە گوتی: کاکە ماندوونەبێ! بەخێر لەکوێڕا؟

قادر لە جوابی ویدا سەری لە قاندو گوتی: خەڵکی "حاجیاوە"م

بۆ کوێ دەچی؟

بۆ گوندی(قەڵای ڕەسووسیت).

چ کارت هەیە؟ چ کارەیی؟

ئەمیش وەکوو تۆ شوانم بۆ کارێکی پێویست دەچمە ئەو دێیە.

ئەتۆش شوانی؟ فکرم بۆچوو کە دەبی هاوکاری من بێ! زۆر بە خێر بێیت قەدەمتان لە سەر چاو. ئەمن بە هۆی سەگەکە هەستم پێ کرد کە دەبی شوان بێ. چ سەگەکی جوان مل ئەستوورت هەیە! سەگی من بە باشی و هەیکەل گەورەی وەک سەگی تۆ نییە، عەجایب کورگ خنکێنێکە! ناوی چییە؟

ناوی "بەرازە"

وا!سەگی منیش ناوی بەرازە، بەلام ئەم بەڕازە لە کوێ و ئەو بەرازە لە کوێ! فەرق و تەوفیریان لە هەرد هەتا ئاسمانە، دیارە زۆر ماندووی بێگومان نانیشت نەخواردوە.

نا، نەمخواردوە.

شوانی نەناس خورجێنی خۆی کە لە بن دار دانابوو هێناو لە ناو ئەوی بەرێک نان  و کەرەی تازەی دەر هێنا و لە پێش قادری دانا. قادر بە دڵنیایەو بە ئیشتیاوحەزیکی زۆر بە خواردنی نان و کەرە خەرێک بوو، لەو نیوەش دا جارو بارە لە ڕێگای باریکەڵانەی دێی  دەڕوانی هەتا ببینیت  بێری دۆش کەنگی دێن.

شوانی نەناس لە حاڵێکدا کە هاوکاری خەریکی فراوین خواردن بوو، دوو کەرەت سەری قسەی لە گەڵ کردوە گوتی:

دەی هاڤاڵ،نەتگوت ناوت چییە.

ناوی من قادرە،

ناوی منیش برایم،ە

قادر بێئەوەی نرخێک بۆ زانین ناوی خانە خوێ بدات، بەو مەڕەی کە لە پێشەوە درێژ ببوو سەر گرمی کاوێژ بوو دەڕوانی، لە ناکاو دڵی دەستی بە لێدانێکی توند کرد حاڵی دەستووجێ گۆرا، چونکە مەڕەکەی سپی زارا-ی لە چەند هەنگاوی خۆی بینی بوو، ناسێبۆوە. قادر ئەوی بە گوێچکە ڕەشەکانی ناس کرد بوو. دەستەکانی وەلەرزە کەوت گۆڕانکارپەکی ئەوهای بە سەر چرو چاوو لەشی داهات، کە سەرنجی برایمی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ئاگاداری تێکچوونی حاڵی وی بوو و بە دڵخورپەیەکی تەواو پرسیاری کرد:

ڕەفیق ئەو چیت بە سەر هات؟ چاو لە چ دەکەی؟ بۆچ ڕەنگ و ڕووت چرژا؟

قادر بە لیزانی ئەهوەنێ ڕەواڵەتی خۆی گەڕاندەوە وگوتی:

ناشتێکی گرنگ نەبوو،چاوم بەو مەڕە سپیەی خۆشەویستی حاجی مستەفای کەوت کە لێرە لە نزیکی من خەوتووە. حاجی ئاشق و شێت و شەیدای ئەو مەرە سپییەگوێ ڕەشەیە،هەتا دەڵێت ئەوم بە قەت کێژەکەم خۆش دەوێ.

کەباسی کچی حاجی هاتەگۆڕ برایم بێ ئەوەی بێهەوێ گوتی:

بەڵێ.بەڵێ، ئەم حاجی مستەفایە کە پێشتر لە گوندی حاجیاوەی ئێوە دادەنیشت،لەو بۆ ئێرەی کۆچ کردوە. بە ڕاستی کاک قادر،ئەتۆ دەزانی کە ئەو پیاوە کێژێکی چەندە جوان ودڵۆڤان و فرشتە رووی هەیە؟ ناوی زارا-یە. و بە ڕاستی بۆکە شوشەیە و جوانێ وەکوو وی لە ناو تەواوی بنەماڵەکانی ئاغاو سەرۆک عەشایرو گەورە پیاو ماقولان وبەگ وخانەکانی کوردستان پەیدا نابی و نییە. دڵنیام کە لە هیچ کام دیهاتەکانی ماقولوو مەزنانی کورد هیچ کەسێک کێژێکی بەو جوانییە نەدیوە. هەتا ئێستا دوو چەل بۆ دۆشینی مەڕەکانی لە گەڵ بیریەکانی ئاوایی هاتووتە ئێرە، بەڵام ئەوە دوو ڕۆژە کە ئیدی دەنگ و باسێک لە وی نییە و لە جیاتی وی خزمتکارێکی پیر دێت.

یەکەمین فکرێک کە کەوتە سەری قادر ئەمە بوو: خۆ حاجی مستەفا بۆ وەرگرتنەوەی مەڕەکانی بۆ لای وی نەهاتووە، چلۆن مەڕەکانی وی لێرن؟ دوایی بە خەیاڵیداهات، ڕەنگە لەو چەند ڕۆژەی کە ئەو لە دێ بووەو بە خەم وخەفەتی ڕۆینی زارا، بێ ماڵئاوایی دەست بە یەخە بووە، حاجی چۆتە لای هاقاڵ شوانەکەی مەڕەکانی لە رەحیمی شوان وەرگرتۆتەوە. بەڵام ئەدی بۆ ڕەحیم لەو بارەوە چی بەمن نەگووتوە؟ وێدەچێ لە بیری کردبێت بە من بڵێت،ئەدی باشە وەختێک بۆ خۆی چۆتە کن ڕەحیم و مەڕەکانی وەرگرتۆتەوە، بۆچی ئەمن چندین جار مەڕم بەسەر کردۆتەو ئەمە سەرنجی منی ڕانەکێشاوە، کە مەڕەکانی حاجی لە ناو مێگەڵی ئاوەدانی نین؟

سەر ئەنجام.قەڵبی قادر لە بیستنی پەیڤینی برایم بە حاڵیبوون لەمە کە ئەوە دوو ڕۆژە ئیدی زارا، بۆ دۆشینی پەزەکانیان لە گەل بێریەکای گوند نایەن، ئەوها وروژاو گۆڕیاگ و بارەو بار بوو کە وەکوو دەریایەکی پڕ شەپۆلی لێهات. ڕەنگی روخساری پەڕیوو فکرێکی مشەوەش و تێکەڵاو جۆراو جۆر مێشکی گەمارۆ دا. مەترسیەکی نادیار لەمە: دوو رۆژە زارا بۆ دۆشینی پەزەکانی نەهاتووە، جەستەو گیانی وەلەرزین خست. خوا نەخواستە نەخۆش نەبووبێت! یان ڕەنگە ئێشێکی واجبتری هاتبیتە پێش،بەڵام ئاخر چ ئیشێک؟...

هەر ئەو مەترسی نادیار، قادری هێنایە سەر ئەو بڕیارە کە زێدە لەمە خۆی گیرۆ نەکات، خیراتر بڕوات بزانی چ ڕویداوە. بە حورمەتەوە بەر ماوەکی لە خورجین برایم داناوە لە جیی خۆی هەستا وگوتی:

هاورێ،بم بەخشە! چونکە بە پەلەم دەبێ وەدوای کارەکەم کەوم، ئیجازم پێبدە لە خزمەتت مەڕەخس بم. لەو هەموو لوتف و موحیبەتی ئێوە و ئەو ڕێزو حورمەتان پر بە دڵ سوپاس دەکەم و هیوادارم ڕۆژێک بتوانم ئەو موحیبەتانە قەرەبۆ کەمەوە.

برایم گوتی: وەڵلا پێم خۆش بوو کەمێک لە بن سێبەری ئەو دارانە پشووت دابوایە ئێستا کە بە تاڵوومەی فەرموو خودات لە گەڵ!

قادر دەستی خانەخویی کوشی، و باریکە ڕێی بۆ لای گوندی گرتە بەروو ڕۆیی و "بەراز"یش بە دوایدا وەڕێکەوت. لەو گردە گچکە، کە ڕێگای دێ بە ویدابوو وەسەر کەوت،چاخێک لە ترۆپی گرد بەرەونشیووی دی چووخوار، چاوی بەکۆی ژن وکیژەکانی بێری گوند کەوت کە لە بەروە هەرواز دەهاتن، هەتا بۆلای مێگەڵ برۆن. قادر لەوان نزیک دەبۆوە. یەکەمین ئەستێرەی هیوا ئومیدی کە لە تاریکانی دڵی چاوی لێدادەگرت ئەمە بوو لوانەیە زارا، لە ناو ئەو پۆرە بێریانە دابێت. لە پەنجامێتری وان دڵی ئەڤیندار ئاراو قاراوی سروشتی خۆی لە دەست داو ئەوها بە توندی دەستی بە لێدان کرد، کەم ما بوو قەلبی ڕاوستێ. ئەو تێکئاویشتن وپەشیویی وئاڵۆزیە، بەم هۆیە بوو کە ئێستا زارا دەبینێت،بەڵام چاخێک نزیکەی لێکردن چاوەێکی ئەوها وردو مووقەڵێشی بە بێریەکاندا خشاند و بینی کە شوێنپێیەک لە زارا نییە وا تاسیاو بلبسین(حیران) بوو، دەتگوت ئەوە ستێلێکیان ئاوی سارد پێداکرد.

بێریەکان کە وەسەرگرد دەکەوتن بەبینینی کەسێکی بیانی بەزم وگەمەو پێکەنین وعیتەعیتیان راگرت هەتا ماندوو نەبوونی لێبکەن،پێکەوە گوتیان:

برا،ماندوو نەبێ! خەڵکی کوێیوو بۆ کوێ دەچێ؟

قادر بە زوانێکی رێزوئیحترام گوتی:

زۆر سوپاس! ئەمن خەڵکی "حاجیاوم" بۆ گوندی (قەڵای رەسووسیت) دەچم .

بۆمالیێ کێ؟

قادر سەرەتا دەیهەویست ڕاستی بدرکێنێ،بڵام چونکە پێێ وابوو کە ئەگەر ڕاستی بێژێ لەوانەیە خەبەرێکی لەزارا وەدەست بێنێ دەستووجێ گوتی:

کارم لە ماڵی حاجی مستەفا هەیە.

ژنێکی دیهاتی تەمەن چل ساڵە کە لە ناوکێژەکان بوو بۆ پێشتر هات وگوتی:

بۆ ماڵی ئەربابی من دەچێ؟ مەگین لە تۆشیان گێڕاوەتەوە؟ قادر لە بیستنی ئەو قسە مات و حەیران ما. نە لە مەسەلەی مێوانداری خەبەری هەبوو نە ئەو ژنی دەناسی. حاجی مستەفا لە حاجیاوە، خزمەتکارێکی ئەوهای نەبوو ڕەنگە لە وێ ڕاپگرتبێت. لە هەر حاڵدا قادر کە لە بیستنی وشەی(لێگێڕانەوە) ڕەنگی گۆڕابوو ولێکدانەوەی ناخۆشی سەبارەت بە وی دەکرد، دەجا بۆ ئەوە کە ژنەکە بێ وڵام نەهێلێتەوە،وە لەو نیوەدا ئەگەر بۆی بلوێ خەبەرێکی لەو مەسەلە وەدست بێنێ،گوتی:

نا،گیانە،ئەمن نە لە مێوانی خەبەرم هەیە و نە لە لێگێڕانەوە. ئەمن بەخودی حاجیم ئیش هەیە. ڕاستی نەتانگوت ئەو میوان و میوانداری و لێگێڕانەوە بە چ هۆکاریکە؟

خزمتکار گوتی: حاجی ئەو ڕۆژانە زۆر پڕ کارە و چ کەس بۆ کاری تایبەتی بۆ لای خۆی قەبوڵ ناکات. داوەتی "زارا" خانمە. هەر لە سبەی را شاییی تەواو لە گوند دەست پێدەکات و حەوت شەو حەوت ڕۆژ بەر دەوام دەبێت، یانی هەتا ڕۆژی گوزتنەوەی زارا خانم.

جارێکی دیکە دڵە کوتەیەکی بە سام و مەترسیدار وەکوو دەنگی چەکوچ، یان تێڵا لەو قسەیە وەسەری قادر کەوت. لە گوێبیسی ئەو پەیڤینە ئەوها چرژا کە دونیا لە بەر چاوی ڕەش و تاریک بوو، ژانەسەرێکی ئەوهای پێوە نووسا نزیک بوو بکەوێ. هەر ئەو تاکە خەبەرە کۆشکی ئارەزو ئاواتەکانی ئەوها وێران و ژێرو روو کرد وتێکقرماند کە ئەو ئیدی فکری نەدەکردەوە هیچ کات بتوانێ بە پێنەو پەرۆو گوندەڵبەست(کەڵتە کردنەوە) سازیکاتەوە. بێئەوی زیدەتر لەمە تابی ڕاوەستان وپرسیاری لە زۆروکەمی مەسەلەکە هەبێت، سەری بەئیشارەنی ماڵئاوایی بۆخوار دانواند،لەو حاڵێدا لە گرد شۆڕ بۆوە بۆ لای گوند کەوتەڕێ. بێریەکان هەتا دەمێکی خۆش کە ئەو هەر ئاوڕیشی نەدەداوە لیباندە ڕوانی،پاشان بە سەر سورمان ڕێگای خۆیان گرتە بەر.

قادر ئیدی چارە ڕەش، خۆی لە بەختی ڕەشی خۆی لە تەشق دەدەی. ژن و مناڵەکانی لە دەست دابوو، زارا،ش بە یەکچەلی لە بیری برد بۆوە، ئەوە دەهات زەماوەند بکات و بە بۆوک بچێت. بەستە زمان چ فکری دەکرد، ڕۆژێک لەوانیە زارا، بە وی خەیانەت بکات، ئاخر زارا سوێندی خوارد بوو، جگە لە وی بە هیچ کەس شوو نەکات، ئەو بەڵێن و پەیمانی لە سەر تەرمی مەجیدخان بە قادر دابوو. بەڵام ئێستا ئەفسووس کە بە پەیمان و مەرج و شەرتی خۆی وەفا نەکرد، نەک تەنیا لە کاتی ڕۆین لە حاجیاوە لە وی ماڵئاوای نەکرد بوو، لێرش لە سەردەرانەی بە بۆکچوون بۆ کە سێکی دیکە بوو! بەو بەڵگەو دەلیلانە ئیدی زارا، چ ئیلاقەو حەزی لە وی نییە، دیاریدا کە قادر لە سەر پشک بوونی یەکیک لەو دوو ڕێگایە، ڕێگای دوومی هەڵبژارد بوو کە بە هەڵە چوو بوو.

بەستەزمان قادر،لە حەینی ئەو بێتەکلیفیەدا نییەتی گەڕانەوەی لە سەری دا،بەڵام ئاخر بە چ ڕووەک؟ مەگین ئیدی دەشیا پلەی پێشووی لە لای ژنەکەی نەجیب و بە شەرەف خاوەر وەدەست بێنێت؟ ئیدی بە چ ڕوو چرپەک دەیتوانی جاریکی تر لە چاوەکانی بیتاوان و پر لە فرمێسکی خاوەر بنوارێ؟ مەگین بە خێزانی نەگوتبوو کە ئیدی بۆی بووز ناخوات لە گەڵ وی ژیان تێپەر کات، و لە زیندەگی وە لەمپەرێک کەوتووە کە خاوەر بۆ سەرۆی ئەو پێشگریە ڕیگای نییە؟ مەگین بۆ خۆی خاوەری لە ماڵ دەر نەکرد بوو.

بە کۆچەو کۆلانی گوندی(قەڵای ڕەسولی سیت)دا دەڕۆیی. پەژیوانی ئیدی چ کەلکی بۆ حاڵی وی نەبوو، هەنووکە دەبوایە هەتا ئەو جێگایە کە دەتوانێت بێوەفایی زارا،وەرو بێنێتەوە و بەوی بسەڵمینێت کە کیژو گراوی بە وەفا لەم دونیایە وەکوو اکسیری کیمایە.

لەو فاسیلەدا رێیبواریک لە سەر سێ ڕێیان تووشی وی بوو. قادر بە وی گوت: کاکە ماڵی حاجی...

کابرا چاوێکی لە بەژن و باڵای نە ناسیاو کرد و گوتی: بەڵێ کاکە...

دەتوانێ بفەرمووی ماڵی حاجی مستەفا لە کوێیە؟

لە ئاخری ئەو کۆچەی روو بە ڕوو،دەستی ڕاست،لە هەشتم.

قادر چووناوکۆچەکە،لە حاڵێکدا کە دڵەکوتە بەری نەدەدا.

قادر چەتوونی و دژواریەکی گەورەی لە سەر رێگای خۆی دەبینی، ئەو پەیڤینی لە گەڵ زارا،بوو. هەتا هەنووکە هەر بە دوای ئەمە وەبوو: کە ماڵی حاجی مستەفای بدۆزێتەوە، ئەمە خودی مەسەلەکە نەبوو، کە ئاپرووشەی(دەردەسەری) لە دوادا هەبێ،چونکە لە هەر کەسێکی ئادرێس ماڵەی وی پرسێبوایە،ئەویش لەگوندەکی کە هەموو یەکتریان دەناسی. چەتوونی لەمەدا بوو: کاتێک گەییە ماڵی حاجی چلۆن و بە چ بێنوو بەهانەیەک بتوانی زارا ببینێ و بدوێنێت. سەر ئەنجام،هەر لەو چرکە کە دەیەویست بۆ لای کۆچەی ماڵی حاجی باداتەوە بەو نیشانەای کە رێوبوارەکە پێیدابوو لە پشتەوەی خۆی دەنگی خشپەیەکی بیست، کە رووی وەرگێرا هەتابزانێ کێیە. ئەو کەرەت وەخت بوو لە خۆشیان لە خۆ بچێت بکەوێتە هەرد. چونکە چ چاوەڕوانیەکی نەبوو کە شانس بەو رادە سانایە، رووی رەزامەندی بە وی نێشان بدات. بەڵێ،ئەوەی لە پشتەوەی را دەهات زارا، بوو. کە لە دەرەوە بۆ ماڵ دەگەڕاوە. ئەویش لەو بەهرەو نسیوەی چاوەڕوان نەکراو،یانی: لە بینینی قادر،ئەوها شاگەشکەو گەشاوەو وە شەوق هات، کە هێند نەمابوو هاوار کات. هەر دوو تووشی حاڵاتێکی ئەوها دڵەخۆرپەو ورووژاو بوون کە بۆ لێکدانەوە نابێت و لە تاریف نایە. قادر کە نەیدەزانی چ بکات و چ بڵێت دەمی کردەوە هەتا هەستی قژقژ کوڵیوی دەربڕی،بڵام زارا دەمی گرت و بە دەنگێکی نەرم و لاواندنەوە کە لەگوێچکەی شوان ئاوازەی داوە بەوی گوت:

قادرگیان،لێرە ڕامەوەستە کە پڕ مەترسییە،رۆژ ئاوا لە رەخ کانی دەرەوەی دێ چاوەڕوانم بکە.

قادر دەستی بە نیوچاوای خۆیداکێشا وەکوو وەی دەیەویست بزانێ کە ئەوەی دەیبینێت ودەیبیسێت بە وشیارییە، یان لە خەو دایە. چاخێک لەو حالاتی بلبسین(حەیرەت) بوراقبوون و تاسان سەیری خەیاڵات وەدەر کەوت زارا ئیدی لە کۆچە نەبوو. شوانی مەزلووم ئەوەندە لە خۆی بێخەبەر ببوو کە هەتا نەیزانی کە زارا چووکام ماڵ. تەنیا دەنگی فرشتە ئاسای وی هێشتا لە گوێچکەیدا دەزرینگاوە کە گوتبووی: "رۆژ ئاوا لە قەراخ کانی دەرەوەی دێ چاوەڕوانی بکات".

ئێستا لە قسەکەی زارا حاڵیبوو کە راوستان لە سەری کۆچە مەترسیدارە، ئەمە بوو لە وی گەڕاوەو رێگای دەرەوەی ئاوایی وەپێش گرت. لە رێگا لە چەند کەس نیشانی کانی دەروەی دێی پرسیار کرد لە ئاکامدا ئەوی دۆزیەوە. ئەو بەری کانی باغێکی گەورەی تریێی لێبوو کە رۆژی ناونجی بەهاری تیشکی سەبر و خۆشرەنگی خۆی لە گەڵا جوان و ناسک و شەق تورتی دارەکان مێو دەدا. هەتارۆژ ئاوا هێشتا زۆری بە بەر وەبوو قادر بۆ وەی کەس نەیبینێت بۆ ناو باغ چوو. بەرازی سەگەکەشی لە گەڵ خۆی دابوو. قادر لە بن دیواری لە ژێر سێبەری دارەکانی مێو بۆی راکشا و هەر وا کە لە دەریای فکرو خەیاڵاتی جۆراجۆر نوقم بوو خۆی بە چاوبرین ئاسمان خافڵاند. سەگەکەشی هێندیک وێوەتر سەری لە سەر دەستەکانی داناو بۆی خەفت.

ماڵوێران و مەزلووم قادر،شەوی پێشتر دوو ساعات نەنوستبوو و ئەو شۆش دیاری نەدەدا کە کات بە وەخەبەر بوون یان بە نوستن تێپەڕ دەکات. ئەمە بوو کە کاتێک لە بن دیواری باغ لاقی راکێشاو بۆ درێژ بوو بەرەو دریای شەپۆلاوی خەیاڵ سەری هەڵگرت و رۆیی و خەو رفاندی. دیارە ماندوو بوون و کوێرەوەری و پەریشانی وخەم و دەردوکولیش هۆکاریکی دیکە بوو کە ئەو ئاتاجی بە خەو پیدا کرد بوو. لەو حالاتیدا خەوێکی پر مەترسی بینی: لە خەو دا بینی کە لە گەڵ زارا لە قەراخ دەریایەکی بۆش و پانوو بەرین راوەستاوە و هەردوو کیان بە سەر سورمان لە شەپۆلی بەگوڕەو نارەتەلێدەر وی دەڕوانن و بەڵلی نەبوو

بۆچی زارا خۆی لەو دەریاهاویشت و شەپۆل ئەوی ڕاداو لە گەڵ خۆیان برد. قادر کە دۆخی پڕ مەترسی زارای ئەوها بینی دەست و جێ خۆی لە ناو ئەو شەپۆلانە هاویشت هەتا کوو دڵبەرەکەی ڕزگار کات،بەلام هیچکامیان نەیانتوانی بە سەر ئاو، بگەڕینەوە. مەزلووم قادر لەو تەماشگە مەترسیدارە لەو خەوەی نەحس و شووم ڕاپەڕی وچاوەکانی هەڵپشاوت و هەڵینا، بەڵام هێشتا نوێژی شیوان نەببوو. بەراز لە کن وی سەری لە سەر دەستەکانی دانابوو. کاتێک قادر لە جێی خۆی هەستا ئەویش سەری هەڵێناو بە ڕوانێنێکی تایبەت لە خاوەنەکی ڕوانی.

قادر،سەبر سەبر بۆ قەراخ کانی چوو،و دەیزانی کە هەتا هاتنی زارا و پەیڤین لە گەڵ وی ناتوانێت چ بۆچوونێکی سەبارەت بە ژیانی دوا ڕۆژی خۆی هەبێت. چاخێک گەیشتە ڕەخ کانی چەند ژنی بینی کە بۆ بردنی ئاوو پڕ کردن گۆزەکانی خۆیان سەرگەرم بوون. قادر ئاوی لێخواستن یەکێک لە ژنەکان جامێک لە ئاوی کانی پڕ کردو وەدەستی قادری دا.

ڕۆژ ئاوابوو. دەورو بەری کانی وردە وردە دەهات چۆل دەبوو، ساعەتێک لە شەو چووبوو، ئیدی چ گیان لەبەرێک لە وێ نەدەبیندرا. زارا دەرنگی کرد بوو. هەر چەند شەو تاریکتر دەبوو قادر ئەوندە تووشی دڵەڕاوکەو نیگەرانی و دڵەخۆرپە دەبوو. تاریکایی سەرانسەری گوندی "قلای ڕەسوسیت"ی لە باوەشی سامداری خۆی گرتبوو.

کاتێک کە پۆشەکاوی وشێواوی قادر بە هۆی نەهاتنی زارا بە ئاخرین پلە گەیی،وبەڕاستی دیسان خەیاڵێکی کرێت لە مێشکی دەخولاوە، نەکا کیژەکە فریووی دابێت. مرەیەکی سەبری بەراز،ئەوی وەخۆ هێناوە. ڕەشایەکی بە لەرانەوە، تاریکانی شەوی قەڵشاند و بۆلای کانی دەهاتە پێش،هەتاگەیە چەند هەنگاوی شوان. زارابوو! بانگی کرد قادر،...

زارا...

ڕەشاییی بێئەوی بەخۆی بزانێ خۆی لە باوشی قادر هاویشت،وهەردوک دەستیان بە لێپرسینی یەکتر کرد. زارا، پرسیاری کرد: ئەتۆ لێرە چ دەکەی؟ چلۆن بوو کە بۆ گوندی مە هاتی؟ قادر وەکوو مناڵێکی گچکە کە زەرگەتە پێیوە دابێت، لە دڵی خۆیدا هەستی بە ئێشیکی زۆر کرد و لەولامدا گوتی:

چلۆن زارا!؟ یانی نەدەویست کە ئەمن بە دواتدا بێم؟ ئەمن هاتم کە تۆ تەکلیفی من دیاری بکەی،هاتم پێت بڵێم کە ئیدی تاقەتی بێوەفایی تۆم نییە، بۆ ڕزگاری خۆت لە دەست ئەو کوێرەوەریە و بێ بێوەفایەی تۆ چارەیەکم جیا لە خۆ کوژی بۆ نەماوەتەوە. هاتم بە تۆ بڵێم کە تۆ ڕێزو حورمەتی ئەوین و ئەڤینداری و موحیبەتت نەگرت و قەول و قەرارو پەیمانەکانی ممبارگ و پیرۆزی خۆت لە ژێر پێناوە. خولاسە هاتم بە تۆ بڵێم ئەگەر دەتهەوێ دەست لە من بکێشیەوە، باشترە بە دەستی خۆت ئەمن بکوژی.

زارا سەری ڕاوشاند وگوتی:

قادر،گەمە مەکە. پێم بڵێ لە گەڵ خێزانت چیت کرد؟

چێت دەوێ بیکەم، ئەوم لە ماڵ دەرکرد و بۆخۆم بەدوای تۆ دا هاتم.

- یانی دڵت پییان نەسووتا کە کاریکی ئەوهات کرد؟

- دڵی من سەردەمیکی دورو درێژە کە ئیشقی ئاگرینی تۆ سوتاندویەتی وکردویە،خۆڵەمێش،خۆڵەمێشێک کە ئیدی ئاگر ناگرێ.
- زارا سەردەمێک بێدەنگ بوو پاشان بێدەنگی شکاندو گوتی:

قادری پێنەزان،بۆ ئەتۆ ئەمن بە بێوەفا دەزانی؟ مەگین لە من چ بیوەفایەکت دیوە کە تۆمەت لەمن دەدەی؟

قادر، ئیدی چیت دەویست ببینم: ڕۆیشتی ماڵئاویت لە من نەکرد،وادەت داکە شەریکی ژیانی من بێ، بیستوومە کە میردت کردوە.

ئەمن مێردم کردوە؟ ئەتۆ لە کوێ ئەم قسە دەکەی؟ دیسان دەتهەوێ تۆمەتم لێبدەی؟

لێرەم زانی کە داوەتی تۆیە و حەوت شەو حەوت ڕۆژ شایی و هەڵپرکێ لەگوند دەکرێ. ئەمنیش ویستم خۆم بەتۆ نێشان بدەم و پەیمانەکەی بەدرۆ لەگەڵ منت بەستبوو وەڕووت بێنمەوە.

ئەتۆ لە هەڵە دای قادر. قەولوو قەراری من درۆ نییە. ئەمن لە پێشدا فکری ئەو مەسەلەم کرد بوو بڕیارم گرتبوو ئەگەر ئەتۆ بە دوای من دا بۆ ئێرە نەییی،ئەمن حازر بە بوکینی نەبم و بۆخۆم بۆ "حاجیاوە" بێم.

ڕاست دەڵێیت!؟

هەڵبەتە کە ڕاست دەکەم. شایەدی من، ئەو جلوو بەرگی منە، کە لەو خورجێنە دایە و لە گەڵ خۆم هێناوە.

قادر لەو تاریکانی ئەنگوست لە چاوی شەودا، هەستی کرد کە زارا شتێکی بەدەست وەیە،کاتێک بە وردی لێی خورد بۆوە، خورجێنەکەی ناسیەوە. دەستی بۆناو خورجێن برد، کەمیک نان و چەند هێلکەی کوڵاوو بەرێک ڕۆنی کەرەی وەدەست هات و تێگەیی ئەمە بژێوی ڕیگایە. لە سەرەوەی وان شتێکی دیکەش لە پرێشەیەکدایە و پێچرابۆوە، قادر نەیزانی چییە و لە زارای پرسیارکرد کە ئەوەی لە ناو پریسکەدایە چییە؟. زارا پەڕۆکەکەی لە خورجێن هینایە دەرو دایە دەستی قادری هەتا بۆخۆی بیکاتەوە بزایت چی تێدایە. قادر دەسماڵی کردوە بەسەر سوڕمانەوە خەنجەرێکی تیدا بێنی. بە مات و حەیرای گوتی ئەوە چییە؟

زارا،ئەو خەنجەرەت بۆ هێناوە؟

گوتم کە بڕیارم گرتبوو هەر ئەم شەو بۆ "حاجیاوە" بە دوای تۆ دا بێم. ئەو خەنجەرشم هێنا کە ئەگەر پێویست بوو! هەتا ئەو جێگایەی بۆم دەلوێ و لە دەستم دێ، لە سەرو سینگی دوژمنی ڕۆکەم. ئەگەر بۆشم بۆزی نەخوارد و نەمتوانی،ئەوی لە سینگی خۆم ڕۆکەم.

قادر لە وەرە بەرزو غیرەتی ئەو شێرە ژنە، مەلائیکەیە، لە حاڵێکدا واقی ورما و کاری لیکرد، دوایی ئەوە، دەستی ماچ کرد و لێی پرسی:

ئێستا پێم بڵێ چ وەخت دەتهەویست بۆ کن من بێی؟

گوتم ئەوشەو؟

ئەو شەو بێگومان؟

هەڵبەتە ئەمن دەهاتم لێر را هەتا حاجیاوە لە ڕیگای چوار ساعەت پتر نییە. ئەمن دەمتوانی بۆ نێوەشەو خۆم بگەێنمە وێ.

دەی حازربە با وەڕێ کەوین؟

هەڵبەتە حازرم، زووبە بابڕوین. ئیدی جیگای دوو دڵی و خۆ گنخان نییە.

قادر وەکوو کەسێکی کە خەونێکی یەکجار خۆشی بینیبێت نوقم لە شایی و شایلەخانە هەر بسکەی سمیلی دەهات. بەختەوەری بە ئیقباڵی لە بەر چاوی وەکوو کۆشکێکی بەرزی دەنواند، کە خۆی لە سەر قوتکەی وی ڕاوەستابێ و زاراشی لە ئامێزگرتبێت. ئێستا خۆی لە یەکێک لە خۆشبەخترین و بە شانسترین گیانداری سەر گۆی زەوی دادەنا،چونکە بەیانی وەختێک لە حاجیاوە وەڕێکەوتبوو فکری ئەوە بوو کە چۆن بۆی بووز بخوات زارا ببینێت، و هەنووکە ئەو بەیانەی گەیاندۆتە شەو نەیدەتوانێ باوەڕ بکات کە نەک تەنیا بە شیوەیەکی زۆر هاسان و سانایی زارا-ی بینی بوو بەڵکوو ئەو ڕەدووی کەوتبوو لە گەل خۆی دەبرد. لە هیچ کام لە چێرۆکەکانی دڵداری و ئەڤینداری هەتا ئەو چاخ بە گوێچکەی قادر گەیبوو، ماوەی نیوان ئاشقەو ماشقە ئەوها کورت و بێدەردە سەر نەببوو. سەر ئەنجام کاتێک کە زاراگوتی:

"زووبە،وەڕێکەوین،ئیدی جێگای دوو دڵی و خۆگنخاندن نەبوو" قادر پێحەسیا کە نابێ خۆی بگێزرێنێ. خورجێنی زارا-ی هەڵگرت،خەنجەری ویشی لە بەر شووتک ڕۆ کردو لە گەڵ زارا لەو جادەیەی کە لەپشت باخەکان تری بۆ لای گردەکان دەرۆیی ڕیگایان گرتە بەر،بەرازیش بە دوای واندا وەڕیکەوت.

قادر گیان،ئەمن نەمدەویست مێرد بکەم، بەڵکوو دەیانهەویست ئەمن بە زۆری بە لاوێک لە کوڕە ماقولوو بە سامانەکانی "کلبەڕەزاخا"بە شوو بدەن. ئەمن پێم وایە لەو جۆرە پەیڤینانە کە بۆ هەر دووکی ئێمە خەماوی دەرد هێنەرە چاو پۆشی بکەین و لە فکری ڕێگا رۆیشتنی خۆمان دابین، کاتێک گەینە شوێنی حەسانەوە پشووی ئاسودەیمان هەڵکێشا، ئەمن لە نووکەوە هەموو شتت بە وردی بۆ دەگێڕمەوە. پێم بڵێ بزانم ئەمە چ ڕێگایەکە، کە ئیمە وەپێشمان گرتبووە؟ چونکە ئەمە جادەی حاجیاوە نییە. مەگین ئیمە نامانهەوێ بۆ حاجیاوە بچێین؟

حەق بە زارا بوو. ئەو ڕێگایە، ئەو ڕێگە نەبوو کە بەیانی قادر بە وێداهاتبوو و خودی زارا-ش لە کاتی کۆچ کردن بنەماڵەکەی پیێداهاتبوو. لە بەر ئەمە کێژۆڵەکە ئەو ڕێگەی نەدەناسی و لە خۆرا نەبوو کە دوو دڵ ببوو. بە پێچەانەی وی قادر هەموو ڕێگاکانی دەورویشتی "سیمینەرودی" لە سەر دەمی منالی بینی بوو،و دەناسین وهەتا گشت کوێرە ڕێگاکان، سروشتیە کە بەو ڕێگاش بەڵەد بوو. ئەمە بوو کە زارا-ی لەو بابەتەوە دڵنیا کرد بە وی گوت:

زاراگیان، خۆف مەکە. ئەم ڕیگایە بە کیوی"لقلقاسی" دەلکێت. لەوێ جادەکە خوارەپێچەی دەداتێ و لە باکووری ئەو چیای ڕازاوە دەچیتە "ئار داڵ" و "چاپیرو" "مێرگەشە "و"سریلئاوە"، لەوێ دەبێتە دوو ڕێگا: یەکیان ڕاستەوخۆ هەتاپشتی مێشەلانی سریلاوە دەڕوات، و ئەویدیکە ڕوو بە ڕۆژ هەلات بە قەراخ سیمنە

*رود دەلکێت،و لە وێرا هەتا قەراخ حاجیاوە، بەرەوپێش دەچیت. بە راستی زارا گیان،ئەتۆ قەت ناوی کێوی (لقلقایسی)ت بیستووە؟*

*بەڵێ،کەمتا کورتێکم لەو بارەوە بیستووە، بەڵام بەدرستی ناتوانم بڵێم چییەو چ جۆرە بەندەنەکە.*

*ئازیز گیان، هەتا دو ساعەتی دیکە دەگینە وێ، هەست پێدەکەی کە بەڕاستی ئەم چیایە چەندە حەنتیکەو سەر سوڕهێنەرە. ئەو کێوە گچکەو تەنیایە، کە دەورەو پشتی هەتا سێ کیلۆمێتر پێدەشت و چیمنوو شیناوردە. بۆخۆشی وەکوو لەنگەری یان(مەجوحمە) کە لە سەر کۆڵەکەیان دانا بێت. رێگایەکی باریکی هەیە کەلە داوینی ئەستوندەکە، هەتا بەرزایی سیمنەرود دەڕوات. کاتێک چوویە سەری بۆنی گوڵەکانی سروشتی وشیناوردی سروشتی و ڕیحانەکان بۆنخۆش کێوی و شتی تر مرۆڤ مەست و سەر خۆش دەکات،ئەو لەنگەریە، لە ڕاستیدا هەمان چیایە، بەلام قیتەکیکە کە لە دشت تەرازو ڕاست ترە. کانی ئاوی ڕوون و ساف وەک چاوی قرژاڵیشی هەیە،کە پێی ئاوپڕژێنی سەوزەو گوڵەکان دەکات. لە سەرەوی ئەو لەنگەریەی پان، تەماشەگەی وا وەبەر چاو دەکەوێت: لە باکوور بۆ باشووری سیمینەرود، وەکوو قەیتانێکی زێوە، کە لە چەند شوێن پس پس و بڕ بر کرابێت. ئەو بەشبەشە، ئەو شوێنانن کە جەنگەڵەکانی چڕ وپڕ و تێکسرماو ویشکی پانایی چەم لە بەر چاو ون دەکات. گەلێک ئاوایی لە چوارلایەنی وی دەبیندرێت: لەقەراخ سیمینە رود،لە ناو دارەچنارو مێشەلانەکانی بێی، گوندی "قارنجە" دەبیدرێت. خوارەوەتر لە قارنجە،گوندی "حاجیاوە" وەبەر چاو دەکەوێت. لە لای باکووری رۆژئاوا کێوی بەتاق هەڵکەوتووی وێنە مانگیلەی یەکشەوە دێتە بەر نەزەر کە گوندی'سریلاوا" لە داویی وی هەڵکەوتووە. لە لای باکوور،لە داوینی ئەو چیایەی کە لە قەراخ جادەی سریلاوا، بۆ قارنجە، دەست پیدەکات، ئاوایی "عەولاباد"دەبیندرێ. پشتی کێوی سریلاوە،"پیروەلی باخ"لە دە هەنگاوی شوینی دانیشتنی ئیوە بە ڕەزەکانی ترێ دینە بەر چاو. بەڵێ تەواوی ئەو دیهات بە باخ و سەزەجات و شیناوردو چیاو گەڵی و جادە و چەم لە سەر ئەو لەنگەرییە، دەبیندرێت.*

*لە سەرو بەندی بەهار، کاتێک کە بازار حەوتووانەی"وەباغ کەندی" دەبێتەوە وگاوان و شوانەکانی دەورو بەر مێگەلە مەڕەو گاو چێڵ مانگاو ئاژالەکانی خۆیان بۆ فرۆشتن بۆ وێ دێنن، کیژان و کوڕانی ئەو دیهاتانەش کە زۆربەی لە گەڵ مێگەلەکانیان بۆ ترۆپی ئەو چیایە دێن، بۆ لوتکەی ئەو کێوە دەچن. ، داوتی ڕەشبەڵەک دەگرن و شایی دەکەن. ئەمن بۆ خۆم دەیان جار لە وی داوەتم کردوە. بە ڕاستی زارا گیان،ئەگەر بزانی کە لەوسەردەمدا کەراسی ڕەنگاو رەنگی کیژان، بە جلوو بەرگی جوان و لاوان لە ناو ئەو گولانەی دڵگرو بۆنخۆش چیا، چ تەماشەگەی جندی و دڵراکێشی پێکدێنن لە خۆت بێخەبەر دەبێ و لە ئەندازە بەدەر سەرسورماو،بە ئەفەرین گوتن جڵەوی دەسەلات لە دەست دەدەی، لەوێیە کە ئەڤینەکانی ئاسایی وپاک وخاوێن گوندەییەکان بەو هەمووجوانی، هەبووی لەزەتی سروشتی خۆیان دێنە کایە. لەوێیە کە روخسارەکان لە ئەڤین یان لە شەرم و حەیا ڕەنگ و بیچمی لالەکانی سروشتی وکیوی بەخۆیانەوە دەگرن! لە وێیە کە قادرکانی ئاشق و زاراکان هەڵدەکەون کە شەپ لە ژیان و دارونەداری خۆیان دەدەن!....*

*لێرۆکانە زارا،دەستوجێ قسەکانی قادری بڕی وبە حاڵێکی نیگەران گوتی: قادرباش گوێراگرە،دەنگێک لە پشتەوە دێ،دەزانێ ئەمە دەنگی چییە؟*

هەر دووک ئاورێان وەپشتەوەداوە،قادر بە دیقەت گوێچکەی هەڵخست. بەرازیش کە هێندیک لە پێشتر دەرۆیی لە پڕ ڕاوستا و گویەکانی مووت کرد. شەو بەڕادەیەک ئەنگوست لە چاو بوو کە لە دوو قەدەمی شتێک لێک نەدەکراوە. هەورەکانی رەش و بوڵێل بەری میچی ئاسمانیان گرتبوو، بەڕادەیەک تاریک و تروک بوو کە کەمترین ورشەو ترووسکەیەک لە چ شوینێک نەدەبیندرا. دەنگێکی وەکوو دەنگی وەێککەوتنی وەرکە بەردو لە دووروە دەبیسترا، قادر دەستی زارا-ی گرت و گوتی: زارا،ئەم دەنگە دەنگی پیی هەسپە. وەدوای ئێمە کەوتوونە. زارا،گوتی: ئەمن هەر سەرتا تێگەیم کە شوێنی ئیمەیان هەڵگرتووە .

بە شانس شەو گەلێک تاریکە، ئەگەر ئەم سەگەی لەعنەتیمان لە گەڵ نەبوایە ئەمە بە باشی دەمانتوانی خۆمان وەشێرین. بەڵام لەمە دەترسم کە بەراز ئاشکرامان بکات ڕیسەکەمان لێبێتەوە خوری. دەنگەکە هەر چرکە زیدەتر دەبوو دڵەخۆرپە و پەشیویو شەڵەژانی ئیمەی زیدەتر دەکرد. قادر دەستی زارا-ی گرت،زۆر بە گورج وچابکی لە جادەیان لادا بۆ لای گەلیەکی بچوک کە لە لای چەپەوە هەڵکەوتبوو سەر بەرەژێروە بوون. بەرازیش بە دوایاندا رایدەکرد، بەلام هەر چرکە گوێچکەی مووتتر دەکرد و ئاوڕی دەدایەوە. لە خوارەوەی گەڵی گاشە بەردێکی گەورەی لێبوو کەقادر و زارا لە پشتی وی خۆیان وەشارد و بەرازیان توند گرتبوو هەتا نەچێت و نەوەڕێ. بەلام حەیوانی بلەوەزو(بێحارولەجووج) پێچەقێن کاتێک هەستی کرد کەدەنگی سمی هەسپان لەسەرەوە دێت خۆی لە دەستی قادر راپسەکاند و دەستی بە وەڕین کرد. قادر هەر چەند حەولیدا نەیتوانی پیشی بگری وبێدەنگی کات بناعیلاجی خۆی بۆ رووداو ئامادە کرد. خەنجەری بە ڕووتی لە بن پشتبندی هێنادەر. زارا هەستی پێکرد کەمێک دەترسێ و قادر لە لەرزینی لەشی گڕاویەکەی بە دڵەخۆرپەی وی گەیی،دەستی بە لاواندنەوەی وی کرد. هەر دووک سوار لە جادە بە سەر ڕەو دەهاتن.لە دەنگی وەڕینی سەگی قادر هەر دووئەسب ڕەووینەوە،یەکێک لەسوارەکا بە ویدی گوت:

مەحموود نەمگوت دەیانگینێ! ئەو سەگبابانە ، لێرۆکە، لە ناو ئەو گەلیە خۆیان حاشار داوە. زووبە بەرەو گەڵی لێبخورە! دەبێ هەر دووکیان بکوژین و تەرمەکانیان لە گەڵ خۆمان بەرین.

زارا ئەو دەنگەی ناسی بە سرتە بە قادری گوت:

بۆخۆیەتی.

کە؟

دستگیرانم، هەر ئەوکەسەی کە دەیانویست ئەمن بدەنە وی.

قادرگوتی: زۆر باشبوو. ئینشاڵلا بە زیندویی لێرە ناڕوات.

دوو بارە دەنگ بەرزبۆوە کەپرسی:

موحموود،تفەنگت سوارە؟

بەڵی ئاغا،دڵنیابە!

هەر دوو سوار هاتنە ناوگەڵی. بەراز دەوری سوارەکانی گرتبوو ئەویش بە وەرین ئامبەڵۆزی ئەسپەکانیان بوو. دەنگی سمی هەسپەکان لە ناو ورکە بەردە هەر دەم زیدەتر لە گوێیی زاراو قادر ئاوازەی دەداوە. هەر دوو هەتا رادەیەک دڵنیابوون کە تاریکی شەو خۆشاردنەوەیان لە حاشارگە هەتا دەمێک وەختی سوارەکان دەگرێ،پاشانیش ئەگەر دیترانەوە بە سەر کەوتنی خۆیان هیوادار بوون. جارێکی دیکە دەنگەکە بەرزبۆوە کەگوتی:

مەحموود ئەتۆ کەمێک بۆ خوارەوەتر برۆ بە تایبەت قوڵاییی گەلی بە وردی بیپشکنەوە!

مەحموود کە یەکێک لەو دوو سوارە بوو، لە سوارەکەی دیکە دوور بۆوە خەریکی گەڕان بوو. سوارەکەی دیکە لە نزیکی گاشە بردەکە کە حاشارگەی دوو ئاشق و دڵدار بوو ڕەت بوو. ئەگەر قادر تفەنگ یان دەمانچەی پێبوایە، دەیتوانی کەلکی لێ وەرگرێ لەو فاسیلەدا ئەسب یان سوارەی بنگێوێ، بڵام بە داخەوە جگە لە خەنجەرێکی ڕووت چەکی دیکەی نەبوو. پشووی لە سینگیدا خواردەوە بەرازیشی ڕێنوێنی کرد هەتا دەتوانی وا بکات،بەڕاز بە چاو نەترسی هێرشی بۆ سوار دەبرد هەسپەکەی دەگرت. جاریک بەراز کەوتە بەر سیرو تەقەی لێکرا بەڵام بە خۆشیەوە وەبەر نەهات. سەگەکە بە دوای فورسەت دەگەرا هەتا کارێکی بکات. ئەم سەگە هەتا ئێستا چەند جار بە تەنیایی گورگی خنکاند بوو و ڕێگای سوارانی گرتبوو،لەبەر ئەمە بە ئەزموون بوو دەیزانیێ چلۆن دوژمن خافڵگیر بکات. بەراز،بە قەڵمبازێک خۆی گەیاندە سەر گاشەبەردو لە وێرا وەکوو شێرێکی برسی خۆی هاویشتە سەر سوارەکە. سوار بە هەڵمەتی ئەو زەبرە لە هەسپ بەر بۆوەو لە خۆلوو خۆڵ گەوزی. ئەسبەکەشی بە توندی ڕەویەوە بۆ لایەک دەرپەڕی، و تفەنگەکەی بۆ لایەکی تر لە دەستی پەڕی. جەستەی سوار بەد بەخت لە نزیکەی حاشارگەی هەڵاتوان، لە بن جەندەکەی قورسی بەراز دەست و پیی لێکدەدا. قادر هەلی بە فەورسەت زانی دەستەو خەنجەر هەڵیکوتایە سەر. سوار هاوارێکی ترسەنۆکی لە سینگی بەتاڵ کرد و دوای یارمەتی لە هاقاڵەکەی کرد، لەو بەینەدا دەمانچەی لە بەرپشتێندی دەرهێنا هەتابە وی بەرگری لە خۆی بکات. قادر ئاگاداری بوو، بە چوست و چالاکی ئەو دەستەی کە دەمانچەی پێبووگرتتبووگرت ، لولەی دەمانچە لە نێوان قامەکەکانی قادر ڕوو بە ئاسمان مابۆوە، گوللەیەک دەر چوو، بڵام کار تێکەر نەبوو،لە بەرابەردا خەنجەری قادر هەتا دەسکەکەی لە سینگی گولە هاوێژ چووبووخوار هەڵیدرێبوو. ناڵەیەکی لە ئەوکی بریندار هاتە دەر. لەو کاتدا گولەیەک دەر چوو ناڵەی بەرزا بەگوێ گەیی،بەراز چوو بوو کە سوارەکەی دیکەس بە دردی ئەوی هەول بەرێ،بەم گولە وەدەستی کەوتبوو، فەقیرە دەشەلی و دەیلوراند.

مەحموود کاتێک خۆی گەیاندە سەر جەندەکی هاقاڵی کە زارا تفەنگی سواری برینداری لە هەرد هەڵگرتبۆوە بە قادری دابوو. حەمباری تفەنگ پڕ لەگولەو لە سەرپێ. دوو دژمن یەکتریان نەدەدی، بەلام هەستیان پێدەکرد کە لێکتر نزیک بوونە. ئەوجار یەکیان سوارە بوو یەکیان پیادە،ئەوەش بڵێن کە سوار لەگەڵ ئەسبەکەی لەو شەوی تارێکدا ئامانجی دیاری کراوتر،بۆ تیرهاوێژی پیادە بوو. هەر دوو بە خەیاڵی خۆیان تفەنگیان لێکتر بەتاڵکردو پێک وەنا. تفەنگ هاویشتن لە کاتی شەوی زۆر تاریک فایدەی نییە، مەگین وەختێک کە ئاماج نزیک و دیاریکراو بێت. بە پێچەوانە،وەدەست هێنانی ئاکام پەیوەندی بە بخت و شانس و ئیقباڵ هەیە. هیچکام لەو دوو ئامانجە بۆ ئەویدی نەدەدیترا. بەو لێکدانەوەیە، ئامانجی قادر زۆرتر بۆ وی لە شانس دابوو،گولەی وی سواری پێکا، بەلام گولەی سواری ئەوەی نەپێکا،ڕەنگە ئەو شەو بەخت لە گەل قادر بوو.

هەر دوو هەڵاتوو هەر بەو جۆرەی کە هیوادار بوون ئەو شەوی بە سەر دوژمندا سەرکەوتوو بوون،بەڵام بەرازی فەقیر بریندار بوو ودەشەلی.

هەڵاتووەکان گەڕانەوە سەر جادەو توندتر لە بەرێ ڕیگایان گرتە بەر. قادر چونکە دەیزانی کە بەراز ئیدی هێزی ڕێگا ڕوینی لە گەڵ وان نییە ئەوی بە باوەش هەڵدەگرت و هەتا سەردەمێک دەیبرد، بەلام بۆخۆی ماندوو دەبوو ناچار لە هەردی دادەنا،سەگی بە وەفا بە شەلە شەل بە دوای خاوەنەکەی دا دەڕۆیی.جاروبارەش کە شوێنێکی باش و لاتەریک و ئارام و بیدەنگیان بۆ وچان وەدەست دەکەوت بۆ خۆی لە گەڵ بەراز خۆیان دەحەساندەوە،لە دوایی حەسانەوە دیسان قادر سەگی لە قەلاندۆش دەکرد و دەکەوتینە ڕێگا. کاتێک قادر هەستی کرد کە دوو قامکی دەستی چۆپەی دەسووتێتەوە،پاشان بینی کە دەستی چۆپەی تەڕ بووە هەر چرگە ئێش وسوتانەوەکەی لە زێدە دەدات. ئەوجار هەستی پێکرد کە خوێینکی زۆری لەبەر ڕۆیوە ،زانی کە گوڵلەی دەمانچەی وێکەوتووە. دەست و جێ تیتۆڵێکی لە قەفی پشتبیندەکەی دڕاندو ئاگری تیبەرداو کردیە سووتوو بە یارمەتی زارا لە سەر برینەکەی داناو پێی برژاندەوەو بەستی، لاقی سەگەکەشیان ئەوها برین پێچ کرد.

لە تەواوی ڕێبڕیندا زارا بە شیوەکی پۆشکاو تاساو لە سەرگەردانیدا نووقم ببوو قسەی نەدەکرد، هەر چەند بۆ دووەمین کەڕەت بوو لە پیلان رزگاری دەبوو لە بڵای مێرد کردن نەجاتی ببوو ، بەلام فکری دوارۆژی قادر تووشی نیگەرانی کردبوو. قادر لە بێدەنگی وی دڵتەنگی و بیواز بوونی پرسی:

زارا،بۆچ بیدەنگ وماتی و قسە ناکەی و چ ناڵیی؟ لەچی فکر دەکەیەوە؟ هۆلوڵی؟

بەڵی نیگەرانم لەمە فکر دەکەم کە تۆ ئەمشەو تووشی تاوان و گوناحێکی گەورە بووی کە وای بۆ دەچم دوا ڕۆژێکی زۆر خەراپی بە دوادا دێ. بەڵام لە بەرابەردا لەمپەری سوومت لە سەر ڕێگای خۆشبەختی خۆمان هەڵگرتووە. بەڵام پێشوێنی ئەو سەر کەوتنەی برووسکەداری ئەو شەو زۆر ئارووشەو ئاستەم و پڕ ڕەنج و کوێرەوەری لێدەکەوێتەوە. یەخەی مە بەو ساناییە بەر نادا و دەبێ هەتا دەتوانین بۆی ڕاکەین و خۆمانی لێ دەربازکەین. قادر پەرسفێکی بەو قسە نەداوە، وەک ئەوەی دوارۆژی ئیشی ئەو شەو بە بۆچوونی ویش خاو کێش و پڕ دەردە سەری دەنواند. بۆخۆشی دەیزانی کە بنەماڵەکانی مەزنان و ماقولان لەو تاوانەی کە دەرحەق بە بنەماڵەکەیان کراوە وا بە سووک و سانایی دەستی هەڵناگرن.

لای نێوە شەو بوو کە قادر و زارا، لە گەڵ سەگەکەی بە هەزار زەحمەت خۆیان گەیاندە گوندی حاجی آباد. کەڵە شیرەکانی بیوەخت بانگدەر (قیقلەقوو)یان دەکرد ، سەگەکان دەیانلووراندوو دەوەڕین....

قادر،زارا-ی لە چەند کۆلان تێپەڕاند هەتا لە ئاکامدا ئەو ڕێبوارانەی دڵ بریندارو ماندوو لە کۆچەیەک ڕاوەستان. دەرگا گاڵە بوو. قادر چەند جار لە دەرکەی دا،چارێگە کاتژمیرێک تێپەڕی و دەرگا کراوە. پیرە میرێک لە سەر دەرانەی دەرگا وەدەر کەوت، سەرەتا لە بینینی ئەوان سەر سورما،دوایی قادری ناسی و لە باوەشی کرد و ماچی کرد. قادر ڕوخساری پڕ لە گنجی و پزووی باوکی پیری چەند کەڕەت ماچ کرد و زارا-ی بە وی ناساند.

بەیانی کاتێک زارا،دەرەنگ لە خەو هەستا، قادری لە نزیک خۆی نەدی. ئەو شوێنەی نامۆ بۆی سەیر دەنواند، بە سەر سوڕمانەوە لێی دەڕوانی،هەر چرکە چاەڕوانی بوو کە قادر وەژور کەوێ و ئەوی لەو

حاڵە پریشان و نیگەرانیە وەدەرخات. بەڵام لە قادر چ خەبەرێک نەبوو باوکی پیرە مێری قادر هاتە ژوروبۆ وی نان و چاو ڕۆنی کرە، بۆ قاوڵتوون هێنابوو. زارا دوایی دەربڕنی سوپاس لە پیرە مێری پرسی: قادر لەکوێیە؟ بۆ ئەونایە. پیرەمێر بووکی تازەی خۆی تیگەیاند کە کورەکەی بۆکڕینی جل و بەرگ و هێندیک حەواجی پێویست چۆتە شاری لەوانەیە هەتا دە دوازدە ڕۆژی دیکە نەگەڕێتەوە. زارا،لە پێوارێکی ئەوها دوورودرێژ سەرسوری سوڕما بەڵام بە پێویستی نەزانی کە هۆکاری وی لێپسیاربکات،چونکە واوێدەچوو کەبۆخۆشی لە سەر ئەمە کۆک بێت کە قادر سەردەمێکی لەبەر چاون ون بێت، هەتا بڵێسەی ئاگری ئەو خوینڕیژی شەوی ڕابردوو دامرکێ ومەسەلەکە وەردەوردە بەدەستی لەبیر بردنەوە بسپێردرێت،و ئەو چاخ قادر بتوانێت بەخەیالێکی ئاسودە لە قەراخ گراویەکەی ژیان تێپەڕ بکات. لەراستشیدا هۆکاری ئەم سەفەرە دوورودرێژە تەنیا جلوو بەرک کڕین نەبوو،بەڵکوو شوانی سەرگەردان بۆپاراستن ومەحفووز ڕاگرتن لە مەترسییەک کە لە دوورو پشتی دەسوڕاوە،بە دەستوورو راوێژی باوکی ویستبووی چەند ڕۆژێک لەو گوندی خۆی دوور بکات هەتا هەراوهورایا، دادەمرکێن و پاشان بتوانن لە گەڵ زارا بۆ شوێنێکی ئەمین کۆچ بکەن و لە وێ بە ئاسودەیی ئوخژن زەماوەند بکەن.

ئەو مەترسییەی کە بە توندی هەڕەشەی لە قادر دەکرد زارا- ش ئاگاداری بوو،وفکر بۆی دەچوو کە حاجی مستەفای باوکی زارا و بنەماڵەی زاوای نامرادو کوژراو وەدوای بکەون و تۆڵەی ئەو خوێن ڕژانەی لێبکەنەوە. چاوپۆشی لەمە،لە کاتی نەبوونی قادر کە بە دوای زارا- دا بۆ(قەلای ڕەسووسیت)چووبوو، خێزانی لە ماڵ دەر کرد بوو،براکانی خاوەری مەزلووم بۆ ماڵی باوکی قادر ڕۆیشتبوون، داوای ئەو کارە بێویژدانەیان لە وی زانیبوو، هەتا حیسابی لە دەست بنین و تۆڵەی ئەم شۆڕیی خۆشکیان لە وی بکەنەوە. بەڵام شوانی پیری مەزلووم بە هەزار زەحمەت ئەوانی ڕازی و قانع کردبوو بە هەزار سوێند تییگەیاندبوون کە ئەو لەو مەسەلە پچۆکترین ئاگاداری نییە وسەر دەمێکی دوورو درێژە کە کوڕەکەی هەر هاتووچۆی ناکات وپەیوەندی لە گەڵ هەڵبڕیووە. بەو زەمینە سازییە براکانی خاوەر، دەستیان لە یەخەی پیرمێر بەردابوو رویبوون. بە ڕاستیش پیرەمێر درۆی نەکرد بوو،چونکە زۆر لەمێژ بوو کە قادر ئیدی سەری لە باوکی پیری نەدابوو، کاری بە کاری نەبوو.

پیرەمێر سبەی ئەو مەسەلەی لە نووکەوە بۆ بووکی داهاتووی خۆی گوت وقادریشی لە مەترسی ئاگادار کرد،هەر بۆیە بەیانی شەوەکی بەر لە کازیوە لە خەوی هەستاند،هەموو جەرەیانەکەی بۆ گێڕاوە و ڕەجای لێکرد کە بە بیانووی کڕینی جلووبەرگی بووکینی، بچێتە مەهابادو سەردەمێک لەو شاری بمێنیتەوە هەتابزانین هەلوومەرجەکان چیان لێدێت.

زاراش ڕۆینی قادری دەلێلی ئاوەزو دوور بینی زانی،بەڵام کەمێک دڵتەنگ بوو لەمە بۆچی بە بێخەبەری وی ڕۆیوەو لە وی ماڵئاوایی نەکردوە. باوکی قادر لە جیاتی کوڕەکەی لە زارا-ی داوی لێبوردن کرد و گوتی ئەو کاتی کە قادر دەیەویست وەڕێکەوێ ئەتۆ لە خەوی شیرین دابووی، قادر حەیفی لێهات لەو خەوە وەخەبەرت بینیت،بۆیە ئەمنی ڕاسپارد لە لایەن وی لە تۆ خوداحافیزی بکەم. ئیشاللە هەتا ١٥
ڕۆژی دیکە بیگومان دەگەڕێتەوە، دەجا ئەتۆ نابێ نیگەران بیت.

پازدە ڕۆژ تیپەڕی،بڵام لە قادر چ سەرو سۆراخێک نەبوو. لە ماوەی ئەو سەردەمە ڕۆژێک چەند سواری چەکدار کە لە لای (قڵای ڕەسووسیت)هاتن پییان لە حاجیاوە ناو دەیانگوت لە قادر دەگەڕین،قادریان لە وی ویست،بەڵام پیرە مێر ئەو کەڕەتیش سوێندی بۆ خواردن کە لەمێژە لە گەڵ کوڕەکەی پەیوەندی

بچڕاوەو لێی بیخەبەرەو سەری نەداوە، دەجا چ ئاگای لێنییە و نازانی لە کوێیە و چ دەکات. پێنج ڕۆژ دوایی جارێکی تر سوارەکانی چەکدار بۆ حاجیاوە گەڕانەوە، بەڵام لە قادر چ سەروسۆراخ نوبوو، هیچ کەس نەیدەزانی بۆ کوێ ڕۆیوە. براکانی خاوەریش جاریکی دیکە بۆ ماڵی باوکی قادر هاتن کە شوینپیی قادریان هەڵگرتبوو،بەڵام بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە.

لەو جۆرە وەختانە دا زارا- خۆی لە جێگای بێشک و ئەمین کە چ کەس شکی بۆ نەچێت دەشاردەوە،هەر وەک لەو چەند جار هاتوو جۆی سوارەکان هیچ کەس بە شوێنی حاشارگەی وی نەزانی. ئەو تەنیا چاخێک لە ماڵ یان لە حاشارگەی خۆی دەهاتە دەر کە ڕۆژ ئاوا ببوایە و شەو بە سەر دەستاندا هاتبوایە، لەو وەختاندا کە هەستی پێدە کرد کەش و هەوا ئارام و لە بارو بیدەنگە، هەتا لێواری چەم دەچوو، هێندیک لە ناو میشە دەگەڕا پاشان گۆزەلەکەی پڕ لە ئاو دەکردو بۆماڵ دەگەڕاوە. کێژۆڵە ڕۆژ ئەژمێری دەکرد و بە چاوەڕوانی گەڕانەوەی قادر، چش حیسابی ڕۆژەکان، هەتاحیسابی کاتژمیرەکانیشی دەکرد.

مانگێک تێپەڕی و قادر نەهاتەوە. بەرپێوار(غیبت) بوونی قادر هێندنەمابوو خۆی لە دوومانگ بدا کە ڕۆژێکی خەڵکی حاجیاوە تەماشاگەیەکی(مەنزەرە) بە ئێش و بە ئازارو ژانیان بینی،تەماشاگەیەک کە فرمێسکی لە چاوی خەڵکی بە هەست وئیحساس و دڵسۆز هێنا. هەموو بینیان کە پیرە مێرەک بە چاوی بەگریان بە دوای کیژێکی جوانچاک لە ڕێ دایە،کیژەکە روخساری بە قەدیفە داپۆشیوە. پیرە مێرەکەو کێژەکە لە ڕێگای مێشەڵانێکی ویشکاییی بۆ لای گوندی "قارنجە" دەڕۆن،هێشتا دووساعەت بۆ ڕۆژئاوا مابوو ڕۆژ گزنگی زەردی خۆی بە جۆرێک لە میشەڵانەکەی چەمی "سیمینەرود" دابوو، دەتگوت زێڕاوی دەکات. کیژەکە وەپێش کەوتبوو ،لە دوو سەت هەنگاوی پشتەوەی وی پیرە مێرەکە دەهات،و ڕێگای بە قامک بە کێژۆڵەکە، نیشان دەدا. پیرە مێر لە خەم و خەفەتی دەگریا،بەڵام کیژەکە سەری لە بەرخۆ نابوو دەتگوت لە کارو باری ڕۆژگاری سپڵە بێ وەفا سەر گەردان و حەیران مابووە، پۆلێکلە خەڵکی گوندیش بە دوای پیرە مێر ونزیک لە وی دەڕۆیشتن. هەموو ئەویان ناسیبوو و دەینزانی کە ئەو مەحموودی شوان، باوکی قادری شوانە،بەڵام ئەو کیژەی کە لە پیش وی دەڕۆیی نە دەناسی، بەڵام تاوێک ئەویان ناسی کە جارێک ئاوڕی داوە چاوی لە پیرەمێر دەکرد کە ڕێنوێنی کرد لێی ڕوانی دیسان لە ڕۆین بەردەوام بوو. لەو ڕوو وەگێڕانە،ئەو قەدیفەیەی کە وەکوو چار شیو لە چروچاوو روخساری خۆی وەرپیچابوو بە هۆی دەست وەکەوتن لە ڕووی هەڵماڵاو خەڵکەکە زارا-ی کیژی حاجی مستەفایان ناسیەوە.

خەڵکی گوندە ئەم جۆرە (مەنزەرە)و بەرجەوەن، بەرجاوگەیان(دیمەن) زۆر بینی بوو و لە چەندایەتی تام و چێژی وی ئاگادار بوون،یانی لە بینینی باوکی قادر کە لە دووسەت قەدەمی زارا دەڕۆیی و ڕێگەی بە وی نیشان دەدا دەست وجێ تێگەین کە یەکی دیکە بە ئەژماری "گولەکان" زیدە بوو،ئەمە گولی تازەو موزلووم کە تازەش تووشی ئەو نەخۆشییە پیسە بووە کەسێک جیا لە"زارا"نییە. قوڕ وەسەر زارا! بەخت ڕەش زارا!

ئەنواو ئێورگەی(شوینی دانشتن) "دووزام" و "خۆرە وێکەوتوو" خانووچکەیەکی گچکەیە، کە هێندێک دوور لە جادەو مابەینی نیو فەرسەخ لە ئاوایی،لە ناوەڕاست سارا وەبەر چاو دێ. بەم شاردنگە ناوی(خانیلەو چاتۆڵ)شیاو نییە وناوی ڕاستی(وێرانە)باشتر لەگەڵی دەگەنجێت. لەو(کاڵیتگا) چەند کەسی (گەڕگۆشە)ی چارە ڕەش کە لە گوندەکانی دەورو پشت بۆ ئەو ئاواییە دەر کراون لە دەورەی یەکتر کۆ بوونەتەوە و هەر یەک لە مانەدا قولینچێک لە باری قورسی ژێوار بە کۆل دەکێشن. مەزلووم زارا،ش دووزام ببوو،

دەچوو هەتا بەشێک لەو باری گران و قورس لە وان وەر بگرێ و لە سەر شانی بیهێزو بێتاقەتی خۆی دانێت.

پیرە مێر لە دوورەوە ئەو(کۆختەی)پچۆکی یان(قوڵخی) کە لە ناوەڕاستی سارا هەڵکەوتووە بە"زارا" نیشان بدات هەتا بۆ خۆی بۆ وێ بڕوات و بە هاو دەردانی بلکێت،ئەوکات ئەو بۆ گوندی حاجیاوە بگەڕێتەوە. زاراش کە چارەنووسی تێپەڕکردنی ژیان لەو(چاکڵە)بوو ڕۆیبوو بە (پۆتکان)پەیوەست بێت.

هیچکەسێک بە وردی نازانیت "زارا" چلۆن و لەکوێ تووشی بە تووشی ئەو نەخۆشیەی ماڵوێرانکەر بوو، لە کێی گرتەوە، جێگای خۆیەتی کە لەم بارەوە زۆرتر قسە بکەێن. خەبەری (گوڵ)بوونی زارا، لە هەموو دەوروبەری ناوچە دەنگی داوە. ئەوانەی کە ئەویان دەناسی، یەکجار زگیان پێسووتاو بۆی بە پەرۆش بوون و بۆحاڵی وی فرمێسکیان وەراندن، ئەوانەی نەشیان دەناسی، دیسان بۆی بەداخ بوون ودڵیان بەجحێڵی ولاوەتی و نامرادی وی دەسووتا. قادر هێشتا نەگەڕابۆوە بێگومان لەو مەسەلە زۆروکەم بێخەبەر بوو.

گولی،یان دووزامی، پیسترین و خەراپترین نەخۆشی ماڵوێرانکەری دونیایە و بەڵایەک کە ئەو نەخۆشییە نەحس و شووم و پیس وکرێتە بە سەر مرۆڤ دێنێ لە گەڵ هیچ بەڵایەکانی دیکەی وەرگرتوو لە نەخۆشیەکانی تر بۆ هەڵسەنگان نابێت. تاعوون ووەبا وسیل(ئازارە باریکە) دیارە کە نەخۆشی پڕ مەترسین،بەڵام تاعوون(چاوقوڵکە)وەبا،نەخۆشی خۆیان لە ماوەیەکی کورت دا دەکوژن، و ئەوی لە باشارنەکراوی و بەدەر لە تاقەت و تابشت و ڕەنج و کوێرەوەری ئەو هەموو دەردو ئێش و ژانو چەرمە سەری ڕزگار دەکەن. سیلیش(ئازارە باریکە)نەخۆشیەکی خەراپە،بەڵام ئەو کەسەی تووشی دەبێ مەجبوور نییە لە ئاوەدانی و لە ناو ماڵوو مندالوو بنە ماڵەکەی وەدەری نێن و دەری کەن و ناچار بێ کە ژیانەکەی لە گەڵ بیمارەکانی دیکە تێپەڕ بکات. بەڵام (گولی) بە پێچەوانەی هەموو ئەو نەخۆشیانەی ئاماژەمان پێکردن بۆ لێگرتنەوە یەکجار پڕ مەترسییە،ئەوجار سەرانسەری لەشی لە برینی بۆگەنیو، لە ناو چوو تەواوەتەوە بڕاوی لەش دادەپۆشی،مرۆڤ مەجبور دەکات لە ناو جەماوەری ساخ و سەلیم بڕوات و لە گەل "دووزامەکان" کە دوور لە ئاوەدانی ژیان تێپەڕ دەکەن، تێکەڵ و هەمدەم بێت. جێ ئاماژە پێکردنە کە ئەو نەخۆشییە، نەخۆشی خۆی هەتا چێژو تامی دوایین ئاویلکەی ژیان بە دەردو ئەشکەنجەی جەستەو رووحی و عەزاب دەدات. بەو جۆرەی کە دیارەی دەدا (دووزامی)لە باکووری ئازەربایجان و بە تایبەت لە ناوچەی کوردستان زۆرتر لە هەموو بەشەکانی وڵاتی ئێران دەنگۆی لەسەرە.

نووسەر ئەگەر دوکتور بوایە دەیتوانی دەورەکانی جۆراجۆری ئەم نەخۆشیە بەنیشانەو چلۆنایەتی وی بە دوورو درێژی بۆ خوێنەر شیکاتەوە، بەڵام چونکە ئاگاداریەکی زانستی ئاشکەرای لەم بارەوە نییە، بە دەربڕینی بینین و چاڤپێکەتنی خۆی و ئەوەی کە لە ڕێتێچوون و بڕستهەبوونی نەخۆشەکی گولی کە بینیوە بەس دەکات. دووزامی مەزلووم دوایی چەند ڕۆژ ڕەنگی دەگۆڕێ، لەکەی(پنۆک) قاوەیی لەروخساری پەیدا دەبن،ئەم پنۆک پنۆکە تەوای لەشی نەخۆش دادگرن. پاش سەردەمێک لە شوێنی ئەو پنۆک پنۆکانە برینی وبیشک وەدەر دەکەون، کە پێستی ناسک وشەق وجوانی لەش دەخۆن و لە ناو دەبن. وێنەی سروشتی مرۆڤ بە تەواوی ئاڵەگۆڕی بەسەرداديت، کەپۆی نەخۆش گەورە دەبێ،لێوەکانی ئەستوور بوونێکی لە ڕادە بەدەر پەیدادەکەن.(هەلیلۆک،چیچیلە)ی نەرمەی کوێچکەی قەوین دەبێت ڕوخساری

هەڵدەمسێت، نێوچاوانی دەردەپەڕی،چاوەکانی گچکە دەبنەوە و لە ژێر پێستی ئەستووری کاولی چاوی ون دەبن. چەنەگەشی ئیدی ئاسایی نییە و کەس نازانێ کە شەباهەتی چ دەدات. ئەم بەڵایانە بە سەر تەوای ئەندامی دادێت. لەشی دایم و دەرهەم خورووی هەیە، هەر ئەوەندەیە کە مرۆڤ نامرێ،بەڵام ئەزیت ودەرد دەکێشێ وبێبەشی لە مافی کۆمەڵایەتی و ئینسانی بە چاو دەبێنێت.

لە یاسای تۆڵەدانەوە(جزائی)فرانسە بەر لە ئینقلابی مەزنی کەبیر، ناڤدێنێک هەبوو کە ئەویان بە(مرنی حقوقی)ناو لێدەبرد. مردنی حقوقی قاچی لە سەر ئەوکی مردنی سروشتی و ئیعدام دانا بوو، حیسابی خۆی لە گەڵ مەحکووم بەتەواوی ڕوون کرد بۆوە. کەسێک کە بەمرنی حقوقی مەحکووم دەبوو، لە مافی کۆمەلایەتی بە تەواوی بێبەش دەبوو،ئەگەر ژن بوایە بۆخۆی و ئەگەر پیاو بوایە ژنکەی تەڵاقی دەکەوت وکوو کەسێک کە مردبێت، سامانەکەی لە نێوان بنەماڵەکەی داروبەش دەکرا. ئەو کابرایە ئیدی مافی خاوەن مڵکایەتی نەبوو، چونکە بەمردو حیسابی بۆ کرابوو. لە هیچ شوێنێک نەیدەتوانی ئیش بکات، لە هیچ کەس نەیدەتوانی پارە قەرز بکات،ئیعتوباری لە لای هیچ کەس نەبوو، ژیانی جگە بە سواڵکەری نەیتوانی هەڵسورێنێ وبژیت. بەزیندووی بەرێگادادەڕۆیی وبەدووچاوی زەق دەیدی کە خەڵک ماڵ وسامانەکەی بەفتوای یاسا دەخۆن وئەو دەبێ سواڵ بکات، هەتا زیندو بمێنیتەوە. بەچاوی خۆی دەبینێ کە ژنەکەی مێردی بە زەلامێکی دیکە کردوە،بەڵام ئەو مافی پێهێنانی بنەماڵەو ژن هێنانی نییە،لە سەر ئەو هەمووش بەد بەختیانەش دیسان باشبوو ئەودەیتوانی لە ناو کۆمەڵگا خزم و کەسی خۆی بمێنیتەوە، هەر نەبێ لە گەڵ ئازیزانی خۆی هاتووچۆی هەبیت و لەگەلیان بە سەر بەرێ.

دووزامی زۆر لە مرنی حقوقی خەرابترە، چونکە سەر جەمی ئەو بێبەشی کۆمەڵایەتی کە بە پێی مەحکووم بوون بە"مرنی حقوقی" یەخەگیری ئینسانە، بە کردەوە یەخەگری نەخۆشی دووزامیشە، بەو تەفاوەتە کە ئیدی لە ناو بنەماڵەو کەس وکارو کۆمەڵگاش ناتوانی بمێنیتەوو بژی، و دەبێ بۆ ناو (کۆختە، خنجک، کاز، قۆکەل، قولخ، قۆختە، کولیت،کەوێڵ، هۆڵک، کێڵ)ی گولان بگوێزیتەوە و لە ناو ئینسانان هەڵێت.

مەترسی پڕژو بڵاوبوون و پیوەچوون داگەڕان و گرتنەوەی نەخۆشی دووزامی بە چەشنێک زیدەیە کە پەیقین لە گەڵ وی لە چەند هەنگاوی لە وانەیە مرۆڤ تووشی ئەو نەخۆشیە بکات، مەسەلەن بۆ گرتنەوەی هەر هەناسەی زاری بۆ مرۆی ساخ تەواوە کە تووشی گولی کات. لە کوردستان وەختێک کەسێک تووشی ئەو نەخۆشیە دەبێ دەست و جێ بە حوکمی ویژدان و شەرافەت بۆ خۆی بۆ دەرەوەی ئاوەدانی و شوێنی دووزامان پەناە دەبات، کە جێگای کۆ بوونەوەی ئەوانە. ئەو کۆختانە زور بەی لە قەراخ جادە هەڵکەوتوون. چاخێک دوزامەکان کەسێکی لە دوورەوە دەبینن کە لە حاڵی تێپەڕین لە جادە دایە،یەک دووکەسیان لە حاشارگەی خۆیان بە وەدەست بوونی کاسکی دارین، دێنە دەر لە قەراخ دیواری دادەنیشن. رێووبوار ئەگەر نانیان پێبێت لە دوورنانەکەیان بۆ فریدە دەن،دەناپارەیان بۆ تووڕ هەڵدەدەن. بۆیە دایم و دەرهەم لە کاسکی دووزامان پارەی ورد دەبیندرێت، بەراستی بەللی نییە کە بەو پارە وردە چ دەکرن. هێندێک کەس دەڵێن: کوێخاکانی بەشێک لە دێهات کە لە حاشارگای ئەوان نزیکن، هەموو حەوتوو نان و پەنیر، یان هێلکەی کوڵاو یان غەزای بەیاتی یەک ڕۆژەیان بۆ دەنێرن، هەتا لە فاسیلەی نزیک بویان دابنێن و ئەوان خۆیان بێن بیبەن. ئەمن دێتەوە بیرم لە ئاخر ئۆخری سەڵتەنەتی ڕەزاشاش لێرەو لە وێ دەبیسترا کە قەرارە نەخۆشخانەی تایبەت بۆ دووزامان سازدەن و خەرێکی عیلاجیان بن،بەڵام پلەی گرتنەوەی بەو مەترسی مەزن کە لە گوێزتنەوەی میکرۆبی گولی هەیە، نازانم دوکتورو پەرسار چلۆن

دەتوانن نێزیکەیان بکەن ولێیان ئاگاداربن، یان دەرزیان لێدەن،یان بە پاک و خاوێنیان رابگەن و بۆخۆیان نەخۆشیەکە نەگرنەوە.

خولاسە،زاراش کاتێک نەخۆشی گولی گرتەوە بە دووزامان لکا وخاوەنی کاسکەی دارین بوو. لەو(کۆلیت)یان (کۆختە) ساقامگیر بوو، ژیانی تازەو پڕپڕئازاری خۆی دەست پێکرد،سێ دووزامی دیکەش لە وێ دەژین،زارا چوارمین کەس بوو. گولەکان هەم بۆی گریان و هەم بەخێرهاتنیان کرد.

گوتم هیچکەس نازانێ کە ئەو زارای بەخت ڕەش چلۆن و لە کوێ بەو نەخۆشیە ماڵوێرانکەرە تووش بوو. نووسەری ئەم دێرانە( بۆ خۆم) لە چەند کەسی خەڵکی حاجیاوە کە شایەدی ئەو مەسەلە بوون پرسیار کرد و هۆکاری تووش بوونی ئەو کیژە مەزلوومم پرسی. هەموو دەیانگوت لە گوند دوو بۆچوون هەیە،ئەمن ئێستا هەر دووک بۆچوون دەنووسم و بۆ لێکردنەوەی راست و دورستی هەر کامیان قەزاوەت بە خۆێنەرانی ئازیز دەسپێرم:

حاجیائاوایەکان، دەیانگوت ئەو شەوەی کە قادر زارا-ی بۆماڵی خۆی هێناوە وئەوی لە وێ دانا هەتا چەند ڕۆژ چ کەس لە هاتنی وی خەبەری نەبوو. ئەو شەوەی کە پیرە مێری شوان و زارا لە هۆدەی بە قەولی خۆیان لە بەر شەبەقێکی کزولەرزۆکی چرا فتیلەی گەرچەک دانیشتبوون و پێکەوە قسەیان دەکرد. گویاپیرەمێر لەبیری چووبوو دەرگا گاڵە بدات. بەو جۆرەی کە ئەوان دانیشتبوون دەئاخافتن ئەو ژنکەی کە دوومناڵی سەرۆپێچکەی پێبوون دەچێت حەوشە، دەرگای هۆدە کراوەدەبێت سەلام لە پیرەمێر دەکات.

زاراو پیرە مێری شوان یەک و دوو دەرپەڕن. زارا خاوەرو مناڵەکانی وی ناسیەوە دڵی بە توندی دەستی بەلێدان کرد. خاوەریش زارا-ی ناسی. ژنی مەزلوومی قادر لە بینینی هەویی ئەوەندە نەشڵەژا،چونکە گوییبیس بوو، یان دیبووی کە قادر ئەوەی هەڵگرتووە،بۆ حاجیاباد،گەڕاوەتەوە. ئێستا لەکێ گوییبیس بووە یان لەکوئێ دیوە خودا دەزانێت،چ مەحلووم نییە. خاوەر لە حاڵی قادری پرسیار کرد و پیرە مێر وڵامی وی داوە کە قادر سەردەمێکە ڕۆیوە،و مەحلووم نییە بۆ کوێ،نازانم کەنگێ دەگەڕێتەوە. خاوەر خەم و خەفەت دایگرت و زۆر پڵمەو ئاڵۆز بوو چاوەکی لە سەرتاپێی زاراکرد وفرمێسک لە چاوەکانی کۆزیلەی بەست.

زارا نەیتوانێ لە بەر بەر ئەو چاوانەی پڕ لە ئەسرین تاقەت بێنێت بە سەر خۆیدا زاڵ بوو. ئەگەر قادر لە وێ بوایە پەنای بۆ وی دەبرد،بەلام قادر لە وێ نەبوو،زارا ناچار پاڵی وەدیواری دا. خاوەر کە شیرنی کچی لە باوەش دابوو لە هەردی دانا،هەنگاوەکی دیکە لە زارا نزیک بۆوە لە حاڵێکدا کە کوڵەوگری لە ئەوکیدا ما بوو بە زارای گوت:

خانم گیان،بە خێر بێێت! هیوادارم کە قەدەمت لە ماڵی مێردم ممبارک بێت!

وشەی(مێردم) قورس بوو کە لە سەری زارای کوترا. لەو وشە ئەوها هەستی بە سەرە گێژە کرد کە نەیتوانی وڵامی خاور بداتەوە. خاوەر دوو بارە وەقسەهات وگوتی: خانم، لە تۆ ڕەجا دەکەم قادری نەسیحەت بکە هەتاسەبارەت بە منداڵەکانی هێندە بێروحم و ناجوامێر نەبیت. بۆخۆشت موحیبەتی خاتوونی ودایکی لە مناڵەکانی من قسوور نەکەی و ئیجازە بدەی کە جار جار باوکیان ببینن. چ تەوفیر

دەکات؟ ئەمانەش لە جێی منالّی تۆن. های مەنسوور گیان،شیرن گیان،بچوونە پێش هەتا زاراخانم ئێوە ماچ کات،!زارا خانمیش وەکوو من داکی ئەنگۆیە. دی برۆن شەرم مەکەن!

مەنسووروشیرن کە لە دونیای منالّی خۆیان شتێکیان لەم بە بەریەک هەلاّچوون وپەرەچەنگ(شەرەقسە وپەیکار)، نەدەزانی بە قامکەکانی خۆیان گەمە دەکرد و سەریان لە بەرەخۆیان نابو،و نەدەچوونە پێش و جاروبارەش بە چاوێکی پڕ ماناوە لە داکیان دەروانی. خاوەر ئەوانی کەمێک بۆ پێشەوە پالّپێوەن،ا هەتاکوو زارا ماچیان کات، بەلاّم زارا،لە جێی خۆی نەبزووت و بە هەندی نەدەگرتن. دەتگوت دلّی لە بەردی ڕەقە، بەو قسانە وە ڕوحم و موحیبەت و مێهرەبانی نەدەهات.

خێزانی قادر بێئەوە وەشەیەک لە دەمی وی ببیسێت بە دلّشکاوی و خەمناکی لە پیرەمێری خواحافیزی کرد و لە هۆدە چوودەر. چاخێک لە مالّەکە هاتە دەر سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردوەو ئاخێکی ساردی لە قولاّی دلّی هەلّکێشا. دەگێڕنەوە لەگەلّ ئەو ئاخەی کە هەلّێکشابوو گوتبووی: " خوایا،تاوانکاران عافۆ کە!" بازێکیش دەلّێن گوتبووی:خوایا،ئەو ژنە وەبەر بەزەیی گەورەیی خۆت بخە و ببخشە!". دەلّێن چەند ڕۆژ دوایی خودا زارا-ی بەخشی،بەلاّم لەو بخشینانەی کە ئەگەر نەیبەخشیبوایە باشتر بوو: زارا بەدووزامان لکابوو!

دەستەیەکی زۆر لەدانیشتوانی گوندی "حاجی کەندی" هۆکاری گولبوونی زارا،لە ئەمە دەزانن کەگێرامانەوە، یانی دوعاو تووک و نزای خاوەر.

بەلاّم دەستەیەکی کەمیش هەن کە هۆکارەکەی ئاقلاّنەترو لۆژیتر دەردەبڕن و دەلّێن یەکێک لەو شەوانەی کە زارا بۆ گەڕان و گۆڕانی کەش و هەوا لە مالّ چووبوودەر چونکە ماندوو بوون و بێتاقەتیەکی زۆری لە خۆیدا هەست پێکرد لە بن سێبەری دارێک لە قەراخ سیمینەرود دەنیشت. پاش دەمێک هەست بە توێنیایەتی دەکات. ڕادەبێ هەتا لە چەم ئاو بخواتەوە، لە ڕەخ چەم چاوی بە کاسکێکی دارین دەکەوێ کە لە سەر خیزەلاّن کەوتبوو. سەرەتا دەیهەوی وەک هەمێشە بە گۆلم و لۆچ لە ئاوی چەم بخواتەوە(خۆزیا وای دەکردبوایە!)دوایی مەحلوم نییە بە هۆی چ فکرێک پێی باشبوو کاسکەکی دارین هەلّگرێ،ئەوەی لە چەم بشوات پاشان بە وی ئاوبخواتەوە. کاسکەکەش هەر لە وێ فرێدەداو وردە وردە بۆ مالّ دەگەڕێتەوە. لە کاتی گەڕانەوە هەست بە ماندویی دەکات و بیخواردنی نانی شەو، دەخەوی. سبەی کە لە خەو هەلّدەستێت چەند پنۆکی قاوەیی ڕەنگ لە سەر ڕووی پێستی چروچاوی خۆی دەبینێ و هۆکارەکەی لە پیرە مێر پرسیار دەکات. پیرە مێر دەستوجێ تێدەگا کە نیشانەکانی نەخۆشی دووزامی لە زارادا دیاری داوە. هاوارێکی مەترسیدار لە سینگی بەتالّ دەکات و بە زار دەلّێت زووبە هەستە لە مالّ وەدەرکەوە، زارا بە پۆشەکاوی وەدەردەکەوی و پیرەمێریش دووسەت مێتر دوور تر لە وی بە دوایدا دەڕوات ئەوی بۆ حاشارگەی گولاّن ڕێنوێنی دەکات و پاشان کە بۆخۆی بۆ مالّ دەگەڕیتەوە چالّێکی قوولّ لە حەوشە هەلّدەقنێت، دەستە نوێنی زارا-ی بە دووداری سەرپانوودرێژ لە هۆدە فرێدەداتە دەروو لەو چالّەیان داوێت، خۆلّیان وەسەر دەکات و دایاندەپۆشێ. دارەکانیش لە تەنوورداوێ و دەسووتێنێ و هەتا چەند ڕۆژ دووری لە خەلّک دەکات .

لە بەشەکانی دوایی لێگێڕانەوە گومان دەوەدانییە کە مەسەلەی کاسکی دارین کە زارا بە وی ئاوخوارد بۆوە ئەگەر ڕاست بێت زۆر تر لە ئاقلّ نزیکترە، هەتا دوعاو تووک ونزای خاوەر.

ئەو کاسکیش بیگومان دۆزامەکان لە وێ لە بیریان چووە لێیان بەجێماوە. خولاسە ئەوهامان بینی کە زارا نەخۆشی "گول"ی گرت و جەماوەرێکی زۆر بۆ چارە ڕەشی وی فرمێسکیان ڕشتن، هەتا دەڵێن خاوەریش بۆی گریا.

لە مابەینی ئەو سەر دەمدا لە قادر خەبەرێک وەدەست نەهات وپیرەمێری قوڕبەسەریش لە خەمی ئەوە ئیدی ڕووی بینینی چاوەکانی بڕ لە گریانی کورەکەی نابێت دوایی چەند ڕۆژ نەخۆش کەوت ومرد.

حەوتووەک دوایی مردنی باوکی، قادر بە شەو خۆی گەیاندە گوندی 'حاجیاوە" بێئەوەی لە ڕوداوی مردنی باوکی هیچ ئاگادار بێت. بەو هۆیە کە گەیشتەوە دێ بەرەو ماڵ ڕۆیی و یەکجار بە کەیف بوو، مزگێنی بە دڵی دەدا کە باوکی و زارا پێکەوە دەبێنێت، مەزلووم شوانی ئاوارەو باشیلی زیدە لە دوو مانگ بوو لەو گوندانەی کە پەیوەندیان بە عەشایری جۆراجۆر هەیە دەگەڕا هەتا ئاغایەکی جوامێر بدۆزیتەوە، ئاغایەک کە ئەوو زارا-ی ئازیزی بەو رابردووی ڕەشی مرۆڤ کوژی، لە بن باڵی مردانەگی خۆیدا پەنا بدات و ئەوی لە شەڕی دوژمان ڕزگار کات. لە ئاکامدا جوامێرێک لە ئاغاکانی عەشایری مەنگور،لە یەکێک لە ئیلەکانی بەغێرەت وچاو نەترس و چاوپۆشی کورد بوو، ئەو قەولی بەویدا کە هەر لە گوندی خۆی بەشوانیشی وەرگرێ و ئەوی ئەوها لە ژێر سێبەری داکۆکی خۆی رابگرێت کە کەس نەتوانت بڵێت لە پشتی چاوی دوو برۆ هەیە. ئیستا قادر بە هیواو پشتیوانی ئەو قەولە موحکەمە گەڕابۆوە هەتا باوکی و زارای لەگەڵ خۆی هەڵگری وبۆناو عەشایری مەنگوور یانی بۆ گوندی داکۆکیکەری خۆی کۆچ کات.

قادر سەرەتا بۆ مالی باوکی پیری چوو و هەر چەند لە دەرکەی دا وڵامێکی نەبیست. هەستی پێکرد کە ماڵەکە چۆلە، هەر ئەو چۆلبوونەی ماڵ گەلێک فکری جۆراوجۆرو ناخۆشی لە مێشکی هاویشت. یەکەمین گیانلەبەرێکی کە بەر لە هەموان لە هاتنەوەی قادر ئاگاداربوو بەراز سەگی باوەفای بوو، کە لە رادەبەدەر خۆشحاڵ بووکە هێشتا هەر دەشەلی،بەراز لە بەرابەر ماڵی باوکی قادر درێژ ببوو سەری لە سەر دەستەکانی دانابوو. کاتێک چاوی بە خێوەکەی کە دومانگ بوو نەیدیبوو کەوت، ئەوها شای و خۆشی دەربڕی کە یەکجار لە قلبی قادر کارتێکەر بوو ئەوەندی فورسەت هەبوو سەگەکەی لاواندەوە.

لە وێرا بۆ ماڵی خۆی ڕۆیی و ئاچەرەکانی دەرگای لە ئامسیا وەرگرتەوە. چوو ژووری هۆدەی خۆی، هەموو شتی لە شوێنی خۆی بینی وکەمترین دەست تێوەردان و پەرژو بڵاوی لە رێکوپێکی و تەکۆزی ماڵەکەی وەبەر چاو نەهات. بەڵام قادر کاری بە هیچ کام لەو شتانە نەبوو ئەو دەیەویست بەر لە هەر شتێک زاراو باوکی بدۆزێتەوە و بزانێ ئەوان بۆ کوێ چوونە و هۆکار چ بووە ماڵیان چۆلکردوە.

هاوسیی قادر لە تەواوی ڕووداوەکانی کە لە پێواری قادر دا قەوما بوون بە تەواوی ئاگاداربوو،بەڵام بە ناخازا هیچی لەو شتانە پێنەگوت تەنیا بێخەبەری نەبێت،بەڵام نێورۆ کە خەڵکی دێ لە هاتنەوەی قادر ئاگادار بوون بۆ بینینی هاتن بوخچەی ڕووداوەکانیان بۆ کردەوە، و قادر هەموو شت حاڵیبوو. لە بیستنی خەبەری مردنی باوکی دەستی بە گریان کرد،بەڵام لە گوێ لێبوونی خەبەری دووزام بوونی زارا وەکوو زەبرێکی قورسی وەسەری کەوتبێت لە هۆش چوو وەهەرد کەوت. ئەم دوو موسیبەتە یان بەلای کتووپڕ دوو باری قورس بوون کە دەستی سروشت یان بە قەولی بازێکیان تۆڵەی خودا بوو کە لە وی کردەوە،باڵام قورسایی دووەم ئەو هەندە گران و لە تاقەت بەدەر بوو کە قادر گرانی یەکەمی هەندە هەست پێنەکرد.

شوانـی لاو جوانـچاک ئیدی بێئیقباڵ نامرادو بەخت ڕەش ببوو لە ژیوار هیواو ئومیدی پسیاو قەتیاو بڕیابوو. هەتا هەنووکە ئەو ئاپۆرەو ئەرکی گران و بەختڕەشی و تاڵاوخواردنەوە سەختـی و کۆڵە مەرگـی و ڕەنـج و کویرەوەری و دەردو مەینەت سەر کۆنەو توانـج لێدان و پڵارو قسەی بە تێکوڵ پێگوتران و لۆمەو ئازار کێشان گازندەیی و ئەو هەموو بێویژدانـی و مرۆڤ کوژی و دەمتەڕی و خۆ ڕێخەری و پێڕاموسـی قبووڵ کرد بوو، کە ڕۆژێک بتوانێت لە گەڵ زارا ژیان بکات و خۆی بێ هیچ پێشگرو لەمپەرێک لە پاڵ و قەراخ وی ببینێت،بەڵام هەزار داخ و ئۆف و ئەفسووس و مخابن کە ئیستا دەیبینـی بەختـی ناڵەبار فەلەکی بەد توخم و بەد زات و ناجنس لە گەڵ وی زوڵمێکی کردوەو لەمپەرێکـی ئەوهای لە سەر ڕێگای داناوە کە تێیپەڕین لەو لەمپەرە و لکان بە زارا ئیدی بۆی مومکین نییە.

قادر بێگومان لێی یەقین بوو کە هەر بەرەبەست و کۆسپەکی دیکە ئەوی لە زارا جیاو دوور کرد باوە،ئەو بە هێزی ئەڤین و ئیشق و دڵداری و موحیبەت دەیتوانـی ودەشیا ئەوی لە سەر ڕێگای خۆی وەلابات و هەڵگرێ،بەڵام لە گەڵ نەخۆشی گولی، دەتوانـی چ بکات؟ لیرە دا بوو کە قادر خۆی کزو لەڕو بێ هێز دەبینـی و هەتا بەو ڕادەیە کز و بیگیان و بێتاب و بێتابشت و بێتاقەت بێدەسەڵات و بێوزەو بێهێزو دەستنـەڕۆیشتوو کەلافە، هەتا بۆ دەردی مەندی و داماگ و بێتووش و وەستاوی خۆی گریا. ئەم تەگەرەو جڵەوگرو بەرسینگە لێبڕینەوە ئیدی ئەو کۆست وکۆسپ نەبوو بکرێ لە گەڵ وی کارێک بکرێت.

لێرە لکان بە ماشقە و مەحبووب و دلبەر وگراوی، تەنیا ڕێگایەکی هەبوو و بەس،ئەویش ئەمە بوو خۆی تووشی ئەو نەخۆشیە بکات،ئەوکات بە حوکمی زۆرەملی بەو بلکێت. بەڵام ئاخر چ ئاوەزێک حازر بوو ئەو کارە بکات! مەزلووم زۆری فکر لێکردەوە کە چ بکات و چ خۆڵێک وەسەر کات؟ سەرەتا کەوتە ئەو فکرە کە بە ژیانـی پڕ لە چەرمەسەری و کوێرەوەری خۆی دوایی بێنێت وئیدی ئەو هەموو ناخۆشخۆیی وناخۆش وچارەڕەشی نبینێت. وەسیلەی ئەوکارەشی لەبەردەست بوو، کە ئەو خەنجەری ڕووت وبیکالانـی زارا بوو کە قادر هێشتاش ئەوەی لەبن پشتبیندی ڕۆدەکردبوو. ئەمە بەس بوو کە لە گوشەوپەسیوەکی بێدەنگ لە بەر شوتکی دەرکیشێ و لە سینگـی خۆی راکات و ئەو پەروەندو دەوسییەی نەحس وشووم بۆ هەمێشە ببستێت. لە دوای کەمێک فکر لێکردنەوە لەو خەیاڵە پەژیوان بۆوە، زانـی کە خۆکوژی جگە لە بە سەردا سەپاندن لە بەرابەررووداوی دڵتەزێن شتێک نییە و لە ڕاستیدا نیشانە ئاخرین پلە کزی و ترسەنووکییە.

بڕیارەکانـی وی هەتا ئێستا لە سەر ئەم پلە بوو کە لەمپەری نێوان خۆی وزارا لە سەر ڕێگا وەلابات، ئێستا بە خۆکوژی ئەم کارە مومکین نەدەبوو،بەڵکوو لە جیاتـی لەمپەر خۆی هەڵدەگرت. یەکجار فکری کرد کە سەدی قایم و موحکەمـی قەڵشت تێنەبووی (دووزام)ی چلۆن دەتوانێت لە مابەین هەلگرێ، ئاقڵـی بە هیچ جێگایەک نەگەیی. شەوانە لەو بارەوە زۆری فکر دەکردەوەو زۆری فشار بۆ مێشکـی دێنا،هەتاشەوێک ئەو گرێپوچکەیەی بە شێوەیەکی سەیر کردەوە. لەم بارەوە فکری بەمە گەیی، کە ئەگەر نزێک بوون لە زارا بۆ خودی وی ناموکینە، چ باشتر لەمە کە خۆی لە زارا نزیک بکات،یانـی لە سیمی دوایین بدا،لە ناو خەڵکانـی ئاسایی کە زوربەی لە گەڵـی ببوون بە دوژمن هەڵێت و بۆ ناو "گولان" بڕوات.

ئەو فکرە شێتانە ئەوندە لە مێشکی دا گوراو بە هێز بوو کە بە راستـی بڕیاری گرت سبەی ڕیگای(کولیت)ی دووزامەکان بگرێتە پێش و بە لە ئامێز گرتن و ڕامووسانـی زارا،بچیتە ریزی وان.

لەوانە بوو هەمووخەڵکان بە ردێنی مرۆڤێکی ئەوها شێت پێبکەنن و کێژی جوانچاک بەهەر ڕادەش جندی و زریف و شلک و تەنک و نازک و لە بارو فرشتە رووبێ، دوایی تووش بوون بەو نەخۆشییە لایەقی ئەمەی نامێنیی کە هەتا لە دوورەوەش لیی برِوانن،ڕەنگە خودی قادریش بەرێ هەر ئەو ئاقیدەو بیرو باوەڕی هەبووبێت، بڵام ئەو سەر دەم کاتێک بوو کە ئەڤینی قادر بە زارا بۆ جوانی وهەستی خودا دای بوو مەسەلە ئەگەر بە شێوەیەک نوقسانییەک لەو جوانییەی کەم دەکردەوە بە ئەڤینداری قادریش وارد دەبوو،بەڵام ئەمرۆ کاری ئیشق و موحیبەت بەجۆرێکی سەر سوڕمان بەرز ببووە وشوانی خۆ دۆڕاو زارای تەنیا بۆ زارا بوون دەوبیست،ئێستا ئەو زارا-یەی گراوی وی بە هەر بیچم وپۆتەراک وتەحرو دیدارو دروشم و سەروسیماو دەموو چاو،کەسم و سەروسەکوت و قەڵافەت بوایە، هەر خەوش و غەوش و کەموو کورتی و غەور و کەمایەسی وبەزاقیت وبەلگە کە دەبوو لەبەرچاوی ئاشق گرنگ نەبوو، بۆ وی دولبەر هەر ئەو زارای جوان و خوێنشیرن بوو کە ئەو دەیەویست،ئیدی ئەو پەکی بەوە نەکەوتبوو کە گیانی لە پێناوی وی بەخت دەکات.

ئەو شەوەی کە قادر بریاری گرت بوو کە سبەی برِوات و بەزارا بلکێت،لەم بارەوە لە دەریای فکری پەریشان ووئاڵەدینی و وەرەزی و بێیکەیفی و خەم ودەرد نوقم ببوو دەرگای هۆدەی کراوە و خێزانی خاوەر وەژوورکەوت. ژنی مەزلووم بینتەنگ وپشوو سوار رێگایەکی زۆری بەغار دان وهەلێنکگدان بریبوو. دڵەکوتەی گرتبوو. قادر لە بینینی خاوەر کە ئەوها بێوەخت بەدوایدا هاتبوو ئەزنەک بوو داخۆرپا و هەستاوە. خاور بەو بۆچوونە مێردەکەی دەیەوێ برِوات بێ ئەوەی قسەیەکی دیکە بکات داوێنی گرت و بەپاڕانەوە گریان پێی گوت:

قادر بە خاتری خودای خۆت وەشارە! ئەلحان دێن براکانی من لە رێگەدان سوێندیان خواردوە کە تۆ بکوژن. ئاخر ئەتۆ باوکی مناڵاکانی منی، ئەمن نامهەوێ خوا نەخواستە سەدەمەو مزەرِەتێک بەتۆبگات.

قادر کە هەموو فکری لە لای زارا بوو، چ تێنەگەیی، وەکووکەسێک حاڵی نەبووبێت چیان بەوی گوتووە، بێدەنگ راوەستا بوو چاوی لەخاوەر دەکرد.

خاوەر کەکەمتەر خەمی و بێموبالاتی وی بینی، ناڕاحەت بووپێێ لەسەرقسەکە قرساندو گوتی: بە تۆ دەڵێم برۆقادر،کات لە دەست مەدە، ئەتۆ چەکت پێنییە هەتا لە خۆت دیفاع و بەرگری بکەی.ئێستا دەگەنێ! ها زووبە خۆت وەشێرە!

قادر وەردە وردە وەخۆ هاتەوە هەستی پێکرد مەترسیەکی گەورە یانی:مەترسی مەرگ لێی لە بۆسە دایە. مەزلووم شوان لە هەلوو مەرجێکدا قەراری گرتبوو کە دەیویست بە مەترسی مردن چ بایەخ دانەنێت،هەر لە وێ راوەستێ و لە گەڵ وان رِوو بەرِوو دەست بەیەخە بێت. پاشان وەبیرە خۆی هێناوە کە خۆی بەزارا بەخشیوە،کەوا بوو دەبێت زیندو بمێنێ هەتا بە وی بلکێت. ئەم فکرە ئەوی وەجۆلە خست،تەکانێکی لەخۆدا،بەڵام خاوەر زۆرتر لە وی نیگەران بوو دەستەکانی گرتن و بە کێشەکێشە بۆ هۆدەکەی تاریک کە لە پشتەوەی هۆدەی هەول هەڵکەوتبوو برد،پاشان گەراوەو دەرکەی گاڵە دا.

کەمێک دوایی دەرگەی دەرەوەی هۆدە بە توندی کراوەو براکانی خاوەر بە خەنجەری رِووت هاتنە ژوور،بەڵام لە جیاتی قادر خۆشکی خۆیان بینیی. هەر دووک سەر سام و واق ورِماو توورەو کەف لە

سەرزارو نێوچاوانیان غەزەبی لێدە باری چاویان لێکترکرد. یەک لەوان بۆ لای خاور غاری داو بە تووڕەیی دەنگی بەرز گوتی گوراندی ئەتۆ لێرە چ دەکەی؟ ئەو ناپیاوە لە کوێیە؟

قادری دەڵێی؟ ئەمنیش هاتبووم ئەوی ببینم،بەڵام تەنیا دەرکەی ماڵەکەی کراوە بوو،بێ ئەوەی لە خۆی خەبەرێک هەبێت،

ئەتۆ چ کارت بە قادر بوو؟

هاتبووم کە لە گەل وی سەبارەت بە مناڵەکانم قسە بکەم ولیی بخوازم کە تەکلیفیکی بۆ وان دیاری کات.

دوو برا جارێکی دیکە بێدەنگ بوون،لەو حاڵیدا چاویان لێکدە کرد. سەرەتا ویستیان بڕۆنە دەرو بە دوای کاریاندا برۆن،بەڵام پاشان پەژیوان بوونەوە. ئەو برایەی کە لەگەڵ خاوەری قسە کرد بوو گوتی: خوشکم ڕاست بڵێ! بەراستی چ خەبەرت نییە؟ ئاخر ئێمە هاتووین کە تۆڵەی تۆی لێ وەرگرین.

براگیان گوتم چ ئاگام لە وێ نییە،ئەمنیش بۆ کاری خۆم هاتبووم کە ئەوی ببینم، بە داخەوە ئەمنیش لە دیتنی بێبەش بووم،

ئەتۆ بە قورئان سوێند دەخۆی کە خەبەرت لە وی نییە؟

لەم قسەیە لەشی خاوەر کەوتە لەرزین. کوردێکی باوەر بە دین و ئیمان چەتوونە بە درۆ سوێند بە قورئان بخوات. خاوەر ئەگەر مەترسیەکەی گیانی خۆی بوایە و بە سوێند خواردن بە قورئان نەجاتی بوا، دەژوار بوو سوێند بە قورئان بخوات،بەڵام ئەو قادری زۆر لە خۆی خۆشتر دەویست و بۆ نەجاتی وی حازر بە هەر کارێکی بوو،هەر چەند بێخیر، ئەمە بوو کە دەست و جێ سوێندی خواردو گوتی: سوێند بە قورئان کە چ خەبەرێکم لە قادر نییە.

ئەو سوێندە بۆ براکانی خاوەر جێگای متمانە بوو،هەر دووک لێیان یەقین بوو کە خاوەر ڕاست دەکات،هەر دوومتمانەیان هەبوو کە مەزنتر سوێند،سوێند خواردن بە قورئان،بەڵێ،بە ڕاستی ئاقیدەی کوردێکی بەدێن و خوداناس و دەمار گرژ ئەمەیە.

خاوەرو کە براکانی لە ماڵی قادر وەدەرکەوتن و ڕۆین. لە دوایی ڕۆینی ئەوان، قادر وردە وردە تێگەیی کە گیانی کرپاوەتەوە. ئیستا دەتوانێت لە حاشارگا خۆی بێتە دەر. پشوەکی هەڵکێشاو سەر لە نوێ سەبارەت بە بڕیاری چەند چرکە پێشتری خۆی،بەفکر داچوو. هەر سبەی دەبوایە لەو ژیانەی سادەو ئاسایی وشیرینی خۆی- ئەگەر توانیبوایە ببێت- چاو پۆشی بکات بە دووزامەکان بلکێت،چ بکات؟ ئیدی نەیدەتوانی لە زارا دەست وەکێشێ،وبڕیاری گرتبوو.

لەو بەینە دا قادر جارێکی وەبیری ئەو خەوەی کەوتەوە کە لە پشت دیواری باغی(قەلای ڕەسو سێت) بینی بووی. کە لەوێ لە خەوی دیبوو کەلە ڕەخ دەریایەکی گەورە شەپۆلاوی ڕاوەستا بوو، زاراش لە ڕەخ وی بوو. زارا خۆی لەناو دەریای شەپۆلاوی هاویشت، قادریش بە دوای ویدا خۆی لە ئاودا، هەتا زارانەجات بدا،بەڵام هیچکامیان خۆیان پینەگەیندراوە سەرەوەی ئاو. لێرە تێگەیی کە خەونەکەی وەڕاست گەراوە،یانی زارا خۆی دە دەریای گولان هاویشتووە، و ئێستانۆرەی ئەوە بوو کە بە دوای زارا خۆی لەوگرداوە باوێژیت.

بەوەبیر هێنانەوەی ئەو خەوە بڕیاری قادر موحکەمتر بوو، دووێیی لەکەوشیک نا کە لەو بڕیارە چ شک و گومانێک بە خۆی ڕێگا نەدات. سبەی ڕۆژی دوای وەختێک لە خەو هەستاوە بێئەوەی لە گەڵ چ کەس قسە بکات یان مەسەلەکە بۆ کەس دەربڕی و بدرکێنێ کە مەبەستی چییە؟ ڕێگای کاولی دووزامەکانی گرتە پێش. کاتیک گەیە باخەکە لە دوور میگەلەی ئاودانی بینی و لە دوورەو لە گەڵ پەزەکان و هاقاڵ شوانەکەی ڕەحیم مالئاوی یەکجارەکی کرد،چاخێک کتوپڕ ئاوری وەپشتەوە داوە بەرازی بینی کە لێرەش بەرەهەڵای نەکردوە وهەروا بەدوایدا دێ. بەهەزار زەحمەت بەرازی گێڕاوەو بۆخۆی بۆ ناو مێشەکان چوو،لە ئاکامدا سەرکەوتووبوو کە یەکجارەکی خۆی لە سەگەکەی وەشێریت.

سەرئانجام خۆی گەیاندە نزێک شوێنی دۆزامەکان و زارای بینی کە لەبن دیواری دانیشت بوو،ناسی.

بانگی کرد: زارا!

زارا چاوی لە ڕووبەڕوی خۆی کرد بە سەر سوڕمانەو قادر بینی . لە دیتنی شوانی چارەڕەش کە بەێیی خۆی  بۆ وڵاتی بەخت ڕەشان هاتووە، هەتاخۆی زۆرتر بەدبەخت بکات، شەلەژاو داخورپا و هەموو لەشی وە لەرزین کەوت. نارەتەی کێشاو هاواری کرد بگەرێوە بگەرێوە بڕۆ،بەڵام کوا گوێچکەی گوێبیسی!!... مەجبوور لەجیی خۆی هەستا و هەڵات هەتا قادر لەگەڵ وی پەیوەندی نەگرێ خۆی لێنەدا. کاتێک بینی کە قادریش وەدوای کەوتووە دەیهەوێ بگێرێ دەستی بەپاڕانەوەکرد وگوتی:

قادر بە خاتری خودای لە من دوور کەوە. ئیدی کار لە کار تێپەڕیوە ئیدی ناتوانی ئەو لەمپەڕی لە نێوان هەڵگری. لێم دوور بە،دەنا ئەتۆش گوڵ دەبی.

قادر گوێی نەدایە و زارای لە باوەش گرت. ئیدی هەمووشت تەواو بوو. لەوچرکە بەدوا یەکی دیکەش بەو گروپەی دووزامان زیدەببوو.

باڵێ،قادر لەئاکامدا جلی کردەوەی لە بەر بڕیاری خۆی کرد وخۆی گەیاندەزارا گولی خۆشەویستی بەڵێ نەخۆشی گولێش نەیتوانێ ببێتە لەمپەری نیوانیان وئەو لەمپەریشی هەڵگرت.

دوو ڕۆژ دوایی کاتێک خاوەر بۆ ماڵی قادر هات،ئەوی نەدیت،وای فکر کرد کە شووەکەی لە دەستی وی لەترسی براکانی هەڵاتووە.

مەزلووم خاوەر،تەنیا یادگاری کە لە قادری هەبوو وتوانی لەلای خۆی ڕابگرێ وئاگاداریان بکات دوو منداڵی نازنین بوون  و ئەو دوە هەموو ڕۆژێ قادریان وەبیر دێناوە. لە ڕۆژەکانی دوایی یادگاریەکی دیکەش لە قادری بەو دووە زیدە بوو. و ئەو سەگی باوەفای قادر یانی "بەراز" بوو

خاوەر بە هۆی خۆشەویستەکی زۆر کە بە مێردکەی هەبوو و دەیزانی کە ئەو سەگەکەی زۆر خۆشدەوێ،بەرازی بۆ ماڵی خۆی برد و لە وی وەکوو یادگاریەک بە نرخ لە دەروانی شوانی قادر زۆر باش پێی ڕادەگەیی.

خاوەر هەموو ڕۆژێ نانێکی گەورەی  بۆ "بەراز" لە تەنووردراویشت. ڕووی ویشی بە ڕۆن چەور دەکردو بە بەرازی دەدا کە برسی نەبێت،بەڵام سەیر مابوو کە بۆچ بەو هەموو ئاگادارییە "بەراز" ڕۆژ لە ڕۆژ کز تر

دەبێت. ڕۆژێکی بریاری گرت بۆ خۆی کاتی نان دان بە دوایدابچی و هەتا هۆکارەکەی بزانێت. بەو بڕیارە وەختێک نانی دایە ئاگادار بوو هەتا بزانیت دیخوات یان نا،بەراز نانی هەڵگرت و لە ماڵ وەدەر کەوت،خاوەر بە دوایدا چوو،سەگی بە وەفا ڕێگای مێشەلانی دەرەوەی گوندی گرتە بەر،دوایی لەو ڕێگای لادا، ڕوووی لە "کوڵیتی گولان" کرد. خاوەریش هەتا وێی لە گەڵ چوو. بینی کە بەراز نانەکەی لە نزێکی "کۆختەکە" لە سەر هەرد دانا. خاوەر وای بۆ چوو کە ئەم خۆبەخت کردنەی بەراز، سەبارەت بە زارایە،و نانی بۆ وی هێناوە. بەلام وەختیک هێندیک چوو پێشتر هەتابزانێت چ کەسێک نانەکە هەڵدەگرێتەوە،چاوی بە قادر کەوت حالاتێکی ئەوهای بۆ دەست دا کە بێگومان ئەگەر بە هۆی منالەکانی نەبوایە خۆی دەکوشت،مەزلووم نزیک بوو بێهۆش بکەویتە سەر هەرد، بەلام کاتێک پایەی ئەوڤینداری قادری بە "زارا" هەتا ئەو ڕادە موحکەم بینی، تێگەیی کە بەڕاستی ئاوەز لە بەرامبەر ئەوین بێهێزوکزو بێ قودرەتە ،هەتائەو جێگایە ئەوپیاوە نەخۆشی "گولێشی" بە هۆی ئەوین بە گیان و دڵ کڕیوە،وجودی خۆی لەو بینەدا بە شتێکی بە زیادی و ناپێویست بینی و بە ئافەرین و سەرسوڕمان بۆماڵ گەڕایەوە.

چەند ڕۆژ دوایی،خاوەر لە گەڵ هەر دوو منالی لە حاجی ئاوا ڕویبوو،و هیچ کەس نەیزانی کە بۆ کوێ چوو!

تەوابوو:

بە١٣ ڕۆژ تەوا بوو

ڕیکەوت 2013-08-18 ی زایینی.